
بەرهەم ۷

گۆڤاری فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی
ساڵی ۵ ژمارە ۷ بەهاری ۱۳۹۳ی هەتاوی



خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی "دوورە دەراوی سوورە چۆم
هیوا و مەترسییەکانی شێعری مۆدێرن
چیرۆکی: هیوا قارەمانی، کوردستان گولابی‌ئازەر و...
شێعری: پێژمان ئیسماعیل نیژاد، سالار ڕاهەوی، قادر نیازی و...
وەرگێڕانی: غەفوور پیرزادە، کەیوان مەولوودزادە، هەرمان وەتمانی و...





بەرهەم ۷

گۆڤاری فەرهەنگی و هـــونەری ئەدەبی
ساڵی ۵ ژمارە ۷ بەهاری ۱۳۹۳ی هەتاوی

دەستەی نووسەران:

مریـەم قـازی ـ هەرمـان وەتـمانی ـ شەویار گولابی ئازەر

سەرووتار.....۲
خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی "دووەم دەراوی سوورە چۆم"ی مەنسوور حامیدی ـ مریەم قازی.....۳
هیوا و مەترسییەکانی شێعری مۆدێرن ـ بابەک سەحرانەوەرد.....۱۰
سەرچاوە و ڕیشەی مێژوویی پەندی ((بزنی ئەخفەش)) ـ سامان خزری.....۱٤
ژانەکانی پایزە برایەکی باوکم ـ هیوا قارەمانی.....۱۷
دێمەوە ـ زێنەب بابایی.....۲۱
لێرە ڕووداوەکان لە ڕۆژنامەدا دەخوولّقێن ـ کوردستان گولابی ئازەر.....۲۲
لەوبەری ئاوێنەکان ـ چرۆ.....۲٤
ئارەزووەکان ـ سەیران چووپان.....۲۵
شێعری: پێژمان ئیسماعیل نیژاد/سالار ڕاهەوی/ ساهی و هتد.....۲۸
وەرگێڕانی مەمەدی ڕەفیق شامی ـ غەفوور پیرزادە.....۳۹
وەرگێڕانی پیاوی نابینای کێیت چاپین ـ کەیوان مەولوودزادە.....٤۱
وەرگێڕانی ئەترسم پاش مەرگیشم.../ محەممەد مستەفازادە.....٤۳
وەرگێڕانی شێعری ئەمرۆی ئەفغانستان ـ هەرمان وەتمانی.....٤۵
ئاماری ساڵانە.....٤۷

بەرهەم گۆڤاری ناوخۆیی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد ئامادەی وەرگرتنی ڕەخنە و پێشنیارەکانی ئێوەیە، هەروەها دەتوانن بۆ ناردنی بابەت پێوەندیمان پێوە بکەن.

Edebi.meh@gmail.com
Edebi-meh.blogfa.com

هەرچـــی ئەم گۆڤـــارە چاپـــــــی دەکا حوکم نییە ئاوێنەی بیروڕای بەڕێوەبەرانی بێ بابەتەکان دێنە سەر ڕێنووسی گۆڤاری بەرهەم

سەروتار



"ئەدەب و هونەر ئامانجیان گەیشتن نییە بە حەقیقەتێک، بەڵکوو خۆشەویستییە، دروستکردنی جوانترین شێوەی پەیوەندیکردنی مرۆڤانەیە و لە هەمان کاتدا وشیارکەرەوەیە ".

لەم جەغزی بێوێستەگەیەدا، ئەدەب دەلاقەیەکی پەرتەوازەیە لە سووراوی لاپەڕەیەکی ئاخنراوی بیر و هزر و خەیاڵدا، بێشکەی تارمایییەکە دەکرێ دەستە سپییەکانی بکاتە چڵی گەڵای بووژانەوە و باوەش بە ئەستێرە و فڕیندا بکات. هەر لەم ڕۆچنەیەوە دەست بنێتە باڵی مرۆڤایەتی و گەواڵەیەک لە دنیای هەتاهەتاییدا و گڕووی هەنگاوەکانی بگرێ، ئینجا لە ژیانی تاکی مرۆڤانەدا دەرفەتێک بەدی بهێنێ بۆ کرانەوەی سووچێک لە پیاڕسکەی وزەی بێکۆتایی و مرۆڤایەتی...

هەروەها گەلێک چەندە ئاستی وشیاری کلتووری - فەرهەنگی فراوان بێ، ئەوەندەش پێویستی بە کاری پسپۆڕانە و شاز هەیە و ئەگەر باوەڕمان بە هزر و هۆشیاری خۆمان هەبێ پێمان وایە کاتی ئەوە هاتووە لایەنە جوانیناسەکانی ئەدەبیات بەگشتی و ژانرەکانی هونەر و شێعر و چیرۆک بەتایبەتی شەنوکەو بکرێن و لە بووژانەوەدا بگەنە ئاستی بەفراژۆبوون. نووسینەوە بەگشتی و هۆنینەوە بەتایبەتی، هەڵسوکەوتێکە لە بەرامبەر کەمایەتییەکان و نوقسانەکانی ژیاندا، قەرەبووکردنەوەی خەساری کەم بیریی‌یە، حەولێکە بۆ بەخشینی چێژێکی تایبەت و لە هەمان کاتیشدا وشیارکەرەوەیە، تەقەللایەکە بۆ داگیرساندنی گڵۆپێکی ڕووناک بە سەر هەر دەرفەتێکی نوێدا کە ناوی پەیوەندی و ژیان و ژیانەوەیە!

بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بەپێی هزرمەندی و هوشیاری نەتەوایەتی نیشانی داوە کە نە تەنیا مەڵبەندی پەیوەندییەکانە بەڵکوو بەردەوام لە هەوڵی داگیرساندنی گڵۆپی ڕووناکی بەسەر دەرفەتە نوێیەکاندا بووە و لە هیچ پەیوەندییەکی بەرژەوەندیخواز لە پێناو گەشەونەشەی ئەدەب، زمان، فەرهەنگ و کلتووردا لای نەداوە و تەنانەت بەردەوام لە بەرەو پێشوازی ئەم هەنگاوەدا بووە، تاڕادەیەکیش گەیاندوویانەتە سەرئەنجامی باڵاکێشان و ئاستی تەشەنەکردن، لەم ئاستەدا بەردەوامی بەهاناهاتن و دڵگەرمی و پێشوازیکردنی خەڵکی ئەدەبدۆست و فەرهەنگپەروەری شار و دەوروبەر بۆتە هۆی گرفەداربوونی ئەم گڵۆپە. کەواتە هیوا دەخوازین بنکە ئەم چراسەوزە بە هەلێکی زێڕین وەربگرێ لە پێناو درێژە پێدان بە هەوڵ وتێکۆشانی بێوچانتر و ئامانجی گەیشتن بە ئارمانەکانی خۆی بۆ گەشاندن و نەشاندنی وێژە و هونەر....

شەویار گولابی‌ئازەر

خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی "دووڕە دەراوی سوورە چۆم"ی مەنسوور حامیدی

مریەم قازی



ڕێئال لە ژێر کاریگەری سیستمی حاکمی زاڵ، پاوەجێی داسەپێنراوی هەیە بە چییەتی عەینییەت مەبناوە:

١ـ پێڕەنگێکی ڕێکوپێک و خۆشقەوارە بە دەستپێک و ناوەند و کۆتایی دیاریکراو بە یارمەتی چەند توخمی سەرەکی وەک: کێشەی کەسایەتییەکان لە جەنگەی ڕووداوێکی دیاریکراو. تەعلیقی پەلکێشکەر بۆ چۆنییەتی ئەم ململانییە و گەیشتن بە ترۆپک و سەرئەنجام بە کۆنیشی کەوتوو، چۆنییەتی کۆتایی پێهاتن. لەو بەشەدا پەیوەندی هۆک و بەرهۆک بۆ ڕوونبوونەوەی ئەنگێزەی کەسایەتییەکان باس دەکرێ و هیچ گرێوگۆڵێک نامێنێ.

٢ ـ کەسایەتی و کەسایەتی داڕشتنەوە: چونکە لە چیرۆکی ڕێئالدا باس لە چاکەوخراپە، شەڕوخێر، جوانیوناحەزی و دوو هەزار دیاردەی دژ بە یەکە و زۆرتر دانای کۆل لایەنگری کەسایەتی پۆزیتیڤ و باشە، بە شێوەیەکی قەتعی کەسایەتی خێرخواز بە دەردی خەڵکی ئاشنایە ـ بەو پەڕی مرۆڤایەتییەوە سیاسیکارە ـ لە سەر شانۆ، لە بەر چاوی خوێنەر دایمە خەریکی وتوونێژ لەگەڵ خەڵکە، ئارمانگەرایە ــ لە خۆ بە شەو حوزوورێکی هەستپێکراوی هەیە. کەوابوو قارەمانەکە بە شێوەی بێکەمایەتی باشە و بەپێچەوانەوە کە ڕووبەڕووی ئەو دژ بە قارەمانێک حوزووری هەیە کە ئەویش بە شێوەیەکی تەواو خراپە.

٣ـ باس لە ڕووداوە عەینییەکان کە لە دەرەوەی کەسایەتی ڕاوەستاوە، زۆر گرینگە .

٤ـ هەمووی ئەوانە پێویستی بە پسپۆرێک لە ڕەوایەتدا بە نێوی دانای کۆل هەیە.

٥ ـ لە بەرانبەر دانای کۆل ـ بەردەنگی تەریقەوەبوو و هیچ نەزان کە لە دوایەدا ڕوون بێتەوە.

ماکی شک و گومان ــ پرسیار و سەرلێشێواوی بەو پەڕی لە گۆڕێیە و چارەنووسی ڕەوایەت دیاری دەکەن. واتە لە ڕێئال قەتعیەتێکی باوەڕپێکراو، بە بەردەنگێکی تەسلیم و تەریقەوەبوو حوزووریان هەیە. لە مودێرنداشک و گومان هەموو قەتعیەتەکان دەباتە ژێر پرسیار و ڕووبەر بە کار و بکەری بەڕەوڕووی دەیان پرسیار و وە شکەکەوتن دێ، کە لە دەرەوەی چیرۆک لێیان دەگەڕێ. ڕوحی مودێرن شۆڕشێکە لە دژی زۆرەملی و ملهوڕی قەتعییەتباوەڕ جەمعییەکان و لە جیات ئەو ڕوحێکی پرسیارکەر و یاغی بۆ گەیشتن بە زۆر حەقیقەتی تاک و مرۆڤی مۆدێرن بەپێی مافێکی کە بۆ خۆی ناساندووە و دیاری کردووە، ئیزن نادا، دانای کۆل هەموو شتێکی پێداسەپێنێ و لە کۆتاییدا لە جیات ئەوەش دادوەری بکا و بە هەمان ڕادە کە بۆ خۆی ناماف دیاری دەکا بۆ ئەوانی دیکەش ڕێز دادەنێ. واتە ڕوحی دیمۆکراسی. کەوابوو زاویەی دیدیش لە پاوانکاری کەسایەتی یەکەم کەسدا نامێنێ و زۆر جار زاویەی دید لە یەکەم کەس بۆ دووهەم کەس و سێهەم کەس ڕاوەستاو دەست پێدەکا بۆ ئەوەی تووشی مێحوەرییەت نەبێ و نامسۆگەری و یەک دەستنەبوون جێگای شێوەی پێش بگرێتەوە.

کەوابوو بەگشتی شێوەی جیهانی مودێرن، شێوەی چێژوەرگرتن لە ڕەوایەتیش وەک هەموو بەشەکانی دیکە تووشی گۆڕان دەکا و حاشیە دێتە غەیری مەتن و مەتن دەڕواتە نێو حاشیە ـ کەسایەتی ڕەنگ بە ڕەنگ و جۆراوجۆر دەور دەگێڕن.

مـۆدێرن لە ژێـر کـاریگەری سیستمێکی فێـدرالّ و دێمـۆکراتدا و بە هـۆی زۆر زانستی وەک پەوانکـاوی بە مـاهییەتی عەینیـیەت مەبناوە:

١ـ پـاوەجێی و یەکپـارچەیی پێڕەنـگ تێـک دەچـێ بەهـۆی سـرنجی نووسـەر بە کـاریگەری ڕووداوەکـان لە سـەر زەینـی مـرۆڤ و ناکۆجێی زەین و نابەسامانی ئەو، شتێک بە نێوی دەستپێک و ناوەند و کۆتایی نـامێنێ و هەمـوو یەکپـارچەیی پێشـووی ڕێئـال تووشی ئاڵۆزی و بێنزمی دەبێ کە زۆر جـار ڕووبەڕوو بە دەیـان پرسـیار و سەرلێشـێواوی چیـرۆک تەواو دەکـا. واتە دیـار نیـیە ڕووداوەکان لە کوێیەوە سەرچاوە دەگرن و چۆن تەواو دەبێ؟

٢ـ دانـای کـۆل جێگـای خـۆی دەدا بە پرسـیارکەرێکی کە ئاگـای لە زۆر شـت نیـیە و دایـمە حـەول دەدا لە کێشـەی دەروونـی و زەینی خۆیدا گەڕانەوە بکـا بە ڕابـردوو و بیرەوەریـیەکـانی و سـەرەداوی ڕووداوەکـان ببینێتـەوە و تەنـانەت خـوێنەریش دەرگیـر دەکا.

٣ ـ کەوابوو کەسایەتی داڕشـتنەوە بەگشـتی دەگەڵ کەسـایەتی ڕێئـال جیـاوازی هەیە واتە: دەروونگەرایە ـ بە تەنیـایە ـ شـک و گومـانی هەیە ـ لە وڵامێـک بـۆ ئێسـتا دەگەڕێ ـ ئاڕمـانگەرا نیـیە ـ داوەری قەبـووڵ ناکـا و داوەری ناکـا و بـۆ خـۆی، ئیـدیکە دەرگیر دەکا و تاقانە ..... نییە. ئولگوویەک دەگـرێتە بەر کە دەگەڵ شـێوەی دەوروبەرییەکـانی سـازگار نیـیە. واتە ڕێکخـراوە بـزووتنەوەی گشـتی ـ بەرەنگـاری وەک پێشـوو ـ لە خۆبـوردوویی هەمـوو وەلا دەنـدرێ. کەسـایەتی مـۆدێرن تەنـانەت دەگەڵ خۆیشی هەست بە بێگانەبوون دەکا.

٤ـ خوێنەر دێتە پێش، لە بێجموجۆڵی ڕەزگاری دێ و ئەویش وەدوای وڵامی پرسیار و دەرگیری ئاڵۆزی نێو چیرۆک دەبێت.

واتە خوێنەریش دەبێتە یەکێک لە کەسایەتی چیرۆکەکە!

"دووڕە دەڕاوی سوورە چۆم"

کاتێک لە دەیەکـانی ١٣٤٠ هەتـا ١٣٥٠ کۆمەڵێـک چیرۆکـی کـورت دەنووسـرانەوە کە لە شـێوازی نووسـینەوە و داڕشـتنەوە چ لە بـواری تەکنیـک و فـۆرم و چ لە بـواری دەروونمـایە و نـاوەرۆک تەواو لە ژێـر کـاریگەری شـێوازی ڕێئـالیزمدا بـوو، پیشـتـر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەم پرسیارە هاتبووە گۆڕێ کە واقیعیەن چییە؟ ئەوەش بە مانـای سـەر لە نـوێ هێنـانە ئـارای ئەم پرسیارە بۆ ئەوە بوو کە وڵامی ڕێئالیستەکان لە وڵامی ئەم پرسـیارە سـەرەکییەدا بەرنە ژێـر پرسـیار. لە ڕاسـتیدا سـەرهەڵدانی بە دەیـان شـێواز و سـەبک لە ئەدەبیـاتدا و هەروەهـا بە دەیـان مەکتەبـی فەلسـەفی لە مـاوەی مێـژوودا هەر لە وڵامـی ئەم پرسیارەدا پێک هاتوون. کە هەر کام وڵامی تایبەت بە خۆیان لە وڵامی ئەم پرسیارەدا بە دەستەوە داوە.

ئێران بەگشتی و کوردستانیش تا ڕادەیەک بەتایبەتی لە ژێـر کـاریگەری ئەم هەلومەرجەدا بـوون. لە دوای تێپەڕکردنـی دەورانـی زێڕینی ڕێئالیزم چیرۆکە کورتەکـانی وڵات وردە وردە جێگایـان بەم شـێوازە لەق کـرد، لە دوای چیرۆکەکـانی حەسـەنی قزڵـجـی و مامۆسـتا حەسـەنیانی تـاقمێکی تـر لە سـەرەتای دەیەکـانی ١٣٦٠ شـێوەی مـۆدێرن لە بەرهەمـی نووسـەرانی ئێـراندا بـوو بە شێوازی زاڵ لە نووسینـدا، ناوەندەکانی فەرهەنگی و ئەدەبی و هەروەها چەنـد گۆڤـارێکی کـوردی کە لە نـاوچەدا وەک "ئـاوێنە و سروە" یەکێک لەم هۆکـارە سـەرەکییەکانە بـوون کە نووسـین و گەشـەی زمـانی کـوردی لە بـابەتە ئەدەبییەکـان و یەکێـک لەوان واتە کورتە چیرۆکدا، دەور بگێـڕن. سـەرهەڵدانی دیـاردەی مۆدێرنیسـم بـوو بە هـۆی ئەوە کە لە لایەکـڕا تکنیکـی نووسـەرەکان لـووڵدراوتر بێـت و لە لایەکـی دیـکەشـڕا دەرفەت و مەجـالی ئەوە پەیـدا بـکەن کە بـابەتی نـوێ بهـاروەژێنن کە تـا بەر لە سـەرهەڵدانی مـۆدێرنیتە بە هـۆی بارودۆخەکـانی سـنووردار و دیـاریکراو لە شـێوازی ڕێئالیسـمدا دەسـتی نەدەدا، مۆدێرنیسـم لە جەرگەی کەمایەسـی و بێدەرەتانیەکـانی ڕێئالیسـمدا سـەری هەڵـداوە بـۆ ئەوەی ڕوانـگە و ڕوانینـی نووسـەران بەربلاوتـر بکـا و دنیـای ڕۆمـان و چیرۆکـی کـورت واوەتـر بـڕوات لە دنیـای سـنووردار و یەک لایەنـی ڕێئالیسـم. وردە وردە سـرنجی نووسـەران لە

هەژاری گشتی و گرفتە هاوبەشەکانی کۆمەڵایەتی، خەبات و چالاکی سیاسی و شێڵگیرانە بکەوێتە سەر پەیوەندییەکانی نێوان تاک و کێشە و گرفتەکانی زەینی خۆی لە پەیوەندیی و کاریگەری پووداوەکانی دنیای دەوروبەر بە سەر تاکدا.

مۆدێرنیستەکان، ژێرخانی بزووتنەوەی ڕێئالیسمیان دەگەڵ چەند قەیران و کێشەوبەرەی گەورە بەرەوڕوو کردەوە کە یەکێک لە گرینگترینی ئەوان، دیاریکردنی جیاوازی نێوان ڕواڵەت و هەندەروون بوو، واتە لە کاتێکدا ڕێئالیستەکان پێیان وابوو کە واقیعیەت بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی کە بە چاو دەبیندرێ بەتایبەت لایەنی دڵتەزێنی وەک هەژاری و نەخۆشی و جیاوازی و مەودای چینایەتی کە هەموو دەبیندرێن و هەستیان پێدەکرێ. بەڵام ئەم پرسیارە سەرەکییە کە داخوا ناکرێ ئەم واقیعیەتانە باس بکەین کە نابیندرێ لە کاتێکدا لەوانەیە .....گرینگتر بن لەو شتەی کە بە چاو دەبیندرێن؟

واتە پێویستبوونی سەرقاڵبوون لە ژیانی شاراوەی دەروونی تاک، هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی مۆدێرنیتەیە.


لە ڕێئالیسمدا واقیعیەت بۆ هەمووان وەک یەک و تاک لە بەر چاو دەگیرا. ڕۆمان و چیرۆک دەبوایە ئاوێنەیەکی بێگەرد بن بۆ نیشاندانی ئەم ڕاستییەگەرانەیە. بەڵام مۆدێرنیتەکان دوای ئەوەی سەلماندیان لە زەینی کەسایەتیەکاندا نە ئەوەشیان پێسەلمێندرا کە لە وەها کاتێکدا ڕاستیەکان قایم بە تاک و بەربڵاوتر دەبن و لە ڕوانگەی هەر کەسێکەوە جۆرێک خۆی بە دەستەوە دەدا و ڕۆمان و چیرۆک پێویستە ئەم چەند دەنگی و کاردانەوە جیاوازانە ئاشکرا بکەن. واتە بزووتنەوەیەک لە ڕواڵەتی یەکپارچەیی بەرەو ناخی چەند پارچەیی دیاردەکان کە شوێنی سەرهەڵدانەکەی زەینی تاکەکانە.

دووهەمین خستنە بن باری کێشەوبەرەیەکی گەورە کە ئا لێرەوە دەست پێدەکا: هیچ هەڵگرتنەوەیەکی زەینی ناتوانێ، تەواو عەینی بێت و هەموو تێگەیشتنێک بە ناچار ناوەڕۆکێکی زەینییەت مەبنایی هەیە. ڕێئالیستەکان وەک دووربینێکی وێنەگرتن، ئەوانەی دەبیندرا، دەیان درکاندەوە، هەر چەند لەو بەشەش بە جێکردنەوەی بابەتێکی تایبەت لە چوارچێوە و کادری دووربین و نووسراوەدا، بمانهەوێ و نەمانهەوێ چەشنێک هەڵبژاردنی گردوکۆیەکی دیاریکراو بەرچاو دەکەوێت و بۆی نییە تەنانەت بتوانن هەموو ئەو شتانەی بە چاو دەبیندرێ، بگێڕنەوە واتە هیچ گێڕانەوەیەک نەیتوانیوە تا ئێستا بەتەواوی لە زەینیگەرایی بێبەری بووبێت و هەموو جارێ کە ڕاوییەتگەری ڕێئالیست تەما دەگرێ بابەتێکی دیاریکراو لە نووسراوەکەیدا بهاروژێنێ لە ڕاستیدا لە هەمان کاتیشدا تەمای ئەوەی گرتووە کە چ بابەتێکیش باس نەکات و پەیوەندییەکی دیالکتیکی نێوان ئەو دووانە ساز دەبێت و هەروەها کورتی ببڕێتەوە کە سەرئەنجام زەین، وەرگرێکی بەرکار و بە لاوەیی پووداوەکانی جیهانی دەرەوە نییە. بەڵکوو ناوەڕۆکێکی تر و خەللاقی هەیە کە لەودا بزووتنەوە و چالاکییەکی ماناسازانە ڕووی دەدا و چوارچێوەیەکی واقعیەت پێک دێنێ. کەوابوو داڕشتنەوەی ڕێک وەک خۆی ڕاستییەکان و وەفاداری بەم داڕشتنەوەیە لە کردەوەدا دەست نادات...

بەم پێشەکییە دەمانهەوێ لە ڕۆمانی "دووەم دەراوی سوورەچۆم" لە نووسراوەی کاک حامیدی مەنسووری وەژوور کەوین، ئەم ڕۆمانەش هەوڵ دەدات کە باس لە تێکهەڵچوونی نێوان زەینییەتی کەسایەتییەکان و ڕواڵەتی دەوروبەرییان بکات و هەروەها دەرخستنی جیاوازی نێوان ڕواڵەت و هەندەروون لەم پێیەدا. سەرەتا ڕووبەرگی ڕۆمان بە نەوارێکی پسپس و ئاڵۆز و وێنەیەکی کۆن و ئەم تایبەتمەندییەیە بەرچاوە، هانمان دەدات کە ئەم ڕۆمانە وەک ڕۆمانێکی نوێ وەربگرین کە پلەپلە و جێجێ هەندێ تایبەتمەندی ڕۆمانی مۆدێرنیشی پێوە دیار بێت. ئەم ڕۆمانە تایبەتمەندییە قەتیسماوەکانی ڕێئالیستەکان دەبەزێنێ و بە شێوەیەکی مۆدێرن دەپڕژێتە سەر زەینییەتی تاک لە ناوچەیەکی تایبەتدار و ڕۆمان بەتەواوی بومی کراوە. ولاّمدانەوە بەم پرسیارە لە بڕی پووداوەکان و ئاکارەکانمان، لە پشت دەمامکی هەمووی ئێمەدا، چ شتێک ڕاوەستاوە؟ چ کەسێک بە چ زەینییەتێکەوە دەژی کە لەوانەیە تەواو جیاوازی هەبێ لەگەڵ ئەو شتەی بە ڕواڵەت دەبیندرێ. کەڵکەڵەی سەرەکی ئەم ڕۆمانەیە و حەول دەدا دەمامکی ئەم ڕوخسارە ڕواڵەتیانە لادا و بیڕێژێتە سەر واقیعە شاراوەکانی دەروون و زەینییەتی کەسایەتییەکانی. بە سرنجدان بە بەشێک لەو ڕۆمانە دووهەمین تایبەتمەندی ڕۆمانێکی مۆدێرن دەردەکەوێ کە

ئەویش بریتییە لە فرەواتایی و قایم بە تاک، بردنی واقیعەکان و ئەوە کە هەستۆکی تاکەکان جیاوازی هەیە و لە سەر ڕووداوێک بە دەیان هەڵگرتنەوەی جیاواز دێتە ئاراوە؛ "پێت وایە نابەدڵ کەوتمە شوێنێ؟ ئەو دەمیش منداڵ ببوومەوە. منداڵ منداڵ، تەژی لە هەراوهووریا و گەمە و کایە. هەر کە دەرگای حەوشەی ماڵێم لە پشت سەرمەوە پێک دادا بە کەفلەکوتێک ئەوی بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ دایکم و بابم دەگوێیان داخنیم بۆ عاقڵبوون و بە ئەدەببوون و پاکوخاوێنبوون و کوڕی چاکبوون تا خودا منی خۆش بوێت و خەڵکیش ئەوان هەموویانم یەکجێ لە کۆڵ خۆم دەکردەوە، گاڵۆشە تڕکەنە جیلەکانم لە پێ دادەکەند بە داوە قەیتانێک لە ملی خۆمەوە هەڵداوەسی بە پێی پەتی خۆم داویشتە ئامێزی گەرم و پڕ لە تەپوتۆزی کۆڵان. بەلاقان خۆڵە پۆتینەی کۆڵانم دەکوتا تا هەورێک لە تۆزوخۆڵ منی لە خۆیدا وەشاردەوە تەنیا دەنگی تریقانەوەی سەرخۆشانەی من بوو کە وەدیاری دەخستم. حاجی ژن هەموو جارێ لە بەر هەیوانێ ڕایەک بە خۆی دەیقیژاند:

ـ ڕەبی خودا دەوامی عەمرت نەدا کوڕە ئەو تەپوتۆزەمان بۆ وەسەر دەگێڕی؟ عەوڵا کوڕە عەوڵا بگە سەری، ئەو هەتیوە بگرە، کوێری کردین". وەک ئاکاری لە ئەم چەند پستەیەدا ڕەنگدانەوەی دایک، باب، دەروجیران و بایە ..... ئەوان، لە سەر تاک و زەینییەتی ئەودا باس دەکات، کە لە تەپوتۆزێکی دەستکرددا هەموو ئەوانە لە زەینییەتی کەسایەتیدا تەرازوو دەکەنەوە و بە چەواشە دەکێشرێ و هەمووی وەلادەنێ.



نووسەر بۆ وەدەرخستنی تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانێکی مۆدێرن لە تەکنیک و شێوەی گونجاو و شیاو کەڵک وەردەگرێ و لە دوای دیاردە و ڕووداوەکانی ڕوونی دنیای دەرەوە دەپڕژێتە سەر کاریگەری ئەم بەشانە و سەر زەینییەتی تاریک و نادیاری کەسایەتی لە چۆنییەتی حەمامکردندا، ئەم بەشە تا ڕادەیەک بە کردەوە دەکات.

((بڕوام پێبکەن سەعاتونیوێک کەمترین زەمانێک بوو کە ژنێکی گورجوگۆڵ پێویستی بوو. تەمبەڵەکان بۆ خۆتان حیسابی بۆ ڕابگرن، هەڵبەت ئەو زەمانە بۆ دایکەکان کە خەریکی شووشتن و خاوێنکردنەوە بوو هەر جۆرێک با، تێدەپەڕی بەڵام لە زەینی خەیاڵاوی و خوڵقێنەری منداڵی وەکوو ئێمەدا بەڕادەی ئەبەدییەتێک لێک دەکشایەوە و ئەگەر بەڵێنی لەتە کولێرەی دووقڕانی نەبوایە هیچ منداڵێک تابشتی ئەم ئازارە لە ڕادەبەدەرەی نەدەهێنا. بەردەپێ، بڕبەندی دەست و پێیە. چڵکی دەست و پێیە. چڵکی دەست و پێ بە پێستەوە لێدەکاتەوە... قیژە و هاواری منداڵ کە بە ئاوی داغ و کوڵیو دەشووشتران تا خاوێنتر ببنەوە سەر و قژکێشانی لە ناکاوی ژنان لە سەر نمرە و شەربە و بەریتان وەبەر کەوتن و ئەو جوێنانەی کە لە ژێر کراسەکەیانی وەدەر دەخست و لێفەی لە سەر هەتیوی کاری شەرعییان هەڵدەداوە... و زۆر وردەکاری دیکە کە نووسەر باسی دەکا، دەبێتە هۆکاری ئەوە کە کاردانەوەی ئەو بەشە لە سەر زەینییەتی تاک ببێتە چەرمەسەری و ئەشکەنجەیەکی لە بنەهاتووی و هەر بە دوای ئەوەی دەڵێ: (من دەڵێم هەزار خۆزگە بە خۆت عەلیلە! هەزار خۆزگەم بە خۆت قاڵە! کە یەک پاست دەچنە سەرچاوەی شار، دەستتان دەنێو ئاوەکە ڕۆدەکەن بە ئەسپۆن و وردەخیز ئەوەندەی دەشۆن تا خاوێن بنەوە). یان لە جێگایەکی دیکە کاریگەری هەندێ لەو ڕووداوانەی لە قوتابخانە ڕووی داوە بە سەر زەینییەتی تاکدا، باس دەکرێ و دەنووسێ: عەلیلە دەڵێ: سبەی چاو لە دەست و نینۆکمان دەکەن بەخودای دەزانم دەستیشمان خاوێن ببێت ئاغای قاف هەر

لێم دەدا. ترس، ئێستاش ناوێرێ هەر نێوی بێنێ. یان قالە دەڵێ: عەلیلە وەرە با دەس لە خوێندن هەڵگرین، وەرە نەچینەوە مەدرەسە. من لە دڵی خۆمدا دەڵێم: ئەدی ئەگەر ئەوان نەچنەوە مەدرەسە، ئاغای قاف هەموو رۆژێ کە خودا داینـاوە کێ وەکوو سەگ بکوتێ؟ و ئازاری بدات و کەس نەوێرێ بڵێ بۆ ئەوەندە تۆ لە عەلیلە دەدەی؟ ((حەرامزادەی تـوخمەکەر! وەرە بزانم بۆ مۆڕەت لە جەواد کردووە؟)). ((ئاغا لە خۆی بپرسە بەخودای هیچ کارم پێی نەداوە...))

بێدەنگ بە، توخمەسەگ دەستت بگرە بزانم.

((ئاغا تۆ ئاسمانە شینە بەسە...)).

((دەڵێی چی سەگیسەگباب ئەوە گووی زیادی دەخۆی...)).

((ئاغاگیان غەڵەتم کرد. دەنگم دەرنایە...تۆ سەری ئەو خودایە بەسە...))

((قالە چاو دەرپەڕیو، بڵێ بزانم بۆ ئاوا ئەو چاوە زەقانەت لە من بڕیوە وەرە دەستت بگرەوە بزانم...)).

لە ژێر کاریگەری ئەم ڕووداوانە کە لە دوای ئەم چەند ڕستەیەدا کەسایەتی چیرۆک لە ڕوانگەی یەکەم کەسـەوە دەڵـێ: دەسـتم بگرە و بمبە دەگەڵ خۆت، بمبە بـۆ باوەشـی هەورە سـپیلکەکان، دوو بـاڵم بـۆ سـاز کە، دوو بـاڵی هەورینـە، دوو بـاڵی گەورە و لێک کشاوە بە قەرا دووری من و تۆ. دوو باڵ، ئەم سەر و ئەو سەری نادیار بە قەرا خۆشەویستی من و ئەو...

بمبە بـۆ سـەر خلیسـکێنی کـولکەزێڕینە بـا ڕەنـگ بە ڕەنـگ بـم لە ڕەنگەکـانیدا بتـوێمەوە و لە هەنـاویدا جـارێکی تـر سـەر هەڵدەمەوە و لەگەڵ وردەبارانی خەمشۆرەوەی داکەومە سەر هەر شۆرەکاتێکی کاکی بە کاکی...دەستم بگرە و بمبە بـمشـارەوە لە دەست دێوزمەی بێبەزەیی دوێنێ بمشارەوە لە دەس پۆڵا زرێی شین و شەپۆڕم بۆ هاواری شەهید و خنکاوی خۆم...

نووسـەر بـۆ سـەلماندنی هەرچـی زیـاتری ئەم کەشوهەوا پـڕ لە خـۆزگە و زەینیـیەی کە پێـی خۆشـە دوو بـاڵ بگـرێ و تـا ئەو جێگایەی کە بۆی دەکرێ لەم شوێنەوارە گرژ و گلاوەی ڕاگوێزێ، کتوپڕ باس لە ڕووداوێکی تر دەکـات: بـۆ ئەوەی لایەنـی زەیـن دەس بـدا. (غەفـوورەگێڕ پشـتی خـات فـاتێی بە پێلاقـان شـکاندبوو بـۆ هەتـا هەتـایە لە کـاری ڕۆژانە و ژانـی شـەوانە ڕزگـاری کردبوو، خات خاتێ ببوو بە چڵە گیایەک کە دەبوو ڕۆژی سێ جاران ئاو بدرێ...غەفـوورەگێڕ دانیشـتنی خاتخـاتێی دزێبـوو لە بەرانبەردا فێری کردبوو کە چلۆن بۆ درێژایی عومری زەوی دەباوەش بگرێ...

لێرەدا، غەفووڕەگێڕ مێردی فاتێ نییە بەڵکوو دەرمانکەرێکی چاوزەق و خۆمـاڵی و نـاوچەیی کە لە جێگـای دوکتـۆر دانیشـتووە. تەنانەت ساڕێژکردن بۆتە پێلاقەیەک کە پشـتی نەخـۆش تێـک دەشـکێنێ. نووسـەر گیـرۆدەی ڕابردوویەکـی پسپسـە، شـرێتێکی کـۆنی پسپـس کە بە درک و داڵـی زەینیـیەوە گیریـان کـردووە. نە ئەوەیە بتـوانێ دەسـەر یەک خـرێتەوە نە ئەوەیە لە بیـر بچـنەوە. شـرێتێک سـەر بە شـوێنێکی ڕاکـردوو کە بەر لە هەمـوو شـت خۆشەویسـتی لەوڕا بـزر بـووە....خۆشەویسـتییەک کە تەنانەت بە باشی دیار نییە، چییە؟ دەلالەتێک کە دەکرێ بە دەیان مانا و بۆچوونی لە سەر بدرێتەوە.

لە کێشەی دەروونی هەموو مرۆڤێکدا سێ بەش دەور دەگێڕن:

۱ — نەهاد کە لـە زەمیـری نابەئاگادا هەڵدەسـووڕێ و بەدوای ئیـرزای غەریزەکـانی دایـە. و هـیچ چەشـنە مەنتیقێکـی ئەخلاقـی وەرنـاگرێ بـە واتـایەکی تـر بەشـی ئەهریمەنـی و شـەڕی زەمیـری نابەئاگـای ئێمەیـە کـە بـە سـەر تەوەری چێـژ و لەزەتدا دەخولێتەوە.

خودی دەرەکی

۲ — فەراخود: یان واوەتر لە خـۆ کـە لـە بەرانبـەر نەهـادی چێژخـوازدا ڕادەوەسـتێ و بـە واتـایەکی تـر وێـژدان و بەشـی خێـر و فریشتەئاسـایی کەسـایەتییە. ئەو حەول دەدا کـە وروژانـدنی سرشـتی و غەریـزی "نەهـاد"دەسـتەمۆ کـا بـە هەنـدێ بڕیـاری ئەخلاقی.

۳ — خـۆد:حەول دەدا نێـوان ئەو دوو بەشـە تەعامولێـک بەرقەرار بکـات و بـە پاڵپشـتی ئەسـڵی واقعیـیەت، زێـدەڕۆیی و بەفێڕۆدانی ئەو دوو بەشە چارەسەر دەکات. کە لە چیروکە مودێرنەکان‌دا بەشی سێهەم واتـە"خـۆد" زۆر بێتـاقەتتر لەوەیـە کـە بتوانێ ئەم مەبەستە ڕاپەڕینێ. لە ئاکام‌دا وێنەی زاڵ و بەرچاو لـە کەسایەتی ئەم چیروکـانەدا، وێـنەی بـوونەوەرێکی مەلـوول و داماو و گوشەگیرە کە دایمە لە گەڵ خـۆی لـە کێشـە دایـە و سـەری لێشـێواوە. سەرلێشـێواوی و مەلوولێـک کـە چەشـنێک بـە ئاگابوونەوەی لە پشتە:

((بێواز نەبووی کە بی‌وازی خۆی چەشنێک بە ئاگابوونە و تۆ نەبووی.....))

ئاخ چەندە ناخۆشە هەمـووی وجـوودت بووبێتـە حەز و مەیـل و نیازێـک بـۆ ئەوەی تەنیـا جارێـک وەبەر چـاوی کەوی و هەرگیـز نەکەوی یان هەموو ئـازاری لەشت ببێتـە گـوێیەک بـۆ بیسـتنی تەنیـا و تەنیـا یەک جـار بیسـتنی"تـۆم خـۆش دەوێ" و هەرگیـز وشەیەکی دڵداری پەردەی گوێی تۆی نەلەراندبێتەوە. تۆ بە من بڵـێ لـە جیهـان‌دا چ لەوەی نەگونجـاوترە کـە شـەو و ڕۆژ دەگەڵ کەسێک تێپەڕێ کە هەرگیز چاوی دیتنی تۆی نەبێ و تۆش توانای بەستنی چاوی ئەو؟ مـن بەم شـتە دەڵـێم "پـێڵاوی تەنـگ" و هەموو ئەم ناچارییانە تەنیا لە بەر ئەو شتە ئاسایی‌یە کە نـاوی زیندووبوونـە. وەک ناچـاری هەڵگرتنـی نـاوت ناچـارت دەکـا ئەم پـێڵاوە دەپێـی بـکەی کـە ئاکـام و بەرهەمـی هەر جـارە دەپێکـردنەکەی ئەو هەڵگەڕانـی ڕەشـەژانێکی سەرلێشـێواو و لەقەدارەترازاوی لە بنەهاتوویە...

نووسەر لێرەدا نە دەپرژێتـە سـەر هەنـدێ تایبەتمەنـدی ڕۆمـانی پۆسـتمۆدێرن واتـە ئەگەر عەقڵیەتـی بەردەنـگ ناڕاسـتەوخۆ لـە ڕۆمانی مۆدێرن‌دا لە دەرەوە ڕاوەستاوە و بەشداری لە بۆچوونەکان و شرۆڤەی بابەتی ڕۆمـان و کەسـایەتی‌دا دەکـات، لـە ڕۆمـانی پۆستمۆدێرن‌دا، بەردەنگ ڕاستەوخۆ لە دنیای ڕۆمان مەجـالی وەڕووڕکەوتنـی پـێدەدرێ لەو جێگایـە کـە دەڵـێ: دەی تەنبەڵانـە زەمان ڕاگرن واتە مەبەستی لە تەنبەڵ ئێمەی بەردەنگە کە دەبێ سەعات ڕاگرین تا بزانین چ مـاوەیەک بـۆ ئاکارەی کـە نووسـەر خەریکە ڕایپەڕێنێ، پێویستە. یـان لـە جێگـای دیکـەدا کـتوپڕ لـە دوای هەنـدێ بـابەتی ڕەوانـی‌دا دەڵـێ: لـە ڕاسـتی‌دا نیۆتـۆن جیرانمان بوو، مانّیان سێ دەرگا ئەولاتر هەڵکەوتبوو.

نووسەر بۆ سەلماندنی ڕاکێشی زەوی کە بە ناچاری لاقەکانی ئەو بە پێڵاوی تەنگەوە بـە سـەر زەوی‌دا ڕاکـێش دەکـات و مەودای هەڵفڕینی بەپـێچەوانەی ئەم ڕاکێشـەیە بـۆ سـەرێ پـێنـادا، نیۆتـۆن دەکاتـە جیرانـی خۆیـان و بـاس لـە دۆزینـەوەی ئەم ئەسـڵە گرینگە دەکات کە لە کاتی بەربوونەوەی دانە سێوێک لە داری بەرەو زەوی دەکات. سەیر ئەوەیـە کـە شـاهیدی دەدات وا نەبـووە ! و کێشەکە بە بەربوونەوەی سێوەکە کۆتایی نەهاتووە دەنا ئەویش دەگەیشتە خۆشەویستەکەی!...

ئەو نـازانێ ئەو پـێڵاو و لاقانـە کـە ئەوییـان هەڵگرتـووە بەرەو کۆییـان دەبا؟واتـە لـە زەمینییەتـی کەسـایەتی‌دا ئەم تەعـامول و سەقامگیرییە پێـک نەهـاتووە کـە بتـوانێ بـزەی ڕەزامەنـدی بخاتـە سـەر لێـوی و کێشـەیەکی لـە بنەهـاتوو هەڵـی نەتەکێنـێ. دەورانی ناکامی و بێقەراری.

کاتێک دایکی برپـار دەدات کـە وەک مـار پێـوەی دەدا، لـە بەر خـۆیەوە دەڵـێ: پێشـتـر مـار پێـوەی دابـووم. مارەکـە ئێستا لـە دەروونم‌دا دەژیا. مار ببوونە بەشێک لە من. هەموو شت لـە لەشـی مـن‌دا زوو دەبـوون بـە مـار، بـە دووپشـک. سـەرما دەبـوو بـە مار، بە سەری قامکەکانمیەوە دەدا. مار بە ڕوومەتم، بە گوێمەوە، بـە لـووتم و بـە چـاومیەوە دەدا. مـار خوشـک و بـراکەم بـوون کە لە پشت پەنجەڕەوە لە ژووری گەرم ڕاوەستابوون، هەر یەکەی سێوێکیان بە دەستەوە بوو و دەمەلاسکەی منیان دەکرد.

من دەڵێم ڕەبی ڕەزەکەت بێبەر بێ. ڕەبی حەمە قالیل ڕەبی دارەسێوەکانی باغەکەت ئیشـک بـن، چـش لەوەی نیۆتـۆن پەی بـە ڕازی ڕاکێشەی زەوی نابا. بەس نییە خوشک و براکانم لە بەر چاوی برسی من سێوی سوور ناخۆن...

لـە چیرۆکـی مـۆدێرن‌دا ، نووسـەر حەوڵ دەدات بـە جێگـای ڕەوایەتـی ڕووداوەکـانی دەڕەوە، ئـاڵ و گۆڕەکـانی ڕوحـی-ڕەوانـی کەسایەتی سەرەکی چیرۆک باس بکات و بە ڕووخاندنی ساختاری خەتی زەمان و کات بـە کەڵـکوەرگرتن لـە تەکنیکەکـانی وەک

سەیلانی زەین و تاکگوویی دەروونی ڕەوایەت بکاتە کەلاڤێکی ئاڵۆز و پسپس لە بیرەوەرییەکانی ڕابردووی. لەو بەشەدا کەسایەتی کە زۆربەی کات نووسەر بۆخۆی دەبێتە کەسایەتی چیرۆکەکەی، وایە لە کاتی جۆربەجۆردا پاش و پێش دەکات و دایمە لە نێوان ئێستا و دوێنێ و تەنانەت داهاتوودا لە هاتوچۆ دایە. بە وتەی نیکنام کات لە چیرۆکی مۆدێرنەدا لە هەمان کاتدا کە نەزمی هەیە تەواو بێنەزمیشە. جار وایە کاتژمێرێک وەک سەدەیەک دوور و درێژە و جاری واشە سەدەیەک دەبێتە یەک کاتژمێر.

نووسەری مۆدێرن ناتوانێ لە سەر ڕەوایەتێکی یەک دەستدا تێڕامان بکات. چونکە زەینییەتێکی تێڕامانگەر و هەڵوەژێراوی نییە. ئەو سەری لێشێواوە، کەوابوو ڕەوایەتیش سەری لێشێواوە.

لە درێژەی ڕۆمانەدا دەستپەنگینیەکی تری نووسەر لە ئاشکراکردنی شێوازێکی پۆستمۆدێرن دەبیندرێ واتە مۆدێرن و پۆستمۆدێرنی پێبەپێی یەک وەک دوو لاقی نووسەر بە نۆرە باوی لاقیان خۆش دەکەن. لە باتی ڕەوایەتێکی یەکدەست حەول دەدات دیاردەکان نیشان بدات و لەو بەشەدا سەرکەوتوویە. بۆ وێنە بە زمانێکی تر دەنووسێ: ((کنفرانس اقتسادی در تاریخ ... برگزار می شود)). ئەم ڕستەیە بە ڕواڵەت هیچ پەیوەندییەکی بەو بابەتەوە نییە و هەڵەی چاپی ویراستارە کە نووسەر لە سەرەوەڕا کە لە بیری چووە خەتی دا، ئەویش کاری تایپی خۆی کردووە و لە نێو ڕۆمان، نووسەر هەڵەی چاپی باس دەکا و دەڵێ خەتای ویراستار نەبووە و خەتای خۆم بووە کە لە بیرم چووە ئەم نووسراوە خەت دەم کە کاغەزەکانی کۆپەکەی کە خوێندکاری ڕشتەی ئیقتسادە، کەڵکی وەرگرتوە. ئەم بێپەیوەندییە تەنیا بە ڕواڵەت بێپەیوەندییە. لە ڕاستیدا هەموو شت لە سەرتاسەری جیهان بە جۆرێک لە جۆرەکان پێکەوە لە پەیوەندی دان. هەر ئەم دەست ڕەنگینانەیە کە دەبێتە هۆی فرەبوونەوە لە واتادا، بۆ ڕزگاربوون لە بابەتێکی تاقانە و مانایەکی یەکدەست دا، گۆڕینی ڕوانگەی کەسایەتی لە یەکەم کەس بۆ دووەم کەس و هەتا ئاخری.

تێوەردانی ورده ڕووداوی لابەلا ـ حەز و ئاکاری تر لە نووسینەدا دەبێتە هۆی ئەوەکە مانا و واتای ڕەنگ بە ڕەنگ و جۆر بە جۆر لە کات و شوێنی بەربڵاودا دایمە لە ڕۆماندا پەرە دەگرێت. یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕۆمانە دژ بە قارەمان بوونە واتە هەر بەپێی ئەو شتەی گوتمان تاکە کەسێکی تایبەت دەورگێڕی سەرەکی و ئەبەدی ڕۆمان نییە. بە دەیان کەسایەتی کە کەمتر داوەرییان لە سەر دەکرێ دەور دەگێڕن. شتی بڕواپێکراو، قەتعیت دان بە بابەت بێئەم لا و ئەو لاکردنی ڕەوایەت و ڕووداوەکان . هەر چەند لە زۆر شوێن بەتەواوی لە بەر چاو ناگیرێ بەڵام تەقەلای نووسەری پێوە دیارە کە بتوانێ خۆی لەم قەتیسە دەرباز کات.

ـ ئەوڕۆ خوێنەری دنیای مۆدێرن لە چێژۆکێک چێژ وەردەگرێ کە بەپێچەوانەی شێوازی پێشووی ڕێئالیستەکان لە ڕواڵەتی خوێنەرێکی بەرکار بێتە دەرێ و مەجالی دەخالەت و شڕۆڤە و بڕیار و خوێندنەوەی لە سەر بابەتەکە پێبدرێ. واتە ئەویش بەشێکە لە بابەت . لەم ڕۆمانەدا شتێک بە نێوی دەسپێک و ناوەند و و کۆتایی نابیندرێ. واتە پێرەنگ لە چیرۆکی مۆدێرنەدا دەشێ بایەخی پێنەدرێ. ئەم هاتووچۆیە لە ڕابردوو و ئێستادا لە کەسایەتێکڕا بۆ کەسایەتێکی تر ـــ لە ڕووداوێکڕا بۆ ڕووداوێکی تر مەجالی پێڕەنگی بەهێز ناهێڵێتەوە. کەوابوو تەعلیق و گرێکردنەوە و وەرگرتنی کۆتاییەکی تایبەت و دیاریکراو لەم ڕۆمانەدا ڕوو نادا، کەوابوو لە کۆتایی چیرۆکدا، نووسەر بێسرنجدان بەم بەشە گرینگە کە بڕیار نییە کۆتاییەکی تایبەت و دیاریکراو هەبێ. حەوڵ دەدا ئاکامی هەموو کەسایەتیەکان باس بکا. کە بە ڕای من پێویست ناکا یان لە جێگایەکی دیکە لە یەکجێ شتێک دەڵێ کە باوەڕی پێناکرێ کە ئەو بەشەش بە پێویست نازانم.

بەرهەم ۷

هیوا و مەترسییەکانی شێعری مۆدێرن

خەسارناسیی شێعری هاوچەرخی کوردستان

بابەک سەحرانەوەرد



ڕەوتی شێعری هاوچەرخی کوردستان، دیاردەیەکی زووپەڕی ئەدەبییە کە تاقمێک وەک شاعیرە ناسراوەکانی تووشی ڕاچەنین کردووە. دەڵێی هەر لە زووگینەوە و لە گەرمەی شەڕی سەربەخۆیی شێعری شاعیرە ناوازەکان وەکوو (نالی) و (حاجی قادر) تا نوێخوازەکان بگرە لە (عەبدوڵڵا گۆران)ەوە تا (چاوە) و(سوارە)، نیوچە شاعیرانیکی بستەباڵا و قەمبوور هەن کە بە نیگا و هەڵوێستێکی ئاڵۆزاوی و بەبێ هیچ ڕیشەوڕەگەزێکی هەستیارانە و زمانێکی جوانیناسانە و هونەرمەندانە، قیژوهەرا و ئاخ و ئۆخیان بە ناوی شێعر، لە چەقی شێعری ڕەسەنی هاوچەرخ بە زۆر سەپاندووە و دەیانهەوێت بە هەر لەونێ بێ خوێنەر ڕەوودەی دەقەکەیان یاخود (شێعرەکەیان؟!) بکەن. لە واقیعدا ئاریشەکانی شێعری هاوچەرخ هێندە زۆرن کە بڕێ جار وچان بە ڕووەم و داڕاران نادەن هەتا بە چڕوپڕی لە هەموویان بکۆڵنەوە .

بەڵگەی سەرەکی ئەم تەنگژە و ئاستەنگە ڕەنگە لە هەموو شتێ زیاتر لە نەبوون و قەیرانی وەرگێڕانی خاوێن و ڕەخنەی ئەدەبیی سەربەخۆ سەرچاوە دەگرێت. هەنووکە دوای تێپەڕینی چەندین دەیە لە چاخی کلاسیک نەمانتوانیوە تایبەتمەندی و خەسڵەتە شێعرییەکانیی شاعیری چەشنی (نالی) لە گۆڕەپانی ڕەخنەی ئەدەبی نیشان بدەین و هەڵسەنگێنین و بەم هەموو پاچڤە جۆراوجۆر و زۆرینەیە هێشتاش ئەو بڕستەمان لە خۆماندا شک نەبردووە کە بە چەشنێکی بنەڕەتی لە پێداویستییە سەرەکییەکانی گەلەکەمان ئاورێکی هەمە لایەنە و تەواوکەرەوە بدەینەوە و سەد مەخابن هێشتاش لەم ڕووپەڕە خاوەن دۆسیەیەکی لێهاتوو و شیاو نین.

ئەم پرسەی قەیرانی ڕەخنە و سەرۆکایەتی ڕەخنەی شێعری هاوچەرخ حاشاهەڵنەگرە و بە یەکێ لە گەورەترین ئاستەنگەکانی شێعری هاوچەرخی کوردی دێنە ئەژمارەوە. تاقمێکی زۆر لەو ڕەخنەکارانە کە دەقەکانیان بە ناوی ڕەخنەی شێعری، چاپ دەبێ و زوو بە زوو ئاڕاستەمان دەکەن، پتر تێکستگەلێکی بێسەر و دەرن کە یان لەبۆ خۆشی هاوڕێ و برادەرێکی شاعیرئاسا چاپ بووە یان بۆ ئیهانە و خراپکردنی شاعیرێکی جیددی هاتۆتە گۆڕێ و ئەم جۆر دەقگەلە کە بە زۆر و خۆچەپاندن دەیانهەوو خۆیان لە خانەی ڕەخنەیەکی جیددی و پڕۆفیشناڵ پۆلێنبەندی بکەن، دیارە خۆی دەبێتە یەکەمین بەڵگەی سەرلێشێواوی جەماوەری شێعرخوێنی کورد.

دوای تێپەڕبوونی دوو دەیە، بزاڤگەلێکی سەیروسەمەرە لە گۆڕەپانی شێعر هاتوونەتە ئاراوە کە ئاڵادارەکانی تاقمێک لە شاعیرە بزۆزەکانن کە سەد مەخابن بە تاوانی گەنجایەتی و لاویەتی بەزێوی ئەو تاقمە زۆرە بۆڵەبۆڵکەرەن تا ئەو ڕادەیە کە ڕەخنەی کەسیەتیی، پێگەی خۆی بە ڕەخنەی فیسار و فلّان کەس داوە. ئێستا ئاوڕ لە شێعرە زۆروبۆرەکانی تاقمێک شاعیری بستەباڵا کە لە جیهانی ئینتەرنێت خەریکی تەراتێنن نادەینەوە، کە بە داخەوە ئاسۆ گەشەکەی شێعری ئەم سەردەمەیان تەماوی و تۆزاوی کردووە. هەندێ شاعیر و خۆ بە ڕۆشنبیرزان و خۆ بە زلزانی کۆنەخوازیش بەردەوام لەم

گۆڕەپانە هەن کە دوا کەوتوون و بە ئاخ‌وئۆخ هەڵکێشان دەیانهەوێ بڵێن کە شاعیرە لاوەکان چییان بە سەر شێعری ئەمڕۆ هێناوە و لەم مەیدانە بە هیوای دەنگدانەوەی قیژوهەرای خۆیان گوێی عالەمیان کەڕ کردووە. تاقمێک شاعیری بەسااڵداچوویش هەمیشە هەن کە بە سەربەرزی و بێ مەترسی هەنگاوەکانیان لەگەڵ شاعیرە لاوەکان هاوشان کردووە و دەیانهەوێ بە دووقۆڵی گەنجەکان لەم بوارە ڕێچکەشکێن بن. پۆلێکیش زۆر بە فێڵوفێڵبازی (قەلە و دەلەیی) لەچاڵی وەیل، خۆیان گەیاندۆتە ترۆپکە گەشەکەی هەندێک شاعیری شێلگیر و بەم کارە ناحەزە دەیانهەوێ زۆر بە سانایی دەستکەوتە بایەخدارەکەی شاعیرە لاوە ڕەنجبەرەکان بڕفێنن و بە ناوی خۆیان تۆماری بکەن، بەاڵم لەم گۆڕەپانە پان و پۆڕەدا کەسانێکی دیکەش هەن کە لە تەنهایی و خەڵوەتی شەوانەی خۆیان و لە هێمنییەکی سەیردا، ستڕانە تیشکدەرەکانی خۆیان دەهۆنەوە و بە گوێ قورسەکەی جیهانیش دەگەیەنن.

هیوادارم کاتێ بۆ شێعری هاوچەرخی کوردستان بڕەخسێ تا بتوانێ خۆی لە ژێر ناوی چەند شاعیری ناسراو دەنگ قوتار بکا. جەماوەری شێعرخوێن دەبێ لە هەموو ئەو دەرفەتگەلەی کە بۆ شێعری جیددی و شەریفی ئەمڕۆ ڕەخساوە کەڵک وەربگرێ و لە سەرۆکایەتی شاعیرە گەنجەکان پێشوازی بکا و یاریدەریان بێت و پەلەکردنی شاعیرە لاوەکان لە ئاڕاستەیەکی دیکەوە بنواڕێ.

شێعری ئەمڕۆ تەنیا هونەر نییە، بەڵکوو فەن و پیشەیە. شێعرێکە کە ئیدی دەستکەوتی شهوود (دڵنواڕ) و ئیلهام و سەرۆ لە ژێر دارە بییەک نییە یان دانیشتن لە سووچێک و فرەبێژی لە بسک و ڕەنگی لێو و قسەخۆشەکانی یاری خەیاڵی و مینیاتۆری. شێعری ئەمڕۆ شێعرێکی وشیار و جێی تێڕامان و تێفکرینە کە دەستکەوتی ئەزموونی بەبایەخ لەگەڵ زمانی شاعیرانەیە و ئەگەر ئەمڕۆکە شاعیر نەتوانێت بەو لێهاتوویییە زمانییە بگا، چیتر ناتوانێ بەشێکی هەر چەند کەمی لە بڵاوبوونەوەی ئەم پیشەیە بۆ خۆی دابین بکات. تێڕوانین لە دیاردە و چەمکە ئەمڕۆییەکان کە زۆریش بێبایەخ، ساکار و لە بەر چاون و هەروا بێشوناس لە ئاقاری ئەدەبدا ماونەتەوە، ئەگەر بە زمانێکی سانا بەاڵم لە ڕووی شارەزایی و وشیارییەوە دەربڕێت دەتوانێ ئاسۆگەلێکی بەرفراوان لە شێعری هاوچەرخی کوردستان ئاڕاستە بکات کە تا ئیستا بوونی نەبووە. شێعری ئەمڕۆی کوردی، پێویستی بە نەترسی شاعیرانی وەک بەختیار عەلی، دڵاوەر قەرەداغی، کەریم دەشتی و ئەحمەد مەال و هیوا قادر هەیە تا بتوانی خۆی لەم تەنگژەیە قوتار کات. ئەگەر ئەو یاریی زمانییە منداڵانە کە لە شێعری ئەمڕۆی کورد سەری هەڵداوە، بە لای چارەسەرکردن پەلکێش نەکرێ و شاعیر نەزانێت لە چ ناوچەیەکی ئەم جیهانە ژیان بەسەر دەبات و پێگە و باگراوەندە میژوویی، ڕامیاری و ئابووری و کلتوورییەکەی لە چ ئاستێک و لە کوێ دایە و ئێستا چ جێگەیەکی بۆ دابین کراوە، شێعریش ئاوا جوانەمەرگ نابێ و لەو الیشەوە ڕوو دەم و دەزگا چاپەمەنییەکان بە شیاوی لەم دەڤەرە پێشوازی دەکەن و یاریدەری شاعیران بۆ چاپگەیاندنی بەرهەمەکانیان دەبن.

هەڵبەت دیارە بەڵگەی سەرلێشێواوی لە شێعری ئەمڕۆ تەنیا لە بەڵگەی سەرەوە نایەتە ژمارەوە و بێدەنگی ڕەخنەکارانی شێعر ڕەنگە دووهەمین و سەرەکیترین بەڵگەی خەسارناسیی شێعری ئەمڕۆ بێت. کارتێکەری ئەم دیاردە نەحسە، تەنانەت لە هەژماردنی کۆمەڵە شێعرەکان و خەاڵتە ئەدەبییەکانیش زۆر لە بەرچاون. ئەگەر سیستەم و دامودەزگایەک لە الیەن وەزارەتی ڕۆشنبیری بیچمی بگرتایە، وە چەشنە جۆراوجۆرەکانی شێعر لە الیەن چەند ڕەخنەکاری پسپۆڕ و لێزان پۆلێن بکردایە و یەک بە یەکیان بخستایە بەر تێڕوانین و لێکدانەوەیەکی ئەوتۆ، هەم خەاڵتە ئەدەبییەکان وەها بێبایەخ نەدەبوون و لەو الیشەوە ڕوودمی شێعریش لەم سەرلێشێواییە ڕزگار دەبوو و دەیزانی چی شێعرە و چی دەقی شێعری نییە. ئەم چەند گۆڤارە ئەدەبییە کە ئێستاکە بە هەزار گیر و گرفت و تەنگژە بەرامبەرن، ناتوانن بەرپرسیاری ئەم هەمووە شاعیرە بن کە

شێعرەکانیان بۆ چاپکردن دەنێرن. وەزارەتی ڕۆشنبیری وەک دامودەزگایەکی ڕەسمی ئەرکێکی هەرە قورسی لە سەر شانە و دیارە دەبێ یارمەتیدەری ئەو کەسیتییانە بێت کە دالّغەی دامەزراندنی گۆڤارە ئەدەبیی و وێژەوانییەکانیان هەیە. شێعری ساغ و سلّامەت و خاوێن پێویستی بە گۆڤار و بلّاڤۆکێکە کە لە ڕووی پسپۆڕییەوە هەموو شێعرە بایەخدارەکان لێک بداتەوە و بە نۆبە لە چاپیان بدات هەتا ڕوودم بزانێت کە چی بخوێنێ. لەوەی کە ڕەخنە لەگەڵ شێعری ئەمڕۆ هاوشان نییە و پێکەوە هەنگاو نانێن، هەڵبەت نەک لە ڕووی نەبوونی ڕەخنەکارێکی ئاگایار و شێلگیر، بەڵکوو زۆرتر بە هۆی زۆربوونەوەیەکی سەیروسەمەرەی شێعر لەم دوو دەیەی دواییە و چوونکە نوێنەرەکانی ئەم شێعرە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا ڕاڤە نەکراوە، بۆیە بە پێچڕاندنی ڕوودەمەکانی شێعر دەگات و ئاوا دێتە بەر چاو کە شێعری گەنج لەم چەند ساڵەدا بە بێدەنگی بەرامبەر بووە .

ئەرکی سەرپەلەکانی شێعری ئەمڕۆ ڕەنگە بەر لە داهێنانی شێعر، پەروەردەکردنی خوێنەری پڕۆفیشناڵ و شڕۆڤەی بەرهەمگەلە، چوونکە ئێمە لە باری دەرکەکردنی شێعری، لە قۆناغی تێپەڕاندنی (عەبدوولّلا پەشێو و بێکەس) بەسەر دەبەین. شێعری ڕەسەن تەنیا شێعرێکی سۆزمەندانە و بەئادان نییە کە ئەگەر لەم دوو توخمە پێک بهاتایە، دەچووە نێو ڕووپەڕێکی زووپەڕەوە و هەر زوو هەڕەسی دەهێنا. لە قۆناغی جێپەر بەرەو سەقامگیری، دیاردە سەرەکییەکانی شێعری ڕەسەن لە ناخی خۆیەوە هەڵدەقوڵێ و خوێنەر و بەردەنگ بە پرسیاری فرەواتانەوە ڕەها دەکات. دیارە هەر شاعیرێکی دەنگ، قۆناغێکی جێپەڕی لە ژیانە وێژەوانییەکەی تێپەڕاندووە. دیارە ئەم دەیە، دەیەیەکی موبارەک لەبۆ شێعری کوردستانە. دەیەی نیشانداني توانایی، جوانی، بێگەردی و چڕوپڕی زمانی کوردییە. دەیەیەکە کە کۆتایی دەسەلّاتدارانەی زمانی شاعیرە دەنگەکان ڕادەگەیەنێت. زەمەنێکە کە زمانی شێعر هەناسەیەکی تازەی هەڵکێشاوە و خەریکە ناوە ناوە بە ناخی خۆیدا دەچێتەوە و بە ماڤی خۆیشی بەرە بەرە دەگات. تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆر شێعرە کە لە خانەی شێعری نوێ و مۆدێرنیستی پێناسە دەبێ، تەنیا لە یارییە زمانییەکان و لە تێزەکانیدا نایەتە ئاراوە. ئەم شێعرە، شێعرێکە کە هەنگاوی بەرزی ناوە و خەریکە لە زۆربەی بوارەکان ئاڵوگۆڕی بە سەردا دێ و بەتەواوەتی دەچێتە دەڤەرێکی تایبەت و دیاریکراوە کە بە دەڤەری شێعری مۆدێرن ناوزەد دەکرێ.

جۆرە بیروبۆچوونێکی نەگۆڕ و پایەدار لە وشەی مۆدێرنیزم هەتا ئێستا بە دەست نەهاتووە یان لە بناغەوە هەر بوونی نەبووە. تاقمێک لە ڕەخنەکاران بەم وتەیە پشتیان ئەستوورە کە شێعری مۆدێرن لە ڕوانگەی بایەخداربوون، بە دوو بەشی (شێعری مۆدێرنی چڕوپڕ یان خەللاق) و(شێعری مۆدێرنی بێبار و بێکەڵک) پۆلێن دەکرێ و لە ڕوانگەی فیکرییەوە بە (شێعری مۆدێرنی ئەندیشەخواز) و(شێعری مۆدێرنی ئەندیشەنەخواز) دەستەبەندی کراوە. لە واقیعدا دەکرێ شێعری مۆدێرن بە نیگا و ڕوانگەیەکی بەهرەدار و کورت و چڕوپڕ بەم شیوەیە پێناسە بکەین:

شێعری مۆدێرن، شێعرێکە کە لە ویستوخواستەکانی کۆمەڵگا بانتر هەنگاوی ناوە، بەڵام ئەم هەنگاوە بەو جۆرەیە نییە کە لە خۆیدا نغرۆ بمێنێتەوە. شێعری مۆدێرن بەهۆی تێفکرین و ڕوانینێکی فرە ئاڵۆز و پارادۆکسیکاڵی زەین و هەست و نەستی شاعیری ئەمڕۆیە کە چەشن و ستایلێکی ئاڵوزاوی بە خۆیەوە دەگرێ. لە بەر ئەوەی کە لافی کەشف و دۆزینەوەی ئەو نیگا جوانەی داوە کە زەینی خەللاقی مرۆڤی هاوچەرخ دەبێت بەوانە ڕێ پەیدا بکا و لەم بوارە هەتا ئەو ڕادەیە کە دەتوانێ دەبێ مرۆڤێکی ڕێچکەشکێن و بە ئیلتیزام بێت .

کەم تا کورت نوێنەرە ئەسڵی و سەرەکییەکانی شێعری مۆدێرن لەم چەند خاڵەی ژێرەوە ئا بەم چەشنە دەتوانین چڕ کەینەوە:

١ ـ لە وێناکردن زۆر بزێو، بوێر و نامۆخوازە .

٢ ـ لە زمان و شێوە دەربڕینی باو و پێوەر بەتوندی و خیرایی خۆی دەپارێزێ .

٣ ـ ئەم جۆر شێعرە خۆی گیرۆدەی جیهانی هاوچەرخ و لە ئاکامدا خۆی گیرۆدەی ناوەرۆک و نێوئاخن، وێناگەری و چەمکە زمانییەکانی سەردەمی ئەمرۆ کردووە .

٤ ـ ڕاشکاوانە خۆی لە شێوە دەربڕین و لەحنی بەرتەسک، وەسفی و حەسانیی پاڕاستووە .

٥ ـ لە تاکدەنگی، لە دەروونخوازی و پەیڤە پووچ و بێبەهرەکان بەدوورە .

٦ ـ شێعری مۆدێڕن جەخت دەکا هەتا هەموو شتێک لە سەرەتاوە و لە یەکەمین پلەوە و بە نیگایەکی نوێیەوە پێناسە بکات وەکوو کێش و سەروا، نەحو و چەشنە جۆراوجۆرەکانی هەست و خەیاڵ .

٧ ـ شێعری مۆدێڕنیزم دژ بەم بیرۆکەگەلەیە کە شتگەل، تەنیا یەک پێناسە بە خۆیانەوە دەگرن. کەواتە ئەم شێعرە، شێعرێکی ڕاڤەگەرە و لە تاکدەنگی بە شێوەیەکی جیددی خۆی دوور خستۆتەوە .

شێعری ئەمرۆ ڕاشکاوانە شێعرێکی مۆدێڕنە، چوونکە ئەگەرچی تا ڕادەیەک لە شێعری جیهان لە بابەتی ناوەرۆک و ناوئاخنەوە، لاسایی کردووە، بەڵام وەک شێعری کلاسیک بە ڕێچکەی دیالیکتی زمانی فارسی و عەرەبی نەچۆتەوە و بەو ڕێگە ڕەسەنە کە کەشفی خۆیەتی بە سەربەرزییەوە هەنگاو دەنێ .

دیارە تەواوی ئەم دیاردە سەرەکییانەی سەرەوە بە چڕوپڕی لە تەواوی هۆنراوە مۆدێڕنەکان نەبیندراوە و ناشێ ببیندرێ، بەڵام ئەوەی کە دەبێتە مزگێنییەک لەبۆ شێعری مۆدێڕنی کوردستان، ئەمەیە کە دەتوانێ بەرامان و تێهزرینە جیهانگەرییەکەی، هەنگاو بە هەنگاوی شێعری ئەمڕۆی جیهان بۆ پێشەوە بنواڕێ. هەر چەند لەم ڕەوتەدا کەمێک دوورکەوتۆتەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەو ڕێگەیە کە شێعری ئەمڕۆ پێیدا دەچێتەوە، ڕێگەیەکی تۆکمە و شیاوە کە لە ئاکامدا شێعر بە ئامانجە تایبەتییەکانی دەگەیەنێت.

هەوالنامەی کتێب

سەرچاوە و ڕیشەی مێژوویی پەندی ((بزنی ئەخفەش))

نووسینی سامان خزری

۱.هەموو گەورەیەک ناگا بە پایەی بەرزی و گەورەییت
هەموو بزنێکیش نابێتە هاوڕەم بۆ مامە ئەخفـــــەش

سەید نەجمەدین ئەنیسی (بەهاری مەهابادی)

۲. بەڵام شوکری خودا ئێستا ڕەقیب تەنیایە دەنگ ناگـــا
مەگەر هەر هەڵتەکێنێ ڕیشی خۆی وەک بزنەکەی ئەخفەش

شێخ نافع مەزهەر (شیرزەیی سەقزی)

۳.ڕەشیدە نوێـنەری کوردی بەخـــــــــت ڕەش
دەکا خۆشی لەســـەر ئەم خەڵـــکە دابـــــەش
هەتاکوو دەچتە مەجـــــلیس هەڵدەســـــووڕێ
لە شـــاران و لە دێیان وەک کەڵـــــــی بەش
کە چـــوو مەجلیس کەڕ و لاڵ، بێ سەرو زمان
سەری دەبزێوێ وێـــــــنەی بزنی ئەخـــفەش.

مەلا عەبدولکەریم هونەرمەند (فیدایی)

سەرچاوە و ڕیشەی مێژوویی ئەم پەندە بەم جۆرەیە:

کەسانێکی لە مەبەستێکا تەسدیقی قسەیەک بکەن کە تێی ناگەن و لیی حاڵی نین، بێ ئەوەی تێی بگەن و لێی حاڵی بن و سەریان بە نیشانەی تەسدیقکردن و پەسەندکردنی قسەکە تەکان دەدەن و دەڵێن: ((بەڵێ وایە)) ئەم جۆرە کەسانە بە بزنەکەی ئەفخەش دەچوێنن و دەیکەنە سەرچاوەی پەندەکە و پیی دەڵێین: ((بۆتە بزنەکەی ئەخفەش))، جا با بزانین ((ئەخفەش)) کێیە و بزنەکەی چۆن بووە و چی کردووە، کەوا بۆتە پەند و ناوی کەوتۆتە سەر زار و زمانان.

((ئەخفەش)) لە باری واتای وشەوە بە کەسێک دەڵێن کە چاوی بچووک و بێهێز و کەمبینا بێت و ڕووناکی و سۆمایی چاوەکانی کەم بێت و لە تاریکیدا چاتر لە ڕووناکی و لە ڕۆژانی هەور و هەڵا و تاریکیدا چاتر لە ڕۆژی ڕووناک و ساف و بێهەور ببینێت.

لە کتێبەکاندا ناوی یازدە ((۱۱)) کەس بە ناوی ((ئەخفەش)) هاتووە، کە لێرەدا و لەو پەندەدا مەبەست ((سەعیدی کوڕی مەسعەدەی خارەزمی)) یە، کە ناوبانگی ((ئەبوولحەسەن)) بووە. ئەخفەش زانایەکی نەحوی و ئێرانی و لە قووتابییان و دۆستانی زۆر نزیکی ((سیبوویە)) بووە و ڕێزێکی زۆری بۆ کتێب و نووسراوەکانی ئەم مامۆستایەی خۆی داناوە و وەک گلینەی چاوەکانی خۆی پاراستوونی.

ئەخفەش لە ساڵی ۲۱۵ یا ۲۲۱ کۆچی مانگی کۆچی دوایی کردووە و خاوەنی کتێب و نووسراوە و بەرهەمێکی زۆری زانستی بووە و یەکێک لە کتێب و نووسراوەکانی، کتێبی ((ئەوسەت))ــە لە زانستی نەحودا.

دەڵێن چوون ئەخفەش شێوەیەکی ناشیرین و ڕوخسارێکی ناحەز و ناجوانی بووە هیچکام لە فەقێکان و خوێندەوارانی خوێندنگاکەی خۆشیان نەویستووە و لەگەڵی ڕێک نەکەوتوون و قسە و باس و وتووێژیان لەگەڵ نەکردووە. بە قسەیەکی تریش ئەخفەش خۆی قسە و باس و ئاخافتنی پێخۆش نەبووە و ویستوویەتی کە هەرچی دەیڵێ و بەسەر زاری دادێ، خەڵکی قسەکەی بۆ تەسدیق بکا و قەبوولی بکا.

هەروەها دەگێڕنەوە و دەڵێن ئەخفەش لە کاتی باسکردن و قسەکردنا ئەوەندەی قسە کردووە و لەسەری ڕۆیشتووە، کە ئەو کەسەی باس و وتووێژکەی لەگەڵ کردووە، بە تەواوی ماندوو و وەڕەس و لە گیان بێزار و دەهری بووە. هەر بەم هۆیەوە هیچ فەقێ و خوێندەوارێک قسە و باس و وتووێژی لەگەڵ نەکردووە.

ئەخفەش بە ناچاری بزنێکی پەروەردە کردووە و مەبەستەکانی زانست و زانیاریی، وەکوو فەقێ و قووتابییەک یا وەکوو هاوەڕسییەک بە بزنە گوتووە و ویستوویەتی ئەم حەیوانە بەستەزمانە قسەکانی بۆ تەسدیق بکا، ئەخفەش ئەو بزنەی بە جۆرێک پەروەردە کردووە کە لە حاند قسەکانی ئەخفەشدا سەروپێشی جوولاندووە و تەکانی داوە و شێوەی تەسدیق کردن و قەبوولکردنی بەخۆیەوە گرتووە، واتە: ((بەڵێ وایە)).

عەللامەی قەزوێنی سەبارەت بە ئەخفەش بەم جۆرە دەنووسێ و دەڵێ: دەڵێن ئەخفەش کاتێ کەسێکی دەست نەکەوتبا بۆ ئەوەی قسەوباس و وتووێژی زانستی و زانیاری لەگەڵ بکا، لەگەڵ بزنەکەی دەستی دەکرد بە قسەکردن و باسی زانست و زانیاری بۆ دەکرد و بزنەکەش جارو بار بەهەڵکەوت هەر وەک خووی پێگرتبوو، سەری دەلەقاند و تەکانی دەدا و ئەخفەش هەر لەم شێوە ڕووالەتییە کە وەکوو تەسدیقکردنی قسەکانی بووە خۆشحاڵ دەبوو.

هەندێکی تریش لەسەر ئەم بیر و باوەڕەن و دەڵێن: ئەخفەش بۆ ئەوەی لە قسەکردن و وتووێژکردن لەگەڵ فەقێکان و خوێندەوارانی بێنیاز بێ، بزنێکی کڕی و تەنافێکی لە میچی ژوور و وتاغەکەی قایم کرد و سەرێکی تەنافەکەی لە کاتی موتاڵاکردن و خوێندنەوەدا لە هەر دوو شاخی بزنەکە دەبەست و ئەم ئاژەڵەی لە بەرانبەر خۆیدا ڕادەگرت و سەرەکەیتری تەنافەکەی بە دەست خۆیەوە دەگرت و هەر کاتێ دەیویستە قسەوباس و وتووێژەکەی درێژە پێبدا، ڕووی لە بزنە بەستەزمانەکە دەکرد و دیگوت: لە مەبەستەکە حاڵی بوو؟ هەر لەم کاتەشدا شریتەکەی دەکێشا و سەری بزنەکە بە نیشانەی((نا)) بەرز دەبۆوە، ئەخفەش درێژەی بە مەبەستەکە دەدا و ئەوەندەی دەلیل و بەڵگە دەهێناوە، تا ئیتر بە

یەکجاری و بە تەواوی ماندوو دەبوو، و سابیت کردنی مەبەستەکەی بە زیاد دەزانی و پاشان سەری شریتەکەی شل دەکرد و سەری بزنەکەی بە نیشانەی حاڵیبوون و قەبوواڵکردنی واتە: ((بەڵێ حاڵی بووم)) دادەنەوی و دەهاتە خوارەوە.

هەر لەو کاتەوە عیبارەتی ((بزنەکەی ئەخفەش)) بوو بە پەند و هەرکەس لە قسەیەک یا مەبەستێک حاڵی نابێ و تێی ناگا و بیری لێناکاتەوە و نائاگا و ناشیانە و نەزانانە تەسدیقی بکا و قەبوواڵی بکا، بێ ئەوەی لێی حاڵی بێ و تێی بگا، ئەو کەسە بە بزنەکەی ئەخفەش دەچوێنن و دەیکەن بە پەند.


نووسەری ((شمارالقلوب)) لە کتێبەکەیدا دەنووسی و دەڵێ: هەر کاتێ ((ئەخفەش)) قوڕئانخوێن و حەدیس بێژی سەدەی دووهەمی کۆچی، هیچکەسی لە دۆستان و هاوڕییانی خۆی بۆ قسەکردن و وتووێژی زانستی و زانیاری دەست نەدەکەوت لەگەڵ بزنەکەی خۆی باس و وتووێژی دەکرد، چوون هەم لە بێکاری بێزار بوو، هەم لەوەش دەترسا مەبەستەکانی زانست و زانیاری لەبیر بچێتەوە و هەم دەرس گوتنەوە و ڕیوایەتکردنی حەدیسی پیرۆزیشی پێ خۆش بوو.

شایانی وتنە ڕیشی بزنەکەی ئەخفەش لەناو زانایان و خوێندەواراندا بووە بە پەند و بەقەولی یەکێک لە زانا پایەبەرزەکان ئەو خوێندەوار و خوێندکارەی کە گوێ دەداتە دەرس و ڕیشی تەکان دەدا و دیجوولێنێ بەڵام لە دەرسەکە حاڵی نابێ و تێی ناگا، بە بزنەکەی ((ئەخفەش)) یان چووانووە.

سەرچاوە: فەرهەنگی پەندی پێشینیان، مامۆستا سەید نەجمەدین ئەنیسی، چاپنەکراو.

ژانەکانی پایزە برایەکی باوکم

هیوا قارەمانی



قەتم بیر لەوە نەکردبۆوە کە وەرزێک لە دەرەوەی سالّژمێر یان تەقویمدا کەی و چۆن و لە کوێرا دەست پێدەکا، بەتایبەت ئەو بیرە ئەو کات بە مێشکمدا هات کە پایز بە تەقویم مانگێک و چەند رۆژێکی لێتێپەڕ ببوو، یانی ڕاست و دروست چواری خەزەڵوەر بوو، بەڵام چۆناوچۆن و لەبەر چی، نازانم بۆچی ئەوانی بەتەمەنتر دەیانگوت بۆ وێنە ((بە تەقویم چواری خەزەڵوەرە یان چواری بورجێیە بەڵام بە حیسابی کوردی چلوپێنج شەو لە پایز تێپەڕ بووە)) یانی ئەوەی بە حیسابی کوردی دادەنێن دە رۆژێکی لەگەڵ تەقویمی هەتاوی جیاوازی هەیە. لەبەر ئەوەیکە لەو ئێوارە داوێن تەسکانەی ئەو ڕۆژانەی پاییزدا لە ماڵێ خەو دامنەگرێ، زۆر ڕۆژان دێمەدەرێ و ڕوو لە پارکێک یا قاوەخانەیەک دەکەم. بۆ وێنە ئەوڕۆ لە پەنا یەک دوو پیاوی بەتەمەن داچوو لە پارک دانیشتووم. چەند ساڵە ئاگام لێیە، ئەوانی بەتەمەن داچوو بەدایمە چاوێکیان لە ئاسمانێیە، ئای ئەرێ بڵێی ببارێ یان نا، هەر بەڕاستی لەو ساڵە بێبەفر و بارانانەدا ئەو تاقمە زۆر نیگەرانی ئەو کێشەیەن، دەنا بەڕەی نوێ زۆر گوێیان بەو شتانە نابزوێ. ئاگام لێیە یەکیان وێڕای ئەوە کە چاوێکی لە منە هەتا بزانێ چەندم سرنج لە قسەکانیەتی ڕوو لەوی دی دەکا و دەڵێ: " حەقی خۆیەتی ساڵ دەرەنگە بە قەولی قەدیمیان فەسڵی پەڵەی هاتووە و جەنگەی بارانی پەڵەیە" ئەوی دی ڕوو لە من دەکا و دەڵێ :"کتێبیش دەخوێنییەوە، بەڵام با بزانی، قەدیم چلوپێنج شەوی پاییز چووبا دەیانگوت جەنگەی بارانی پەڵەیە....."

خەریک بوو بۆی شی دەکردمەوە بارانی پەڵەی بە چتۆ بارانێکی دەڵێن، هەڵبەت ئەو نەیدەزانی کە من بەهۆی ئەوە کە کوڕە جوتیارم هەندێک لەو شتانە حاڵیم.....

ئەوی دی وەدەنگ دێ و دەڵێ ئەرێ ئەوە بەجێی خۆی، ئەتۆ ئەوەم پێبڵێ ڕۆژێ ئەو جێڵانە تێکدالّێن و بە سەعات نابزون خەریکی چین؟ ئەوی دی وێڕای ئەوە کە چاوەڕێیە من وڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، بە بێئەوەی وەسەرە خۆ بێنێ کە نازانێ ئەوانە خەریکی چین، دەڵێ: کوڕە بێکارن، لە بێکارییان نازانن چ بکەن، ئەوەندەی دەزانم ئەوەی دەیکەن شتێکە وەک جۆرابێنی قەدیم.....

هەروا کە ئەوان خەریکی باس لەو بابەتەن، بیر لەوە دەکەمەوە گەر هاتوو ڕاستەوخۆ ئەو پرسیارەیان لە من کرد چۆنیان تێبگەیەنم، ئەخە گەر بمهەوێ بۆت باس بکەم کە ئەوانە خەریکی چین ئەوکات دەزانی کە شیکردنەوەکەی بۆ ئەو مامە

پیرانە کارێکی ساکار نییە. ئەوە هەندێک خوێندەواری بێکارن کە لێرە تێکئاڵاون و کایەکی بەنێو ((پۆلیس و مافیا)) دەکەن، کە هەر لەجێی خۆی و بە زمان ئەو کایە بەڕێوە دەچێ. لە بەر ئەوەی کە بە پەلەم وڵامێک بۆ پرسیاری ئیحتیمالی ئەو مامەپیرانە بدۆزمەوە کە لەوانەیە لە ناکاو لێم بپرسن، چەلێ ناتوانم زۆرتر لە بارەی ئەو کایەدا بۆ تۆ بدوێم. خودایە گەر پرسیان دەبێ بڵێم چی؟ لە ناکاو ئەوی لەولاتری من دانیشتووە دەڵێ ئەرێ برادەر ئەتۆ نازانی ئەوانە خەریکی چین؟ ئەمنیش کە لەسەر وڵامێکی کە شیاوی تێگەیاندنی ئەو مامەپیرانە بێ، ساغ نەببوومەوە. بە بێئیرادە گوتم وەڵاڵا ئەوە هەر "قەرەقەرێنی" قەدیمە کە هێشتا بە قسە دەیکەن: ئەوەی لە من نزیکتر بوو پێکەنی و گوتی شتێکم وەبیر هاتەوە:"ئەوە برازایەکم لە خاریجەیە، منداڵێکی زۆر ژیکەڵەی هەیە کە هاتبوونەوە ئێرە، لەگەڵ منداڵی خزم و کەسان ڕێک کەوتبوو ئەوانیش دەگەڵی ڕاهاتبوون. جا کە دەچوونە کووچەی بۆ کایەکردن بە پەلەتر لەوانیتر دەیگوت ئەرێ منداڵینە با بچین بۆ ((کەرەکەرێن)) ئەخە بۆی نەدەهات بڵێ قەرەقەرێن..."

هەر سێکمان پێدەکەنین. داوای لێبوردنیان لێدەخوازم و بەجێیان دێڵم. دێتەوە بیرم، کە بیرم لەوە دەکردەوە وەرزەکان چۆن دەگۆڕدرێن. بەڵام کە بیرم لێدەکردەوە وەبیرم دەهاتەوە کە ئەوە هەروەک ئەو پرسیارەیە کە بۆ وێنە بڵێی ئەرێ سەردەمی لاوییەتی کەی و لە کێها کاتڕا دەست پێدەکا، هەور بەربینگی ئاسمانێ بەتەواوی دەگرن و وڵات بەرەو تاریک داهاتنە. چەندین شت بە مێشکم دادێ کە یەکیان وەک ڕێگایەک بۆ گوزەراندنی ئەو شەوە درێژە هەڵبژێرم، دێمە سەرشەقام و لەوانەدا لە بەر دمم ڕایدەگری. بێ پرسوڕا دێم و لە نێو ماشێندا لە پەنات دادەنیشم و چاک و خۆشی دەکەین. زۆر تێکچڕژاوی. وەڕووی خۆم ناهێنم. دەپرسم چۆنی؟... ئەوە بۆ کوێ؟.... دەڵێی دایکم لە نەخۆشخانەیە و دەچمە لای. بە بێئەوەی کە باسێکی ئەوتۆ لەو بابەتەوە بکەین. منیش لەگەڵت دێم. هەڵبەت لەو کاتەدا پتر پێم خۆشە لەگەڵت بم. چوونکە لەوەتا هاتوویەوە هێشتا نەمتوانیوە بە دڵی خۆم بتبینم. لێت دەپرسم قەرار وابوو پاشی مانگێک بگەڕێیەوە، ئەدی چۆنە لێرەی؟ لە وڵامدا دەڵێی لەتاو دایکم نەمتوانیوە بەگەڕێمەوە. زۆر نەخۆشە، ئەو پیریە هیچی لەگەڵ ناکرێ، دەڵێم نەوەک گەڕابمەوە و شتێکی لێبێ و دیدار بە قیامەت بین و هەتا مردنێ لەسەر دڵم دەبێ بە گرێ. ... هیچمان، هیچ نااڵێین... وەبیرم دێتەوە برادەرێک کە لە دەرەوەڕا هاتبۆوە هەڵبەت پاشی چەند ساڵان، لێم پرسیبوو ئەرێ دەگەڵ غوربەت چۆن سازاوی؟ ئارەزووی دایک و باوکت ناکەی؟ لە وڵامدا گوتبووی کوڕە کاکە ئەوەی بۆتە هۆی ئەوە کە ئێمە ئاوا بەو چەشنە بەو کێشە عاتیفی و هەستیارانەوە بەسترابینەوە ئەوەیە کە لێک نزیکین و هێند لەو هەمووە ساڵ و مانگ و حەفتە و ڕۆژ و شەوە داوا بەدوای یەکدا بەدایمە یەکتر دەبینین بۆیە وا دەرگیری هەست و عاتیفە دەبین، دەنا کە لێک هەڵبڕاین، پاش ماوەیەک هەموو شت دەگۆڕدرێ و زۆر جاران بە مانگیش بیری ئەوانەی وا پێشتر یەخسیری دەستی عاتیفەیان کردبووی وەک دایک و باوک، ناکەی! ئەویش لەو دنیایەدا و لەو سەردەمەدا هەر کات بمهەوێ، گوێم لە دەنگیان دەبێ و دەتوانم پێوەندییان لەگەڵ بگرم، هەر دەڵێی نەک لە نۆرۆێژ بەڵکوو لێرەو لەو مەهابادەم....! ئەمنیش لە ڕوودا مابووم و پێم عەیب بوو بپرسم ئەدی گەر هاتوو لێرە نەبووی و یەکیان مرد، دەڵێی چی؟ دواتر باسەکەمان گۆڕی بوو، باسی ئەو دۆستە کچە ئۆکراینییەی بۆ دەکردم کە چەند لەبارە و لەو جۆرە شتانە.... وا لە بیرەوە ڕاچووم، هەتا نەتگوت ئەتۆ هەر لە ماشێنکە دابە ئەوە دێمەوە هەستم بەوە نەکرد کە گەیشتووینە ناو حەوشەی نەخۆشخانە. لەوانەدا کە تۆ چوویە ناو نەخۆشخانە و منیش لە نێو ماشێنەکەدا

دانیشتووم، وەبیر نەنکم دەکەومەوە. نازانم چۆن بوو کە وای لێهات. ئینسانێکی پاک و خاوێنی شایی بەخۆ و سەرەژنێ لە ڕێزەی پیاوان، هەر لەناکاو، هەڵبەت نازانم چۆناوچۆن یانی مەبەستم لەوە کە دەڵێم لەناکاو ئەوە نییە بۆ وێنە بڵێین وەک لە ناکاو لە حاستەخۆ بەر بوونەوە یان شتێکی لەو چەشنە، بەڵام نازانم چۆن بڵێم و ناتوانم بیگێڕمەوە لە کوێڕا دەستی پێکرد، بەڵام بە بێئەوەی هەستمان پێکردبێ لە ماوەی مانگێکیدا بوو بە مرۆڤێکی بێدەستهەڵاتی لە کەڵک و کەرەم کەوتوو، دوکتۆران جوابیان کرد و وەک مۆمێک تواوە و بە جێی هێشتین..... . شەو داهاتووە و وڵات تاریک هەڵگەڕاوە. لامپای دارتێلەکان هەڵ کراون و دێیە خوار و پێم دەڵێی ؛ زۆرت شەرمەندەم، من چەلێ دەبێ لێرە بم، ئەتۆ با لەخۆڕا لێرە نەبی با مزاحیمت نەبم....

بە جێت دەهێڵم و لە حەوشەی نەخۆشخانە دێمەدەر و بە پێیان و بە پیاسە ملی ڕێگایە دەگرم.... هیچ شتێک بە مێشکمدا نایە. تەنیا هەر ئەوەندەم لێڕوونە کە یەک لەو کارانەی دەمهەویست ئەو شەومی پێبگوزەرێنم بۆوە هیچ و بە بێئەوەی شکێکم هەبێ، دەزانم دەبێ ڕوو لە مااڵێ کەمەوە.

لە بڵواری نەخۆشخانەکە دێمە خوار. گەاڵی وەریوی دارەکانی کەناری شەقام لە ژێر پێمدا خشەیان دێ. وەبیر چەند ڕۆژ لەمەوبەر دێمەوە. قەرار بوو ئەنجومەنی ئەدەبی کۆڕی شێعر ساز بدا و ئێمەیش وێکەوتبووین کە بۆ ڕازاندنەوەی سەحنەی ئەو سااڵنەی بڕیار وابوو بەرنامەکە لەوێ بەڕێوە بچێ دیکۆڕێکی شیاو ئامادە بکەین. چۆن و بە چتۆ زەحمەتێک تەنەی دارێکی ئیشکبوومان لە شارۆیرانڕا هێنا و لەسەر "سێن" دامانمەزراند. بمێنێ، لێرەدا بە ئەو گەاڵیانەی ژێر پێم وەبیر ئەو گەاڵیانە کەوتمەوە کە بە چەسب لەو دارە ئیشکەمان دەدا هەتا جیلوەی پاییز پێشان بدەینەوە. ئاخر ئەو کۆڕە بە ((پایزە شێعر)) نێودێر کرابوو. بە بێئیختیار دەکەومەوە یادی تۆ. دەزانی کەنگێ دەڵێم؟ هەر ئەوێ ڕۆژێ. یەکی خەزەڵوەر. گەر لە بیرت بێ، زۆر بەپەلە بووی هەتا نۆرەت بێ. دەمزانی بۆ. چونکە بابت لە نەخۆشخانە لە ژێر چاوەدێری پزیشکیدا بوو، زۆر باش لە مێشکمدا خۆی پاراستووە ئەو کاتەی کە وەک تەنیا و تەنیا شاعیرێک لەو کۆڕەدا بەر لە تەواوبوونی خوێندنەوەی شێعرەکە هەستی جەماعەتت وەجۆش خست و چەپڵەیان بۆ لێدای. بە هۆی ئەوەی کە ماشێنت پێ نییە داوا لە من دەکەی هەتا نەخۆشخانەت بەرم. منیش لەگەڵت دێمە سەرێ. ئەخە بابتم هەر لە منداڵییەوە دەناسی. نەک بە هۆی خزمایەتی بەڵکوو بە هۆی ئەوە کە لەگەڵ بابم دۆستی یەکتر بوون. کە دێمە ژوور چاوم بە باوکت دەکەوێ، زۆر تێکدەچم. وەڕووی خۆمی ناهێنم. ئەخە زۆر سەیرە هێند لە مێژ نییە کە باوکتم دیبوو، بە کوێدا وای لێهات؟

جوانم لە بەر چاوە، کە ئەو هەمووە ئازارەی باوکت خەریکە تابشتی دێنێ، چۆنت وێک دێنێ و زۆر باش هەست بە ئازاری دەروونت دەکەم.....ماوەیەک لە خزمەت باوکتدا لەو بەر، ئەم بەری تەختەکەی ڕاوەستاین و ئەتۆ ئەوەی پێت وایە لە دەستت دێ ئەنجامی دەدەی، تەنانەت خەریکی لەوە دەگەڕێی کە شتێک ئەنجام بدەی کە هەر بۆ کاتێکی گوزەرا دڵی باوکتی پێخۆش کەی. باوکت بە سرنجێکی باوکانەوە نیگاهێکی پیاوانە، تێمان دەفکرێ. دەڵێی: بابە دەزانی ئەوە کێیە؟ ئەوە کوڕی فاڵنە کەسە. دەنگی کزی لە تاقەتکەوتووی باوکت، باس لە دۆستایەتی خۆی و بابم دەکا. قەرا وایە ئەو شەو کوڕێکی ئامۆزات بێتە لای باوکت. چوونکە ئەتۆ بۆ شەوێ لە مااڵی برادەرێک بانگ کراوی. باوکت ئیزنی داوی بچی. هەر بۆیە زوو زوو

تێمان دەگەیەنێ برۆین. لە رۆیشتنێدا، من دەستی باوکت کە لە چەندین جێگاوە کەلوپەلی پزیشکی پێوەیە بۆ دەرزی لێدان و دەواو دەرمانی دی بە ئاهۆنی لە دەستم دەگرم و ماچی دەکەم. لەناکاو وەرزم دەبێتەوە وەرزی منالّیم. ئەو دەستە بێهێز و بێتاقەتە دەمباتەوە سەردەمی منالّیم؛ من کە لە تاران لە مالّی باپیرم بووم. هاتبوومەوە بۆ ولّات و دەگەڵ بابم خەریکی چوونە میاندووئاو (میاندواو) بووین. باوکم لە ناو مینیبووسەکە دانیشتبوو، چاوەڕێ بووین پڕ بێ و وەڕێ بکەوێ. ڕاننەدەی مینیبووسەکە لەگەڵ بابم کە لە پشت سەری سەندەڵی ڕاننەدەکە دانیشتبوو زۆر بە خەستوخۆڵی گەرمی قسان بوون. ڕاننده هەستاو، لەناو مینیبووسەکەدا خەریکی ڕێکوپێککردنی هەندێک شتومەکی لەوێ داندرابوو. من کە تا ئەو کاتە لە دەرێ خەریکی خوارادنەوەی نووشابە بووم، تەمام گرت وەسەر کەوم، کەچی لەناکاو تێگەیشتم، ناتوانم. پام ناگاتەوە ڕیکابی مینیبووسەکە، کەچی ڕاننده لە نێو دەرکی مینیبووسەکە و لە سەرێڕا دەستی گرتم و هەڵێکێشام و بە لەحنێکی پیاوانەی تووڕەیی پێوەدیار بەڵام تێکەڵاوی محیبەتێکی نهێنی، گوتی: ئەتۆ چ پیاوێکی، لەوەندەی ناتوانی وەسەر کەوی؟ ڕاننده و بابم هەر دوو پێکەنین و ڕاننده کە زانی من ناڕەحەت بووم، دەستێکی بە سەرمدا هێنا و بابم گوتی: ((کوڕە شەرمەندەتم عوسمان ئاغا، ببەخشە)).

پاشی ماچکردنی دەستی باوکت، ئیزنی ڕۆیشتنمان لێ خواست و خەریکی هاتنەدەر لە ژوورەکە بووین کە هەر دوو دیتمان باوکت چاوی پڕ بوون لە ئاو و دڵی پڕ بووە. هەر دوو لە کاتێکدا بەتەواوی نەگەیشتبووینە بەر دەرکی دیوەکە، گەڕاینەوە. وێڕای ئەوە کە گریان لە ئەوکمدا بوو، گوتم: مامە گیان بە خودای نابێ خۆت ناڕەحەت کەی. دەنگێکی پیاوانەی تووڕەیی پێوەدیار، بەڵام تێکەڵاو محیبەتێکی نهێنی گوتی: ((نەڕۆن ناڕەحەت دەبم، بڕۆن بزانم)).

کەوابێ دیار بوو ئیتر جێ بۆ پترمانەوە نییە و پاش ئەوە کە تۆ ئیزنت لە باوکت خواستەوە، منیش هەر بۆ مالّئاوایی گوتم :"ئەمرێکت نییە عوسماناغا؟"....

کاتی نان و چاخواردنی بەیانی باسی باوکت بۆ بابم دەکەم. نابیسم هیچ بڵێ. کە سەرم هەڵێنا، دیتم ئەوە زۆر بە هەستار فرمێسکی دێنە خوار. کەچی ناتوانم بۆی بگێڕمەوە کە دۆینێ شەوێ دیتنی ئەو دەستە ماندوویەی باوکت، چۆن ئەو ژانەی ژێر پیلمی لێ زیندوو کردمەوە کە لە کاتی یارمەتیدانی ئەو دەستە بۆ وەسەر کەوتن لە مینیبووسەکە، هەستم پێکردبوو. یانی بەڕاست چۆن دەتوانم ئەوە بگێڕمەوە و بڵێم ئەو وەبیر هاتنەوەیە لێم بۆتە غەمێکی ئەوەندە داوێنزەرد کە بۆ خۆیشم نازانم دوێنێیە یان ئەورۆ!

دێمەوە

زێنەب بابایی



ورتە ورتی ژنەکان ئازاری دەدام. دەتگوت مێروولەن و لە سەر مێشکم پیاسەی دەکەن. هەر شتێکی سەیر بوون. پەتانی چڵکنەکەم رێکوپێک کرد و خۆم خافڵاند. لەو دیوە بێ پەنجەرەیەدا بۆنی خەنە وەبیر دایک و نەنکمی دەخستمەوە. . بۆنی خەنەی تازە!!!

ڕوانیم. ژنەکە خەنەی گرتبۆوە. هەر دووک دەستولاقی تێدابوو. لە دەستیڕا، دە لاقی هەڵدەسوو و لە لاقیڕا، دە دەستی. پڕ بە زاریشی خەریکی هەڵسووڕاندنی بنێشت بوو. ماوەشی بە کەس نەدەدا قسان بکات و هەژدەر هەژدەر قسەی لە زار دەردەپەڕی. بۆنی خەنە و بنێشتی کوردی و هەروەها دەنگی قاوچەقاوچ و پەیتا پەیتا قسەکردن و خشەخشی نایلۆنە ڕەشەکەی کە لە بن لاقی ڕاخستبوو هەتا ڕاخەرە چڵکنەکەی بەر پێی پیس نەبێ، تێکەڵاو ببوون و ببوو بە هۆی ئەوەی کە نەتوانم بە ئەرخەیانی بیر لە دایک و نەنکم بکەمەوە و بیرەوەرییەکانیان لە کاتی خەنەگرتنەوە وەبیر بێنمەوە.

هەڵبەت دایکم لەبەر نەخشاندنی دەست و لاق و قژەکانی خەنەی دەگرتەوە، بەڵام ئەو ژنە بۆ دەرمانی خوروویی دەست و لاقی هەر قەدەر نا قەدەرێک ئەو بەزمەی ساز دەکرد. ئەو دوو ژنەیتریش ئاو ڕاوەستابا، ئەوان ڕانەدەوەستان لە قسەکردن و دمەقاڵە. یەکیان لەم سەر و ئەوی تریش لەو سەری. هەناسەیەکی تووندم هەڵکێشا و دەرم داوە دەرێ. ژنە دەست و لاق بە خەنەکە، چاوێکی لێکردم و بزەیەکی هاتە سەر دم کە جێگا بەتاڵەکانی نێو دموددانی وەدیار دەخست. بە گاڵتە گوتی : ((ئەرێ ئەتۆ زارت بۆگەنیو نابێ هێندە بێدەنگی؟ ماندوو نابی ڕۆژ تاکوو ئێوارە چاومان تێدەبڕی؟)). پێکەنیم. وا دیار بوو برێکیش ناقایلە. ڕووم لەو بەری کرد. ئەو کچە بەستەزمانە وەک هەمیشە دەسرەیەکی لە سەروچاوی بەستبوو و لە سەر تەنیشت ڕاکشابوو و خۆی ڕادەژاند. لەوەتی دەیناسم سەری هەر ژانێ دەکا. بە ئاسپایی چوومە لای. گوتم برێکت بشێلم. هەر یەکودوو خۆی ئامادە کرد. هیچی نەدەگوت. زانیم دیسان بە دزی و لەبن لەچکە شرەکەی کە لە سەروچاوی هاڵاندبوو، خەریکە دەگری.....

دڵم پرپوو. منیش هیچم نەدەگوت . هیچیشم پێنەدەگوترا. دەنگی شەقە و تەقەی دەرگا ئاسنەکە و قوفڵکرانەوە و داخستن هات. هەموو قوت بووینەوە هەتا بزانین چ باسە. دارەکەی دەستی لە میلە ئاسنەکان ڕاکێشا و بە دەنگێکی بەرز گوتی : ((نازی ؟ شمەکەکانت کۆ کەوە و خێرا سازبە)).

چاوێکم لە ژنەکان کرد. ژنە دەست و لاق بە خەنەکە بێدەنگ ببوو، بەڵام دەنگی قاوچەقاوچی بنێشتەکەی هەروا دەهات. کچۆڵەکەش بە خێرایی هەستا سەرپێ و لەچکە شرەکەی لە چاوی کردەوە. چاوی دەتگوت گۆمی خوێنە. شمەکەکانم دەست دایە و چووم بۆ لای دەرگاکە..... بە شەقوتەقێکی زۆرەوە قوفڵەکەی کردەوە. چوومە دەرێ و دیسان قوفڵەکەی داخستەوە. دەنگی ئەو دەرگا ئاسنە و ئەو قوفڵە دەتگوت دڵۆپ دڵۆپ ئاوی ساردە کە بە ڕووتی و لە سەرمادا وە پشتی مرۆڤ دەکەوێ..... ئاوڕێکم لە ژنەکان داوە. دەستیان کردبۆوە بە قسەکردن. شمەکەکانم لە باوەشمدا کووشی و چاوێکم لە تەخت و پەتۆکەم کرد. لە دڵی خۆمدا گوتم: ((هێندەی پێناچێ دێمەوە...))

ژنە پاسەوانەکە بە تووڕەیی گوتی : ((خێرابە، بۆ ڕاوەستاوی؟)) پیلی گرتم و ڕایکێشام. بە دوایدا وەڕێ کەوتم. گوتم : ((کێ بە دوامدا هاتووە؟)) بە گاڵتە و بزە سەری لێڕاوەشاندم و بە خێرایی بە دوای خۆیدا ڕایکێشام.

لێرە ڕووداوەکان لە ڕۆژنامەدا دەخوولێقێن

کوردستان گولابی ئازەر



دەستم ناوتە بەر چەنەگەم. ڕۆژنامەیەک لە بەر دەستمە.

من زۆر جاران بە بێئەوەی بۆخۆم بزانم بۆچی دڵم دەگیرێ.

دایکم **دڵێ**: دیسان چ بووە؟ بۆ ئاوا ماتی؟

وەک هەمیشە جوابی نادەمەوە. من زۆر جاران ئاوهام لێدێت. بڵێی بۆ ئاوهام لێبێت؟

چاوێک بە سەر ڕۆژنامەکەدا دەگێڕم.

نووسراوە: لیتری بێنزین لە بازاری ئازادا بوو بە هەزار تمەن.

ـ بابە دەزانی لیتری بێنزین بۆتە هەزار تمەن؟!

بابم لە ژووری چێشتخانەیە. وەک هەمیشە خەریکی شێری ئاوەکەیە. چاکی دەکاتەوە.

–ئەو شێرە ئاوە هەرز بووە. دەبێ بیگۆڕم.

دایکم: تەواوی کۆن بوونە. دەزانی چەند ساڵە نەمانگۆڕیون؟

–بەڵێ دەزانم...پووڵی دەوێت. گەڕاومەتەوە سەر ڕۆژنامەکە. من لە مانگدا زۆر جاران ئاوهام لێدێت. دڵم دەگیرێت. نازانم بۆچی. پێم خۆش نییە لەگەڵ کەس قسە بکەم. مەبەستم چنووری دۆستیشمە.– دەزانی کارتەکەم بێنزینی تێدا نەماوە؟ بە خودا سەگ و شوانم تێگڕا دێتەوە .

شتێک بەردەبێتەوە. وەک هەمیشە. دایکم کە تووڕە دەبێت شتێک بەردەداتەوە، هەڵبەت ئەو شتانەی ناشکێن. وەک سەرە قابلەمە ....قاپی مەلامین...سوزمە ..

دایکم: ئەتۆ هەمیشە سەگ و شوانت هاتۆتەوە. ئەو جارەش لە سەر ئەوانی دیکە ...

– ئەو شێرە ئاوە بۆ ئاوا هەرز بووە .

– ئەو ماڵە کاول بێ، کاول..کاول. کۆن بوونە... کۆن. بۆ حاڵی نابی؟

– ناوەڵلا ئەتۆ ئەو شێرە ئاوانە زۆر بادەدەی. دەڵێ لە گەڵی بەشەڕ دێت.

بیری چنوورم کردووە. چەند ڕۆژە قسەم لەگەڵ نەکردووە. ئەویش بە خاتری منەوە سووتاوە.

چەند ڕۆژی مانگ کە ئاوا دەبم. قسەی لەگەڵ ناکەم. دەزانم زۆر وەڕەزە بەو ئاکارەی من. چاوم بە هەواڵێک دەکەوێ.

– ژنێک بە بێنزین ئاگری لە خۆی بەردا. ژنێک بە بێنزین خۆی سووتاندووە. بڵێی ئەویش لە بەر گرانبوونی بێنزین ئاوای کردبێت. دایکم: جاران بێنزین ئەرزانتر بوو هەر دەتکووت هیچم بۆ ناهێڵێتەوە. سەگ و شوانم هاتۆتەوە .

– من لە مێژە سەگ و شوانم هاتۆتەوە. لەو کاتەوە چاوم کردۆتەوە. ئەو دەمە کە نەمدەزانی بێنزین چییە و بۆچی دەبێت.. لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو هەواڵە زیاتر بیری چنوورم کردووە. بڵێی چ بکات.

لە مانگدا کە زۆر جاران ئاوا دەچمە ناخی خۆمەوە. لێی بێخەبەر دەبم. چنوور هەمیشە پێم دەڵێت:

ـ ئەو حاڵەتەی تۆ ئاسایی نییە. دەبێ بچێ لای دوکتۆر.

من هەر چەند ڕۆژ پێش، لە سەر ئەو قسەیە دەگەڵی بە شەڕ هاتم... من پێویستیم بە دوکتۆر نییە .

– نیگەران مەبە. کرێ ماشێنیش گران دەبێت. ئەی خۆ هەر ئاوا نابێت؟

سەرم هەڵێناوە. چاوم بڕیوەتە دایکم...بابم... بە ئەوندە شێرەکردنەوە. گیان تەواو خووساوە لە عارەقەدا.

–نیگەران مەبە. کرێ ماشێنیش زیاد دەبێت.

دایکم بزەیەکی دێتە سەر لێو.

ئەرێ حەق بە بابم دەدەم. لەوەتا منیش وەبیرم دێت. ئەو کاتانەی منیش نەمدەزانی بێنزین چییە و بۆچی دەبێت...هەر باوکم سە گ و شوانی هاتبووە .

لەوەتا وەبیرم دێت دایکم هەر مات بوو. هەر بۆیە بە چنوور دەڵێم:

ـ بە قوربان، تەواوی ئەو حاڵەتانەی من هەمە دەبێ هی بێپوولّی بێت.

باوکم: ماشێنەکەم کۆن بووە .

دایکم: شێرەکانی ئەو ماڵە تەواوی کۆن بوونە .

باوکم: هیچم بۆ ناهێڵێتەوە .

دایکم: بۆ من چیم لەو ژنەی جیرانمان کەمترە .

باوکم: دەبێ ئەو ماشێنە بفرۆشم...دەبێ کارێکی دیکە بکەم.

من: بەسی کەن ....بەسی کەن بەس ...قووڕتان کرد بە سەرماندا... قووڕ...

دایکم: ڕۆڵە بۆ دیسان ماتی ... بۆ قسەمان لەگەڵ ناکەیت.

باوکم: شەوانە ئەتۆش دەتوانی بە دزییەوە مسافیر سوار بکەی.

دایکم: دەیگرن. ئاخە ئەو کارتی سەلاحییەتی نییە .

باوکم: شەوانە کاریان پێی نییە.

دایکم: دەبێ لە فکری دەرسەکەی‌دا بێت.

باوکم: دەرسی چی؟ بۆ ئەوانەی خوێندوویانە چیان بە چی کردووە .

دایکم: ناهێڵم کوڕەکەم بەدبەخت کەی.. ناهێڵم.

من: بەسی کەن.. بەسی کەن.. بەس.. قووڕتان کرد بە سەرماندا... قووڕ...

باوکم: دەزانی هەر فەرغوونێک دانێ، سیگاری لە سەر بفرۆشی. زۆرتری بۆ دەهێڵێتەوە هەتا ئەو ماشێنە .

دایکم: وابکە. بزانە کوڕەکەم لە نێو خەڵک بێئابڕوو ناکەی؟!

باوکم: بۆ بێئابڕووی دەکەم. کار دەکات. پوول دەردەهێنێت.

دایکم: تۆ هەموومانت بەدبەخت کرد. ناهێڵم کوڕەکەم....

من: چنوور لە کوێی؟

چنوور: لە ماڵێم.

ـ چ دەکەی؟

ـ ڕۆژنامە دەخوێنمەوە.

ـ هی ئەوڕۆیە دەیخوێنییەوە ؟

ـ نا.. کۆنە. وەبەر دەستم کەوتووە. دەیخوێنییەوە ...

ـ مەیخوێنەوە ...هیچی تێدا نییە. بە کارت بێت.

ئەو دەنگە چییە.

ـ دایکم و بابم...لێیان بووەتە شەڕ.

ـ بۆ چی؟ ـ لە سەر گرانبوونی بێنزین. شتێک بەر دەبێتەوە. ئەو جارە یان شتێک دەشکێت.. ـ من: ...

هەوالنامەی کێبڕکێ

بەرهەم ۷

لەوبەری ئاوێنەکان

چرۆ

بە دەنگی جیرەجیرێ سەندەلێکە وەخۆ هاتمەوە. نەمدەتوانی چاوم هەلێنم، لە ئاوێنەی بەرامبەرم ڕامام. دەستم بە سەرم گرت، چاوەکانم چکۆلە ببوونەوە. دەنگێ شۆڕەشۆڕێ باران سوکنایی دەدا بە دڵم .

هەر فرمێسکەکان بوون بە سەر دموچاومدا شۆڕ دەبوونەوە. خۆزگە تواناییم هەبوایە کۆیان کەمەوە و خۆمیان تێدا حەشار بدەم. بەڵام ... کات تێنەدەپەڕی، لە نێوان خەو و وشیاریدا وەک ئەوەی بە سەندەلێکەوە نووسابم، توانای هەستانم نەبوو، هەناسەیەکم هەلکێشا پێم خۆش بوو لەو حاڵەتەدا بمێنم؛ بە جیرەجیرێ سەندەلێکە پێکەنینم دەهات، چەند ڕۆژ پێش کە چوومە لای وەستاکە، پێم کوت وای ساز بکات جیرەی لێبێت. وەستاکە چاوی تێبڕیم، پێی سەیر بوو، وەیدەزانی شێتم یان گاڵتەی پێدەکەم کە دووپاتم کردەوە، قەبوولی کرد. دەستم بۆ لای دەفتەرەکەم برد و هینامە سەر کۆشم، بە وەرەقەکان کایەم دەکرد دەنا هیچم نەدەدیت. تەنیا دەمنووسی و لاپەڕەکان ڕەش دەبوونەوە. ئەویش نە کاتژمێرێک، نە دوو کاتژمێر، نازانم ڕەنگبێ زیاتریش ... بە دەنگی زەنگ دیسان وەخۆ هاتمەوە، دلەڕاوکییەک گیانی داگرتم. بەڵام زۆر زوو تەواو بوو، دایکم لە پشت خەت بوو.

ـ ڕۆڵە بۆ گووشی هەڵناگری؟ دیسان خەریکی کتێبخوێندنەوەی؟ دوێنێ مەگەر ئیمتحانەکەت تەواو نەبوو؟

ـ دوێنێ ....

ـ ئیمتحان.....

گوێم دابووە دایکم و بیرم ڕۆیشتبووە سەر وێنەی دیوارەکە

ـ سروە، ئەوە قسە بۆ تۆ دەکەم، لە کوێی؟ گوێت لێمە ؟

ـ... بەڵێ...بە لێ دایە

ـ دەڵێم پوورت دوێنێ لێرە بوو، هەر زاڵەی دەهات لە دەست سامانی. سامان بە تەمایە تەلاقی بدات.

ـ بۆ چی؟! خۆ نەیگواستۆتەوە!

ـ نازانم... نا..

لە پێش ئاوێنەکە ڕاوەستام.

ـ بڵێی لەو بەری ئاوێنەکان چ باس بێت؟!

سەرم بە ئاوێنەکەدا گرت.

ئەو ڕستەی هەمینگۆی هاتەوە بیرم

دەنگەکان بۆ کێ هاوار دەکەن؟

زەنگەکان بۆ کێ دەزرینگێنەوە؟

چاوم بە وێنەکە کەوت. بە خۆشەویستیەوە لە باوەشی گرتبووم .

زەردەخەنەکەی، بوێرانەتری کردم، مست لە ئاوێنەکە بدەم. ئیدی ڕووخام. من و زگم، ڕامام لە خۆم، لە زگم، لە بەتاڵی، زەردەخەنەکەی بوێرانەتری کردم. مست لە ئاوێنەکە ڕاکێشم. بزەکانی بوو بە سەدان لەت و تک تک ڕژا خوارێ.

سەندەلێکە ڕایدەژاندم. خوێنی لەشم تێکەڵ ببوو بە هەزار دەنگی نەگوتراو. بیرم هاتەوە کاتی ڕۆیشتن پێی گوتم: من و تۆ... ـ کچم سروە..... دەنگی چ بوو هات ؟

ئارەزووەکان

سەیران چووپان

بۆ ئارەزووەکان یەک دێڕ نووسینی بۆ هەموو تەمەن شاعیربوونی بەسە

خۆزگە هەرچی زووتر بتوانێ کارەکانی تەواو بکات و بگاتە جێژوان،... جا چ قازانجێکی هەیە، ئەم کێوەی باوێتە ئە و کێوەی، کەس بە هێندی ناگرێ، خۆزگە هەر بە هێندنەگرتن با، خۆزگە دەیانگووت ئەتۆ لەو مانگەیڕا، شەو تا ڕۆژ نۆکەر و قەرەواشی هەموو خەڵکی ئاوایی دەبێ بکەی بەو مەرجەی ئیزن دەدەین کە ئەو ڕوژەی ئی تۆ بێ. بەتەواوی کاتوسات چرکەکان، ڕۆژ تا شەوەکەی،بە تێروتەسەلی، ئیدی کەس حەقی نێ بڵێ پشتی چاوت بڕوێە، بۆ کوێ دەچی و کەی دێیەوە، تەنانەت هاوسێکانیشت نابێ هیچ بڵێن، بۆ مەگەر دەتوانن هیچ بڵێن! ئەوەنێ قەرەواشی هەمووان دەکا!

چەند دڵە خورپەیەتی، خوودا بکا باب و برا و تەنانەت دایک و خوشکەکانیشی لەو کاتەدا، ئەو بەرنامەی کە بۆ ئەو ڕۆژە دایڕشتووە، تێک نەدەنەوە .

- داوەرە کچێ... ئەوانی دیکەش بانگ کە، ئەگەر بەفر ببارێ ئەو بانە دەزەلێ و هیچیان نامێنن.

ئەگەر ئاوا بچێتە پێش دڵی ئەویش وەک بەفر دەتوێتەوە. چاوێکی لە ئاسمان بڕی، هەورەکان تەنک بوون بەڵام هەورەکان چیان لەگەڵ ناکرێ، تەنانەت ئەگەر کەڕەسیسەیەکیش بێ، کار لە کار دەترازێ، کارەکە ئەوەندە خراپە، لەوەش خراپتر دەبێ.

- خودایە هەڵنەکەی سەمایەک، لە بەفری ساردی سپی، پێڵاوەکانم تۆزانای سەماکردنی سەر پەنجەیان نێ، ...من و ئەورۆم پێ ببەخشە. من دوورو، کات نزیک، ڕۆژ کورت و کۆرت درێژ، جەماعەت خەویان دێ چۆن ئەوانە، بەو ئێوارە خڕ کەمەوە و تێکی وەتەنم؟

ئەو فکر و بیرانە لە زەینیدا دەهاروواژان و هاتوچوویان بوو.

- دایە ! بابەگەورە بانگت دەکا.

ڕۆژگارێکی زۆر ناجوامێرانەیە، قسەکان بە دوای یەکدا دووپات دەبنەوە ئەوەندە کە مرۆڤ پێی خۆشە هەمیشە لە دوای یەکدا ڕیزیان بکا. کەس تاوانبار نێ، ... تاوانبار دنیایە، دنیا چکۆلە بۆتەوە، بە جۆرێ کە لە بیرمان دەچێتەوە چەندە لە حەقمانداوڵمیان کردووە و بە قسەیەکی خۆش دیسانیش هەموو شتێکمان لە بیر دەچێتەوە.

ـ وەرە پێش ڕۆلە ... ئاگات لێ بوو ئیدی ئەو کەیخوودایانە بۆچی هاتبوون! ئەو هەتیوەش کورپێکی خراپ نێ، بابی پیاوە و چاکەشی زۆر پێدەکرێ... لەو دێیەی کەس نێ بە خراپە باسیان بکا... پێم گووتوونە کچی خۆتانە، هەڵبەت قسەیەکیشان لە کچە بیستووە و لە خۆڕا نەهاتوونە ئێرە.

دنیا ئەوەندەی دیکەش چکۆلە بۆوە، بەڵام ئەو گووتبووی ڕۆڵە، نابێ زمانم بگەڕێ، نابێ بڵێم قسەیان لێم نەبیستووە... ڕەنگە دنیا هەر وا بێ... ڕەنگبێ ئەو شتە موبارەک بێ... ڕەنگبێ هەموو کچە بەختەوەرەکان هەر بەو چەشنە بۆ ماڵە مێرد ڕۆیشتبێن... ڕەنگبێ هەستی من گرینگ نەبێ... ڕەنگبێ ژیان ئاوا نەبێ کە من هەستم پێکردووە ... ڕەنگبێ ڕەنگی چاوم ڕەش نەبێ و بۆ خۆم بەدیم نەکردبێ... ئەوەنێ بابم دەڵێ 'ڕۆڵە ' ئەوەنێ خوشکەکانم دەفتەرەکانم دەدڕێنن دەڵێن: 'ئەوانە نابێ هەبن' براکانم بەرگریم دەکەن، دەڵێن: ' نابێ کچ بە تەنیا بڕواتە ئەم و ئەوێ 'ئەوەنێ دایکم دەڵێ 'کچەتیوە خۆ ئەگەر باب و براکانت بزانن هاتوچووی ئەو بەقووڕێگیراوەی دەکەی، ئەمنیش بە تۆوە وەدەر دەهێندرێم'.

گووتی: ئە ئەورۆ هەر دەڵێی لەو ماڵەشدا نی.

گووتم: فکرم لەوە دەکردەوە، خۆ بابم زانی کە ئەمن هاتوچووی ئەو جێیە دەکەم، ئەدی بۆ تۆی وەدەر نەنا؟

گووتی: دە برۆ رۆڵە ... بچوو پێی بڵێ با وەدەرم نێ... بڵێ ئەوڕۆ بەو بەفر و سەرمایە دەمهەوێ بە تەنیا بڕۆم بۆ شاری تا شەویش نایەمەوە، شەویش براکانم ماشێنێکم بۆ بگرن و بێن بە شوێنمدا، ئەگەر ئەمن بۆت پینە نەکەم، بزانم دەتوانی؟

ـ خۆزگە لە پشتم بان، باڵی ئازادیم دەگرت، دەچوومە پشت هەوران و هۆنراوەم دەهۆنەوە، دەبوومە شنەبایەک بۆ سەر گەڵاکان و بۆ هەتا هەتایە لە سەر گوڵێک دەگیرسامەوە

ـ ئەتۆ بە خەیاڵ دەژی رۆڵە .... بە خەیاڵ. برۆ بابت بانگت دەکا، پێیان نەگوتووی؟

هەوری ڕەش و سپی بە سەر تاو کشا، زەویش بە گرمووڵەی سپی وون بوون، وردەوردە ئاو سەر لە سەرین هەڵدێنێ و پرسیار دەکا ' چ کاتە '؟ سۆزەی با وەڕێ دەکەوێ، چاو دەپشکوێنێ و ئەتۆی دەوێ، ئەسبی سپی بە قەراغ ڕێدا تێدەپەڕێ و دەتباتە ژوان، دڵەڕاوکە داتدەگرێ، هەر کە لە ئەسبی سپی دادەبەزی، سۆزەی با و شڵپەی ئاو لەگەڵ پێڵاوەکانت، کە ئیتر گرمووڵە سپییەکان تەبەق تەبەق لە سەر هەک چندراون، جڵقەی لاقت سڵاویان لێدەکاو لە ژێر پێ پێڵاوەکانت دەیانتوێنەوە 'چ کاتە '؟ ... کاتم زۆر نێ، دەبێ بە نیو کاتژمێر بگەمە کۆڕەکە، پێڵاوەکانم دەکەمە ئەسبی سپی و پێیان دەڕۆم، تا دەگەمێ، کۆڕەکەش لە هەوەڵی خۆی دادەبەزێ، ئاگادارم کردوونە کە من کاتێکی زۆرم نێ، هەڵبەت ئەوانیش لێم حاڵین، وا باشە بڵێم هەر ئەوانن کە لێم حاڵین، تێگەیشتن ڕووناکێکە کە لە پشت ئەودا هەموو شتێکی دەتوانێ ببینێ... خۆت ببینی، خەڵکی ببینی، دنیای ببینی، جوانییەکان ببینی... ئەو بەفرە ناهێڵێ هیچ ببینم... نەکا ڕێ وون کەم و نەگەمێ! نابینی هەڵوەرینم؟... نابینی تاسەی سەرم؟ سۆزەکەت لە ئێسکانم کار دەکا، ئەوانیش نەیاندیتم ... نەیاندیتم و دایانم بە هەتیوێکی چاو بە دنیا بەسراو، نە دیتمی نە ناسیمی... کەس نەیدیتم کەس نەیناسیم، ئیشتباهی بە دنیا هاتم، فرێ درامە ولاتێکی بێ شوێن و کاتێکی بێزەمان... لە پشت تاری سوور، کەس گریانی گیانمی گوێ لێنەبوو، بۆ ئەوەی کە زارم بە پێکەنینی ئاوااڵ ببوو، ئاوااڵم کردبوو کە نەکا کەس تۆمەتبارم کا بە خەیاڵاوی و نەهێنییەکان. دەبێ سبەی لە پشت ئەو تارا سوورە ڕاستەقینەی دنیایە بە جۆرێکی دیکە لە بێدەرمانترین ناهۆمێدی تێهەڵهێنمەوە، بۆیە ئەو کاتەی ماچی کردم نەمدەزانی خۆشەویستی یا گۆرانی، پەردەی بڕیم نەمدەزانی تەجاوزە یا حەققانی، ئیتر لەو کاتەوە تا ئێستا لەگەڵ بەفر و سەرما ڕاهاتووم.

لەم سەرما و سۆزە بایە، بەفر لە سەرەوەی ماڵەکان و مات لە سەرەوەی بەفرەکان. گەر بە زمانی ئاساییش گووتبات' ئای هو سەرمایە ' سەد میتر ئەو بەرتر لە نێو هاتوچووی ماشێنەکان گوێت لێدەبوو. وڵات تەپ ببوو و کچێک کە لە دەستەی ڕەشایی‌یە، قەدەم بە قەدەم هەڵێنێتەوە، سپیدە ڕێ دەکاتەوە ( ) بەم پێڵاوانە، بە دمی شێر، بەرەو جێژوان لە قومار دایە 'کات چەندە ' لە ئاوێنەیەکدا دەزێ خۆر، ڕووت لە سەر سپیایی سپی، نە ئەوەیە ڕزگار بێ نە ئەوەیە بە دیل بێ، نە ئەوەیە دادگەر بێ نە ئەوەیە بێداد بێ، خۆر کاتە کە بە کاتیش گزینگ ئاوێژ دەبێ. کات بێئەوەی ئیزنمان لێوەرگرێ، خانووەکان، دارەکان، وەرزەکان، مرۆڤەکان تێک دەپێچێتەوە تێکیان دەتەنێ، وە ژنانێک کە نووستوون.

ئەو کاتە کە هەستام و چاوەکانم هەڵێنا، تاسەی کاتەکانی تێک تەنیوەکانمان وەهۆشی هێنامەوە و لە نێو ئامادەووانداا کاتمان و ڕوخسارمان، گەواهی بۆ داین و لە نێو کاتەکاندا، ئافەریدەیەک ئافرا و ئیتر لەم کاتە بە دواوە دەروازەی ڕۆژم نەکردەوە، ئیتر بەتەواوی چوومە قوواڵایی نەناسراوەکان. چاوەکانم درەنگ لێک کردەوە لە یەک کاتدا هەستم کرد هەڵدێر خۆی لێ حەشار داوم و هەڵیشی داشتم.

ـ دایە !... بابە گەورە بانگت دەکا

'کات چەندە '

ـ دەی ڕۆڵە ... چ دەکەی؟... دەڵێی چی نااڵێی چی؟ بە هیوای چی؟

ئەوەنێ دیسانیش بابت دەڵێ ڕۆڵە !

چش... با تاوانبارم کەن بە نەهێنی بوون، کات چەندە سبەی ڕۆژێکی دیکەیە دەبێ ڕاستەقینەی ئەو جیهانە جۆرێکی دیکە () ئەو بایە دەیهەوێ چاوم بە تەواوی ئاوالا کەم و پێڵاوەکانم قورس داگرم و ڕێی جێژوانم بگرم، کات نزیک بۆتەوە دەبێ بگەمێ، هەر جۆرێک بێ.

ـ بابە ! بە زمانی گەڵا دوام، بە بەرد ولامم وەرگرتەوە، بە زمانی بەفر دوام، با ولامی دامەوە، بە زمانی ئاو قسەم کرد بە خۆر ولام هاتەوە، من ئەوڕۆ بوو، دوێنێ کوند بە کوند بڕستی لێبڕیبووم، بە زمانی ئە و دوام، خۆم لە بیر چووە، لە خۆم ئەگەڕێم، وەک کاتێکی وونبوو کە بۆ مێشک دەگەڕێتەوە . وەک نەغمەیەک بۆ ژین. ئەو هەموو ژیانی ناهوشیاری و خۆ بە دەستەوەدان؟... ئەتۆش هی شەوی؟ ... هەستە چاوت بشوێ، هێدی بن تا هێدی بم، ڕزگارم کەن تا ڕزگاری و بێ، گەرچی پێڵاوم لەو بەفرەدا بە سەختی لە دوو دێن، بەڵام هەنگاوم ڕێگا دەبڕێ بەرەو وەرزی بەهار. چم نەماوە بگەمێ هەموو چاوەڕوانی منن، ئیتر ژوان و جێژوان، چ خۆشتر لە گەیشتن بە ژوانە؟ ئیتر دنیا دەڵێ چی ئاسن دەڵێ چی... شووشە دەڵێ چی؟ مرۆفی ئەوینـدار، هەموانی لە جێژوان بە قامکێکی لە حەرزی دەدا، با بڵێن ئەو لە سەر حەرز نێ، ئەو لە لای ئەستێرەکانە، لە ئەوین نزیکە، لە جوانی، لە پاکی، لە خۆشەویستی.

دەفتەرێک دەبەسرێ، دەفتەرێکی دیکە دەکرێتەوە 'کات چەندە '؟ چەند چرکە ڕادەمێنێ، چاو لە حازران دەبڕێ چاوێکیش لە دەفتەر. دەفتەرەکەی دەبەستێ و دەست پێدەکا...


'دایکم دەڵێ ئەتۆ بە خەیاڵ دەژی... ئەتۆ خەیاڵی ئارەزووەکان؟... تا تۆ لە چ خەیاڵێ دابی... لە ئێوارەیەکدا، هەنگاوەکانم لە کەڵەکە بڕینی بەفر و قرچەی تاوی دەڕۆن، بۆنی هیوای بۆ هەڵکێشام، من' اپیکتە توس"م لە بەفردا بەستەوە پاشان بۆنی کاتەکانم بۆ هات کە بە قرچەی تاو، توایەوە '

اپیکتە توس: ناوی فیلسووفێکی پێش زایینە، لە هەوەڵدا زیندانی بووە پاشان ئازاد کراوە، فەلسەفەی ناوبراو لە سەر بنەمای ئەخلاق دامەزرا. ئەو بە خودای سەختی ناسراوە.

هەوالنامەی کتێب

ناتدۆزمەوە

پێژمان ئیسماعیل‌نیژاد



ئاران بە ئاران

زۆزان بە زۆزان

بەرکاو بە بەرکاو

ناتدۆزمەوە .

بە زیقە و هاوار

ناخی گشت گۆم و

زەریاکانم پشکنیوە،

تەشقی حەوت ئاسمانم

گرتۆتە ئامێز،

لووتکەی هەر ساکۆیەکی سەماکم

بەزاندووە

هەموو پێدەشتەکانم داگیر کردووە

ناتدۆزمەوە!

بووی بە تراویلکە

بە خەون،

تەنانەت دەمارەکانیشم

گەڕاوم،

ئاخ، لەو بەستۆکەیە و

من بازرەیەکی غەریبی بێکەسیم

ترس بۆتە ئاواتم،

بێرەوە

ژیان خەریکە دەگات.

سالار ڕاهەوی

باڵندەیەکم

بە تەنیشت سوتانەوە

باڵندەیەکم

بە تەنیشت وشە بزر بووەکانەوە

وشەی چەبکەکراو

دەفڕۆشم و

ڕستە دەفڕۆشم و

وەڕەز بووم*

لە شەوماچی لاپەڕەکان

باڵندەیەکم

چریکە بە مێژوو دەنووسمەوە

لە پەلە پەلی چرکەکان

تارمایی باوەش و ..... ئای

چاوەکانم بیر دەکەنەوە

وەک تۆقی ملی غەیبات و

بەڵێنی زستان پەرەستان

ئای لە چاوەکانم

کە بۆنی باڵندە دەدەن و

باڵندەیەکم

چاوم بۆنی من دەدەن

باڵندەیەکم

ڕەشتاڵەکانم دەگەڕێنەوە

خەونەکانم ماچ دەکەم و

شەپۆلان دەسڕمەوە

قە لاتی هە نیسکم

نۆژەن دەبێتەوە و

ئاسمانی ڕەتێنراو و

زەوی گومیلکە بەسەر...

ژیان وێستگەی شڵەژانی کانی و

ئەو سپڵە ئاماژە

کە ئاو دەشکێنی

فرمێسک دەتورێنی

لە تونیان

دەتویتەوە

باڵندەیەکم

بە کاتی قڕبوون و

باڵندەیەکم

بە تەنیشت سوتانەوە

هەواڵنامەی کێبڕکێ

گەلاوێژ بەیگنیا

پرووشە دەکا بیرەوەرییەکان
وا خەیاڵێک دە منـدا دەزێ
فێنکایی پرچی سپی دایکی شەو
کڕنۆشی بەفری چیایەک
یاغیە چەرچی نیگا
لغاو دەکا ((با)) ئەسپێکی بێزین
تەرمێکی بێسەر ڕادەکێشێت بەرەو کڕنۆش
کڕوکپ چۆک دادەدا
بە سەر قاڵی وچانێک لە سەرەمەرگدا
خۆشەویستی پێشکەش بە شۆڕەبی
ڕادەچەنێ گزینگم لە کفنا
ماچێکی گەندەڵ گۆڕێکی بێناوونشان پڕ لە ئەڵقەی
بزرکراوی تارمایی
جگەرگۆشەی شەو !!! تەنیا چرکەیەک
بۆ وچانی سۆزی تروسکەی گوڵەبەڕۆژە
دووگمەی بەرۆکی خودا... وەباڵ بە ئەستۆ
گەر کفریش بێ خۆشەویستی خاک

هاجەر پەرویزنیا "ساهی"

شکا جووتێک چاوی شووشەیی

لە پیاڵەیەکی سارد

ماچێکی گەرم

میوان کرا

حەرام کرا جووتێ لێو

لێوانلێوی پیاڵەکە ترینجا

وێران بوو پیاڵە

ماچ ڕژا

جووتێک چاوی شووشەیی شکا

.....

..

گۆنام

دارێکی پاییزییە

پێی لکاوە هەزار گەڵا

لێوم

شەرمی یادێکە

لێی جێ ماوە هەزار بزە

.....

نەکەی دوور بییەوە

هەنارم لە سێو ماڕە کردووە

ماچم لە لێوی بەهەشت دزییەوە

بۆ ئادەمبوونت

تا قیامەت

حەوام

چوار کورتە شێعر

ئامینە جەلیلپوور

تۆ دیلی کام نیشتمانی سەهۆڵبووی؟

کەوا لێرە

چاو دەبڕییە پشکووتنی هەناسەکان

.....

ژیان!

لە پشت دەرکی چ چارەنووسێک

وەنەوزت ئەدا

بێدەنگی جیهانی گرت!

.....

چاوەڕوان

کەلەبچە دەکات

گشت کاتە گەڕۆڵەکانی

لەسەر پشتی

چارۆکەی خەیاڵ....

.....


بە جێ ماوم لە وەرزی بێزاریدا

بۆیە ئێستا

ڕێبەندانێک دوورم

لە خۆشەویستی...

قادر نیازی



لەوێ پەپوولە وێرانە
حەجمێکی بێمەودا ئەگەر لە دونیا تلاوم
پەپوولەکان لە هەندەسەی منالّیشدا غەنیمەت بن
یەکجار،!
عاشقی تۆ دەبم
وەک ئەوە وا ئەگەر بلّێم ئەگەر کەنکێ سێبەری تۆ؟
چۆن بلّێم؟
ئەو پەڕەکەی سێبەر وێرانییە کە داخراو یا پەپوولە بە تەشەریش لێت
بڕوانن چاو لە مافی پایز ناکەم
لەو دێڕەدا ئەگەر ئەسبێکیش ڕام بکەی
تۆ شارەکانی خۆت هەیە ناترسم ولّات لە خۆمدا بکەم/ پایز ڕاخە/
سێبەر ئەگەر بارتەقای یەک ئاسمان لە باوشیان بگرن
کلّاوێکم
نەچمە سەری نیشتمانیش ئێوارە لە پشت خەوی پەنجەرەدا لە
باوەشێکی دار دەڕوانم
کلّاوێک ئەگەر پێویستە لەسەر دێڕپشی دانێی
ڕاوی لە ڕوخسەتی پەردە خەونی مانگ قوولّتر دەشوا
ئەگەر وا بوو
کەسێک ڕاوی درێژە بدا شەرمی پاڕادۆکسی زەمان بە قازانجی کێ زەوت کا؟
من ماوەیەک
هۆگر بە هەناردەی کلّاوم
وەک ئەوەیە پیاوێک بم دەوروبەرم شۆخی بە کەس ناکا خولەک
[منالّێک ئەگەر بە هەندەسەی خڕۆکەدا دێت و دەچم] شەوێک سواری هەنگاو دەبم

.....

سەرەتا خەونم نەدەدیت تاوتوێم کە
بۆ ئەو خەونەی لە ژێر لێچکەکەتدا جێ ما من درێژەی خەونەکانم لە تاریکیدا جێ دێلّم

.....

سەرم تەنگە بۆ دلّی تۆ
ئاسمان خۆی لە سەرم بسوێ دەستدرێژی بۆ نزیکترین نیشتمان واتای دەبێ من دەبمە جادەدە و ڕۆمانتیک
تۆ لە هەنگاومدا ماندوو
کەسێک پێخواس بەو دێڕەدا پیاسە دەکا هەندەسەیەک لە دراوسێ
ولّاتێک لەو دێڕەدا بونیات نراوە مافی خۆم ئەگەر زەوت کەم

هەوالنامەی کتێب

لە دژێکدا دەبم بە دێو، سنوور شەرمێتی بوەستێ فکر دەکەم دەرگاکان دادەخرێن
ئەم شەو بایزانی هەندەسە میوانی عەسرانەی دایکمە
دڵم بادە و دەمهەوێ لە خۆمدا بمرم/ لە هەرچی دڵتەنگم قەبرم/
.....
هەر هەموتان دەست پێدەکەم
هاشوور لە سێبەردا ڕووی دا
کە دراوسێ کۆ بوونەوە ئەی قسەکان من لە کلاو سەر هەڵناگرم
نیشتمانی دانیشتنم
بەشی سەلمێندراوەکان گەر بکەن زەوی بەشی ئێرە ناکا/ با خرپیش بێ بە درێژایی باسی دەکەین/
.....
دەستێک بکێشە بە خەیاڵم، لە شوێنێک بمنووسە نەفرێ، پەراوێز جارجار ناسەلمێ
لە بیرتان بێ ئەگەر خەوتن هەندەسەکان هەر بخەون
ژماردن پاساوێکە بۆ نەبوون
نازانم پیاوێک لە هەناسەی دراوسێ ئەگەر قاتی بوو جارجار دامنێ هەندەسە و ڕاوییەکان بشۆم
.....
دایکم بە حەزی فلانی گوناهی خوشکم بژمێرێ
لە خۆتدا بەراوەژوو کە دینم کەی لە دینم کەی وای دانێ لانیکەم ماندووم
ئەوە قودرەتی کۆڵوانەیە هەڵدەگەڕێم بە ناختدا تەنگی دڵم بە تۆ دەڵێم هەڵت دەگرم وەردەگەڕێم
.....
ئێرە منە
جارجار لە پەنا مردندا نیشتمانێکیش ڕوو دەدا ـ ئالای نییە ـ
سەرەتا نیشتمان بۆ خەون دانرا و قەت نەمدی
خوشکەکەم کە هەر ئێستایە بووکەکەی ئاماژەی جوان لە بەر دەکا ـ ڕاوی دەڵێ ـ
باخچەکەمان قەت ناپشمێ سەبری هێنا ئەو سێبەرە "با" دەڕووخێ
دەمهەوێ بە کلاو بڵێم:
بە پەلاماریش کە چۆڵ بم تاقانە نوققەیەکم مرۆڤم تێدا نووسرا ...نامرۆڤ
بەیاننامەی شیمانەیەک
ئەگەر چۆڵ بووم دەبێ دیسان پێناسەی جەبر بگۆڕم بۆ دایرە
.....
خوشکم دەڵێ:
باخچەکەمان چاوی بووکەشووشەی گرتووە
لە متمانەدا کە ڕژاین بە جانتای پایزدا بێهوودەیی جاری بوو
لە بیرم چوو ترس دەڵێم: من شاعیرم
نۆستالۆژیا یا ئەگەر دێرێک لەو چەشنە لە منالێم ئاوێزان بێ جارجار دەڕژێمە لۆچێک تۆ

نوسخە لە سایزی نیشتمان
کە ئەگەریش ببارێ من ئەسبەکان لە بەر دەکەم / دەبمە ئیسکۆرتی دایرە تا دێرێکی تر دەقەومێ/
.....
لە حەجمێکی بێسەروشوێندا شێتی تۆم ئەگەر بمنووسی کڵێشە ڕەنگتر لە پایز زەرد دەچم
پڕ بە تاقەتی باخچەکە و سایزی چوارەمین یەک دژ چوار
.....
بێچارە ئەو کڵاوانەی کە نیمانە و سەرەتا وەشوێن کووچەکان دەکەوتین بۆ ماف
ئەوە تەقدیری بارانە گرێ دەخوا بە ناو خۆیدا
ڕۆژژمێر بکوژێنەوە هەندەسەیەک لەو شێعرەدا پێخواسە
کاتژمێرێک لە ئاوێنەدا ژەنگاوییە خۆزگە دەزانم باران تەنیا لە کراسێک دەگەڕێ بۆ شیمانە
.....
دەستی من هەمیشە عەینی تۆ
دێڕەکانت ئەگەر لە پەنا پەنجەرە باوێشک دەدەن مانگ ئاماژەترین پێناسەیە
بوومە جادەدە بە درێژایی خەونێک
.....
خوشکم پرچی پڕە لە دین تاکە دەستم لە پایزدا پێک گەیشتن کەمێک نیشتمان لە چاوی درەخت دایە
ئەگەر بڕژێمە چاوی خۆم
تابڵۆیەک لە ئاوێنەدا لۆچ دەبێ
دایکم دەگری [مەجبوورم پەراوێزێک بکەمەوە]
من دەڵم زۆر کۆڵوانەیە
با لە شانت کە خەسار بێ وابزانم نازانم لەبەرچی ئاڵای کام کۆماری پرچتە؟
هەمیشە لە حەجمی مافێکدا دوعایەک حەزم لێدەکا
پایز هەڵکە
ئەگەر ڕۆیشتی سێبەرت لەگەڵ خۆت بەرە من زۆر دە نوقتەدا ژیاوم
.....
هەناسەم پێم دەڵێ: دێڕێک کە تۆی تێدا ڕوو دا جێما
بیرێک لە ڕاوی دەترسم
فینجانێک پایز خراپ نییە بیرژێنمە نێو ئیزترابی ناخی تاقانەی پەپوولە
مەبەست لە تاقانە زەینێکە وێرانی تێیدا ئاسایییە
ئەگەر من حەجمێکی کلاسیک بم یا نەبی
.....
ڕقی باخچە نیشتۆتەوە
من هیچکات پەپوولە فێر نابم
تۆ لە خۆتدا گرێم دە

هەولێنامەی کتێب

بووکەشووشە و باخچە بمرم
ئاسمان لە سەرمدا شکا
وابزانم سکووت زەروورەتێکە بۆ ماف
ئاسمان لە منالّیدا پیر دەبێ
مرۆڤ دەبێتە نووقتەیەک، جادە بەراوەژوو لە هەناسەمدا پادەکشێ
بۆ جارێکیش میسداقی عەکسێکی لۆچ بوو
....
پەراوێزەکە دەبەستم و من دلّم زۆر کۆلّوانەیە و حەزم دەکاتە چەند وشە؛
پایز بێمیسداقترین وێنەیە
من نووسراوم ولّاتیش ئەگەر لە خۆم دابکەنم نیشتمان بە مانایەکی تر دەگری ـ دایکم پەراوێزەکە دەبەستێ ـ پەرانتێزێک هەر هەموومان دەگرێتەوە؛ سیاسی نییە ـ حەیوان سیاسییەکی نامرۆڤە
بۆ نوقتەکان ڕاخراوین
من لە ترسی ئەم نوقتەیە لە عەکسێکی بێمیسداق دام
مرۆڤ دەگری بۆ بەردەوامی ڕاوی...



جەلال پورحەسەن

تام

لێرە دایە هەمیشە

حزوورێک پێویستە

تا دەستەکانت خەسار نەبن لە نووسینەوەم

زۆر کەس هەن بە هەنیسکیاندا رۆدەچن

وە زۆریشن ئەوانەی بای زگیان سوکتر دەکەن

حزوورێک پێویستە تا خەسار نەبن نیگاکان

لە خوێندنەوەی ئەندێشەیەک تا ڕادەیەک نەوەک بەتاڵ

حزوورێک وەک چۆڕێ ئاو

لە نێو قاپی دەرۆێش

کە زۆر خۆش بە ئەندێشەیدا ڕۆدەچێ

یا ئەسڵەن بە من چی ، یانی چی ؟

وەک سووکە ئاورێک لە ڕووداو

لێرەدایە نەک هەمیشە

ئێمە هەین سدق ناکا

دەستەکانت بە من بسپێرە جوانێ

لە مەرگەساتدا جوانێ ، بە من ناکرێ

بۆ حزوورم لە خەونتدا بپارێوە

من کە لە سەرەگێژەم تازە خەریکە ببمەوە

بپارێوە تا دەلیلێک بهێنمەوە پڕاوپڕی حەقیقەت

وە چ موعجزیەک قەرارە

لە قاپی دەرۆێشدا ڕوو بدا

هەر دەبێ بزانم

جوانێ بوورهانی پێویستە

تا جوان لێت خوورد ببمەوە

هەمیشە بۆ حزوور لە ئەندێشەتدا کەسیرە دەمێنم

لە سەر ئیزنت جارێ تۆزێ وەدەحەسێم

با خودا عەفووم نەکا

لە نەگەیشتن بە ڕاستی و

چوار خولەک نوێژ

ڕاستی ؟

لە ئەندێشەتدا چ دەکەم جوانێ ؟

با هەر پێنەزانم

دەترسم لە منڕا دزە بکەنە نێو شەوت

ئاڵۆز بکەن خەوت

لێرە دایە

هەمیشە بە بەڵگە دەستنوێژ دەشۆن

تا لە کاتی حاجەتدا بپارێنەوە

یا پاش گوناە تۆبەش هەر زۆر باشە

وە ئاە ، تازە پێدەگەم

بۆ گەیشتن بە حزوورت

لە هەرچی حەقیقەتە ماڵئاوا

هەوالنامەی کتێب

سامڕەند ئەحمەدزادە"شپڕێو"

گەرماو

لە گەرماوی ئەوین بووم بە بنیسک
ئەتۆ خوێندت ئەمن گێڕام هەنیسک

ئەشک ون بوو لە ژێر دۆشیکی سەر شۆر
بە بن حیزبی مژۆڵی جێ خلیسک

ئەگەر زاوێر نەبێ چاوم بە عەشقاو
بە پشتی هەوری دڵ دادێ بریسک

دەمت هەر دەم لە دەم یەک دایە بۆ کەس
بەرووپشتی نییە یەک دانی نیسک

بە دەوری خۆت بسووڕێ هەر بخوێنە
بە بێهوودە وەکوو یەک دانە دیسک

بەلای من هیچ نییە ئادابی گشتی
ئەشق ئەشقە و بەری نابێ لە ڕیسک

وەدوات کەوتم وەدوا کەوتم لە مێگەل
بە بۆنەی بۆنەکەت بوومە بە گیسک

یاسر مینا "ئاسۆ"

تریفە

کە شەو دادێ، لە چاوانم تەوژمی خوێن دەچۆڕێ
بە ژانی عیشقی تۆوە من، خۆشیم لە دڵ دەتۆرێ

بە یادی چاوەکانت دێنە کوڵ هەستم ، بە جارێ
گوڵی گیانم ، نەواو بارانی خەم پێیدا دەبارێ

دڵی بردووم، شنە و باهۆی بسکی سەر ڕوومەتی تۆ
دەری خستۆ، سەر و سیمای جنوونم، حەسرەتی تۆ

گزینگی ڕووت وەدەرخە با شەوی تاریک بە سەر چێ
نەکا مانگی دڵم ژینی بە دەم ئەم ژانە دەر چێ

نیگای شەهلاییت دەمکووژێ ، لێوت ڕوحم دەکێشێ
لە حەسرەت حاڵی من، ڕۆژی مەرگ هەر، دێتە پێشێ

خەمی خەمم دەخۆی چونکە دەبینی چەن غەمینم
منیش سەد هێندە خەمبارتر دەبم کە وات دەبینم

بەڵام، چاوت دەمێکە، مەیلی زووی نانێ لە چاوم
بە یادی تۆ، لەگەڵ خوێن و خەمی دڵ تێکەڵاوم

دەمێ فرمێسک، دەمێ زووخاو، دەمێکیش قین دەڕژم
بە ڕاژانی هەنیسکم، تامی تاڵی خەم دەچێژم

مەگەر نەتدیوە ئەی دڵڕەق، موژەم پاکی بڕاوە
بە گریەی ڕۆژ و شەو، شووشەی خەوی وا لێ شکاوە

هەموو شەوێ، چرای ژوورم ، دەسووتێ تا بەیانی
دەپڕژێ عەتری یادت ، ڕوو بە ژووری بێ ئەمانی


ئەمێستا هەڵدەواسم دڵ ، بە داری دەرد و ئێشم
ئەوا داییم لە دووی تۆ هەر پەشیمانی دەکێشم

بەڵام تا دوا بەیانی، من کە چاو بە ژین هەڵێنم
وەکوو وادەی یەکەم ڕۆژ هەر لە سەر بانی بەڵێنم

هەتا کاتێ، ژیان جەستەی ئەوینی من دەکووژێ
گڵۆپی عیشقی تۆ وەک ژان، لە دڵما هەر دەبووژێ

مەرگ لە ۹۱ دا

جەلال ئیبراهیمی "مانی"



کەس نازانێ بۆ کوێ دەچی

کچی باران

ئای سەختترین مەرگی ئەوین

تۆ کە دەڕۆی دوور دەبییەوە، نیگاکانم ئاور دەگرن

هەرچەند هەموو هەنگاوەکانت پڕن لە بۆنی هاتنەوە

هۆ بەرزتر لە پێدەشتی ئاواتەکان

چاوەکانت تابڵۆیەکە لە چاوەڕوانی تەواوی شەقامەکانی شەیدابیت.

بەژنت بۆ وا خەماوییە کچی باران؟

دامێنی پاکی ئاسمان، باش دەزانم

تاریکایی ڕوحت ئەکوشێ

من دەزانم ڕۆر لەمێژە بەقەد تەواوی داخەکان

غەم لەنگری لە ڕوح و گیانتا کردووە...

من دەزانم تۆش غەریبی شاری دڵی

تۆش هەر ئاوارەیی بارانی

ئەویندارێ پاکییەکانی....

تو خوا بڵێ تۆ لەکوێ ڕا هاتوویەوە؟

شاعیری حۆزگە و تەنیایی،

دڵی وڵاتێ بێدادی چاوەڕوانی،

ئەی دواین مەلەکەی ئەفسوون

ئای ی ی ی ئاوارەیی خێڵی خیاڵی خودایی

تو خوا بڵێ لە کام پەنجەرەی پڕ لە تاسەی نادیارا

هاوارت کرد

تو خوا بڵێ کەی دێیەوە.

!.....

هەوالنامەی کتێب



حیلەی ئەسپێکی دەرباز

زانکۆ خەلیفە

کە چۆل بوو وڵات
تۆم بەدی کرد
بە قەتارەیەک پووڵەکی زێوین و
بەنکێک مێخەک
لە دەم با
کە وڵات چۆل بوو
دەنگت لە سۆزا
هاوارێکە و هانکە هانکی دێ
پشووت
کە سوار بوو هەناسەم
لە "ئەسپێکی بژ بەژەنگار" و "کلک
لەسەر چوانە"
لە هەوارێک
کە وێڵە تەنیایی و
لاپرەسەن هەوایەکە
تێکەڵ بە خوودێکی "دەرباز" دەبێ
دەچریکێنی
دەحیلێنێ
ڕادەکا
لە سڵەمینەوەی خوودێکی
"ئاسایی"دا
لە قامچی دەربازبوون دەدا و
بەرەو جوانووە تۆڕەکەی
"ئەبەدییەت"
لە هەرچی "بوون"ی هەوارێکە
دادەبڕێ


خەونی مردنی داوەڵێکی بێ نیشان
کە لە بەژنت بدرووێ
حەوت شەووڕۆژان
ئۆقرەیی دڵۆپێک خوێن
لە قیل و ژووری تابووت
لە خەونیشدا
پێت ڕادەبوێرێ
ئەوە منم من
لە "بوون"ی هەوارێکی خاڵی
لە "قەڵافەت"ی شێعرێکی بسک
ئاڵۆز
لە "ئۆقرەیی" دەرباز بوون
ئەوە منم من!
لەسەر سینگت
شین و
گەرمەشینان دەکەم
لە بارینی دارەگوێزێکدا
دەخووسێم و
تۆش بە چەشنی "دەرباز بوون"
لە پەنام حاشار دراوی
خۆزگە منالانە
"شۆبەت" بکەم
یان لە گڕان
شارە گڕ دەی
کە خووسام و تلیسامەوە
خوودێک لە کەنارما
لۆڕ لۆڕ

شینیەتی و
پرسە دەگێڕێ
من!
سەربەمۆرم لە ڕازێکی نەفرەتیدا
کە منالّ ئەبمەوە
خوودێک لە حەیبەتان دەزێ و
زۆڵ دەگەڕێت خولیا
لاوەتیم تابووتێکی خەنەیی خەفەتە
مردنیشم داوەڵێکی بێ نیشان
کرۆشتی و
سەگێکی هار کرووسیەوە و
دەعبایەک لە جنسی گڕوتین
هێنایەوە
حیلەی ئەسپێکی دەرباز
لەسەر خوودێکی زۆڵ
وڵات ئەبڕێ
وڵات پڕ ئەکا
وڵات لیپ ئەکا
لە حاشاری دەربازبوون
بەرەو جوانووی مەعریفەت
کە وێڵ بوو
ئەوە منم من
لە حکایەتی دارەگوێز
لە چەکەرەی کانی و
هەڵەسوونی نیگا و ئاوەدانی

مەمەد

ڕەفیق شامی

وەرگێڕ لە فارسییەوە بۆ کوردی: غەفوور پیرزادە



هەموو شتێک ئامادە بوو: ئابجۆی سارد، کەشەفەکانی پڕ لە کاڵباس و پەنیر لەگەڵ نانی سوێر و پیوازی ئاڵقەکراو کە زۆر جوان ڕازابوونەوە. پڕۆژۆکتۆر ئیسلایدەکە لە مێژ بوو کە لە ژووری میوانەکان دامەزرابوو. وێنەکانی پشووی هاوینە بەپێی شوێنی سەفەر ڕێکوپێک کرابوون. بڕیار بوو شەوێکی چێژبەخش بێت. لەگەڵ ئەوەی هانس چەند کەڕەت شانۆی پێشاندانی ئیسلایدەکانی پڕۆفە کردبوو بەڵام دیسان ئارخەیان نەبوو. دوای تێپەڕینی چارەگێک لە کاتژمێر هەشت جەنگەی بوو؛ یەکەم تاقمی میوانەکەن وەژوور کەوتن. کاتژمێر نۆ، ئیتر هانس خۆی پێڕانەگیرا و حەولی دا بە ژیرییەکی لە پادەبەدەر سرنجی میوانەکان بەرەو ئیسلایدی وێنەکانی پشووی هاوینەی ڕابکێشێ و بەو شێوازەی کە باوە، توانی هەر ئەو کاتە بە ئامانجەکەی بگا.

یەکەم وێنە هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی لە فڕۆکەخانەی فرانکفۆرت نیشان دەدا. دووهەم وێنە لە ((بان هەورەکان)) کە سەراوین داندراوبوو. هانس لەبەر ئەو بابەتە زۆر داوای لێبوردنی کرد. سێهەم وێنە: ((چوونە ناو فڕۆکەخانەی ئەستەمبوولّ))، کچەکەیان ڕامووناو کوڕەکەیان یەنس لە قەبارەی گەورەدا. خاتوونی خانەخوێ شیکردەوە کە هەڵبەت کچەکەیان ڕامووناو ئەوڕۆ میوانی ئارشیتێکتێکە و داوای لێبوردنی کردووە. ڕیزی پاشماوەی وێنەکان وەک زۆربەی پشووەکانی تر بوو. تیشکی لە پادەبەدەر و وێنەگەڵی بە ڕواڵەت گەپچاڕانە کە ئاوێتەی ڕوونکردنەوەی دوور و درێژ دەبوون، میوانەکانی وەڕەز کردبوو.

وروژێنەرتر لە هەموان، باسی فرە سەبارەت بە ((خەڵکی خۆمانە و میوانگری)) تورکیا بوو کە لە هەموو شوێنێک لەگەڵی بەرەوڕوو ببوونەوە. بنەماڵەی موولێریش کە سەردەمانێک چووبوونە تورکیا چەندین کەڕەت ئەو خاڵەیان پشتڕاستیان کردبۆوە. شەوێکی خۆش بوو.

ڕامووناگوتی: ((شەو باش))؛ ((ببوورن کە ئێمە ئاوا درەنگ دەگەینێ، بەڵام من دەبوو چاوەڕوانی مەمەد بووبام، چوون دیسان بەڕێوەبەرەکەی خاوێنکردنەوەی هەموو فڕۆشگەکەی خستبووە ئەستۆی ئەو)).

مەمەد شەرمەزارانە لیچێکی هەڵقرچاند و دوای بزەیەک گوتی: ((من بە بەڕێوەبەر گوت ئەمشەو وێنە لە تورکیا دیتن. نەیهێشت، گوت کار زۆر، وێنە گرینگ نا)).

لە ژووری نیوە تاریکدا، کەس نەیدەتوانی ببینێ کە چۆن ڕواڵەتی هانس و هاوسەرەکەی گۆڕدراو و ئەوان متەقیان لێ دەرنەدەهات. بێدەنگیەکی قورس باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو.

دایک گوتی : ((ڕامووڕا مەگەر تۆ بەتەما نەبووی بچییە لای ئاغای ئیشنایدێر؟)).

— ((من؟ ئاغای ئیشنایدێر؟ ئای، بەڵێ وایە، بەڵام بۆنەکە وەدوا کەوتووە. مەگەر پێم نەگوتبوون؟))

ئێستا میوانەکان گەرەکیان بوو زوو شتەکە بپێچنەوە.

— ((بەڵام چ باش بوو کە تۆش هاتی. وەرە دانیشە ڕامووڕا)). مەمەد زوو زانی کە ڕوویەکی وای نادەنێ، لەگەڵ ئەوەش دانیشت. هانس حەولی دا ددان بەسەر خۆیدا بگرێ و ڕۆیشتە نێو چێشتخانە. لە ناکاو کاکی موولێر وەبیری هاتەوە کە منالّەکان لە ماڵ نین و سەگە بەستەزمانەکەی دەبێ بێتەدەر؛ میوانەکانی تریش لە ناکاو یەکی سەگێکی بەستەزمان یا دایەگەورەیەکی نەخۆشیان دۆزییەوە. ڕامووڕا دەیزانی ئێستا چ دەقەومێ بۆیە دەستی مەمەدی سەرلێشێواوی گرت و بەرەو دەرگاکەی ڕاکێشا و گوتی: ((تکایە؛ تکایە ئێستا زوو بڕۆ سبحەینێ هەموو شتێکت بۆ شی‌دەکەمەوە.)).

— ((چ بوو؟ بۆ سبحەینێ، بۆ ئێستا نا؟))

لە چێشتخانەدا بەردەوام دەنگی باوک بەرزتر دەبۆوە و ڕامووڕا بێهیوا سووڕا و بە هێوری گوتی: ((تکایە ئێستا بڕۆ، تکایە بڕۆ)).

ئێستا دەکرێ سەروبەری ئەو پێشهاتەی ژیانی ڕۆژمەڕەی پڕ لە کۆسپمان بە کۆتاییەکی تاسەبار خڕ بکەینەوە.

کە ئەو کات ئەو چیرۆکە بەزەیی بزوێنە، ئاوا کۆتایی پێدێ:

مەمەد سەرسووڕماو چاو لە درگا دەبڕێ. لەگەڵ ئەوەی هەوای دەرێ گەرم بوو سەرمایەکی سڕکەر هەموو لەشی دادەگرت و ئازای ئەندامی دەلەرزی. لەپڕ کەوتە بیر ئاناتۆلی. لە گوندی ئەو، هیچ کات مرۆڤەکان میوانێکیان لە ماڵەکەیان دەر نەکردبوو.

جا ئەو کەڕەت گێڕانەوەوی خۆم بۆ خوێنەر باس دەکەم:

مەمەد لە ماڵەکە وەدەر دەکەوێ. میزی لە سەندووقی پۆستیی بنەماڵەی هانس دەکات و کاتێک تۆزێک سووک دەبێ تەما دەگرێ لە ژیانیدا هیچ کات لەگەڵ ژنێک کە لە بەر ئەوی شەرم دەکات و دەیهەوێ لە شەوی یەکەمی ئاشنایەتییاندا ئیسلاید چاو لێبکات، نەبێتە هاوڕێ.

سەرچاوە: ئینتەرنێت، وەرگێڕ بۆ فارسی؛ مەعسوومە چیائی.

پیاوی نابینا

کێیت چاپین

وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی: کەیوان مەولوودزادە



پیاوەکە، قوتوویەکی سووری چکۆلەی پێبوو و بە هێوری بە شەقامدا دەهاتە خوار. کڵاوە کۆنە حەسیرییەکەی و جلوبەرگە گنجاوییەکەی وای دەنواند کە باران چەند جاری تەر کردوون و هەتاو چەند جار لەبەریدا وشکی کردوونەوە. بەسالاچوو نەبوو بەڵام پەککەوتە دیار بوو. لە درێژایی پیاسەڕێدا لە ژێر تیشکی هەتاو، هەنگاوی هەڵدێناوە. لەو بەری شەقام دارەکان سێبەرێکی گەورە و دڵڕفێنیان پێکهێنابوو و هەموو خەڵک بە ئەوێدا هاتوچوویان دەکرد. پیاوەکە ئەوەی نەدەزانی چوونکە نابینا بوو، لەگەڵ ئەوەش گەمژە بوو.

نێو قوتووەکە پێنووسی قورقووشمی تێدا بوو کە پیاوەکە گەرەکی بوو بیانفرۆشێ. گەرچی گۆچانی پێنەبوو بەڵام بە خشاندنی لاقی لە قرنیزی بەردینی قەراغ ڕێگا یا کشانی دەستی بە سەر نەردەی هەڵکەوتوو لەو شوێنە، ڕێگای خۆی دەدۆزییەوە. کاتێک دەگەیشتە پلیکانەکانی مانّێک، لێیان وەسەر دەکەوت. هەندێک جار دوای دیتنەوەی دەرگای مانّێک بە چەرمەسەری، نەیدەتوانی زەنگەکەی بدۆزێتەوە بۆیە لە سەرەخۆ لە پلیکانەکان دەهاتە خوار و ڕێگاکەی درێژە پێدەدا. هەندێک لە دەرگا ئاسنینە گەورەکان گاڵە درابوون چوونکە خاوەنەکانیان بۆ پشووی هاوینە ماڵەکانیان جێهێشتبوو. ئەو دەیتوانی کاتێکی کەمتر لە پێش دەرگاکان بە فیڕۆ بدات. هەڵبەت بێگەڵکیش بوو چوون دەرگاکان هەمیشە لە سەر ڕێگای ئەو بوون. هەندێک جار کە زەنگی دەرگایەکی بە سەرکەوتنەوە دەدۆزییەوە خزمەتکار یا کڵفەتێک دەرگای دەکردەوە کە هیچ پێویستییەکی بە پێنووس نەبوو و نەشی دەتوانی بۆ کارێکی ئاوا بێنرخ کاتی خاتوونی ماڵ بگرێت.

پیاوەکە، ماوەیەکی زۆر بوو کە لە ماڵ هاتبووە دەرێ و ڕێگایەکی درێژی کوتابوو. بەڵام ئێستا هیچی نەفرۆشتبوو. بەیانی کەسێک کە لە چنگی وەزاڵە هاتبوو بەو قوتووە پێنووسە ناردبوویە دەرێ هەتا بیانفرۆشێ و خەرجی خۆی دەربێنێ. برسیەتی بە ددانە تیژەکانی دڵی پیاوەکەیان دەکرۆشت. تینوویایەتێکی تاقەتپروکێن زاری پیاوەکەی وشک کردبوو. ئەو

هەواڵنامەی کێیت

دوانە پیاوەکەیان ئازار دەدا. هەتاو سووتێنەر بوو. پیاوەکە جلێکی زۆری لەبەر دابوو- جلیتقە و کۆتێک لە سەر کراسەکەی ـ. ڕەنگە ئەگەر جلەکانی دەرهێنابوایە و لە سەر دەستی دانابا، یا لە قولینچکێک فڕێی دابان کەمێک بارودۆخی باشتر بووبوایە. بەڵام ئەوە شتێک نەبوو کە بە بیری بگات. ژنێکی دڵۆڤان کە ئەوی لە پشت پەنجەرەڕا دیت زگی پێی سووتا و ئاواتی خواست پیاوەکە بێتە بن سێبەرەکە. پیاوەکە وردە وردە شەقامەکەی تێپەڕ کرد هەتا گەیشتە شوێنێک کە تاقمێک منداڵی بەدفەڕ و ناجسن و هار یاریپیان دەکرد. ڕەنگی قوتووی دەستی پیاوەکە سرنجی منداڵەکانی ڕاکێشا و دەیانهەویست بزانن قوتووەکە چی تێدایە.

یەکێک لە منداڵەکان حەولی دا هەتا قوتووەکە لە دەستی پیاوەکە دەربێنێ. بەڵام پیاوەکە لە ڕووی سرشتەوە بەرگری لە تەنیا کەرەسەی بژیوی خۆی کرد. لە بەرامبەر هێرشەکەدا خۆڕاگری کرد. بە سەریاندا زیقاندی و چەند قسەی ناحەزی پێگوتن. پۆلیسێک کە لە دەوروبەری ئەو گەشتی لێدەدا ئاگاداری ئەو هەراوهەنگەمەیە بوو. بەتووندی بۆ لای هات و یەخەی گرت و هەویستی ڕاپێچی بکات. بەڵام کاتێک زانی کوێرە لە سزادانی پاشگەز بۆوە و ئیزنی پێدا بڕوات. پیاوەکە لە ژێر دەرەوشانەوەی تیشکی خۆر ڕێگاکەی دڕێژە پێدا. کاتێک بێئامانج دەخولاوە، گەیشتە شەقامێک کە تێیدا دێوەزمە کارەبایییەکان بە خێرایی تێپەڕ دەبوون. بووقەکانیان (هۆڕنەکانیان) زرمەیەکی ناقۆڵای لێ دەردەهات کە لە ناکاو زەوی ژێر پێی پیاوەکەیان وەلەرزە دەخست. پیاوەکە وەڕێ کەوت هەتا لە شەقامەکە بپەڕێتەوە.

لەو کاتەدا ڕووداوێک قەوما. ڕووداوێکی سامناک کە بە دیتنی، ژنەکان بوورانەوە و بەهێزترین پیاوەکان گێژ و کاس بوون. لێوەکانی شۆفێرەکە وەک ڕوالەتی بەرەو ڕەنگی خۆڵەمێشی چووبوو. خۆڵەمێشییەکی مەرگاوی و ئەو لە تێکۆشانی ئەوپەڕ ئینسانیی خۆی بۆ ڕاگرتنی ماشێنەکە واقووڕ مابوو.

جگە لە جادوو و جەمبەڵ چ هێزێک دەیتوانی خەڵکێکی ئاوەها زۆر، بەو خێرایییە بگەیەنێتە ئێرە؟ کوڕەگەل خەریکی ڕاکردن بوون، ژنان و پیاوان بۆ دیتنی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە نۆرەبڕیان لە یەکدی دەکرد. پزیشکەکانیش کە دەتگوت خودا عارەبانەکەیانی ڕێنوێنی دەکرد بە زووترین کات لە ئەوێ ئامادە بوون.


کاتێک خەڵک تەرمی لە بەر یەک هەڵوەشاوی یەکێک لە دەست ڕۆیشتووترین و گرینگترین و بەهێزترین پیاوانی شاریان دیت، ترس ئازای ئاندامییانی داگرت. پیاوێک کە لە بەر ژیری و بە مشووری نێوی لە سەر زاری ورد و درشتی خەڵک بوو، چۆن چارەنووسێکی وەها ڕەشی بە سەردا زاڵ ببوو؟ ئەو بە پەلە لە کۆمپانیایەکەی هاتبووە دەرێ و چوونکە بۆ گەیشتن بە بنەماڵەکەی، کە هەتا کاتژمێرێکیتر ڕەوانەی ماڵە هاوینییەکەیان لە ئوقیانووسی ئەتڵەس دەبوو وەدرەنگێ کەوتبوو، سرنجی نەدابووە ئەو ماشێنەی کە لە بەری پێچەوانەی ئەو، خەریکی ئاژۆتن بووە و دیسان ئەو کارەساتە دڵتەزێنە هەمیشەییە، دووبارەیە، قەومابوو.

پیاوی نابینا نەیدەزانی ئەو هاتوهاواره لەبەر چییە. لە شەقام پەڕییەوە و وەک پێشتر بە خشانی لاقی لە قرنیزەکان لە بەر قرچەقرچی گەرما، ڕێگاکەی دڕێژە پێدا.

کتێبە شێعری:"ئەترسم پاش مەرگیش کرێکار بم"

سابیر هاکا(پلەی یەکەمی مێهرەجانی کرێکاری ئێران/ ۱۳۹۲ ی هەتاوی)

وەرگێڕانی: محەممەد مستەفازادە



"ئەترسم پاش مەرگیش کرێکار بم" کۆمەڵەشێعری فارسی شاعری لاوی کوردزمان کاک سابیر هاکا، کە لە ۵۵ کورتە شێعری فارسی پێکهاتووە و لە ماوەیەکی کەما بە چاپی چوارەمی خۆی گەیی، لە لایەن محەممەد مستەفازادە (بانە) وە کراوەتە کوردی و ئەمەش چەند شێعر لەو کۆمەڵە شێعرەن. زمانی سادەی شاعیر و ئەندێشە و هەستی پاراوی شاعیر فاکتەرێکی روون و بەرچاو لە شێعری بەڕێز هاکا دان؛ کە هەر ئەم سادەییەیە لە زمانی هاکای لە شاعیرانی تر جیا کردۆتەوە و وەک خۆی وتەنی : "من ئەمەوێ خۆم مانایەک بە شێعر بدەم!". یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی شێعری هاکا تێکەڵاوی ناخی شاعیر لەگەڵ ئازار و ڕەنجەکانی کرێکاری و لایەنگری هەستی هەڵقوڵاوی شاعیر لە چینی چەوساوە و هەژاری کۆمەڵگایە؛ بۆیە لەو ماوە کورتەیەدا زۆرترین جەماوەر و بەردەنگی شێعری کۆ کردۆتەوە...

وەبیر دێنێ

... ←۱

۲ ـ هۆکار

بمبووره

ناتوانم له باوەشت گرم — تەنیا هۆیەک لەگەڵ ـ دا هاوڕێ نیم

بۆ مرۆڤێکی بێنیشتمانی وەک من — بۆ ڕابردوویەکی دوور

ڕووتی تۆ — ئەگەرێتەوە

ڕووتی ئیسکلەی باڵاخانەکانم — ئەوەی کە بنەماڵەی شەش کەسی ئێمە

لە دیوێکی چکۆلەدا ئەژیان و

ـ داش کە تەنیا بوو

مالّەکەی لە مالّی ئێمە گەورەتر!

٣ ـ سیاسەت

هەمیشە گەورەترین کارەساتەکان

زۆر بە ئاسانی ئەقەومێن

سیاسەت بە ناوچاوانی

کرێکارانەوە ئەلکێنن

لەو ساتەوەی کە

جەرەسەقیلەکان بوونە سێدارە

٤ـ مەرگ

نیوەڕۆی رۆژێکی پشوو،

لە نیوەی ڕێ

تووشی یەک بووین

من و مەرگ

ئەو دەچووە شار و من گۆڕستان!

کەس بە منا ڕانابڕێ

کەس لە بێدەنگی باوێشکەکانما

لە باوەشم ناگرێ،

نا...،

هەرگیز کەسێک لە منا

شۆڕش ناکات

بەیانی باش...!

من شەقامی دوورخراوی ژوومارە نۆزدەی

شەهید سابیرم.

٦ ـ باوک

باوکم کرێکار بوو

پیاوێکی ئیمان‌دار کە هەر جار نوێژی ئەخوێند

...

شەرمی لە پەنجەکانی ئەکرد

٥ ـ شانسم نیە

شەقامیش بم ئەبێ لێرە...

شێعری ئەمڕۆی ئەفغانستان

وەرگێڕانی هەرمان وەتمانی



جیهانی ئەدەبیاتی ئەمڕۆی ئەفغانستان بەرهەمی گۆڕانکارییەکی قوولّە کە لە سی ساڵی ڕابردۆوە بەرۆکی ئەم وڵاتەی گرتووە، گۆڕانی کۆمەڵایەتی کە بۆتە هۆی گۆڕان لە گۆڕەپانی ئەدەبیات و شێعردا، شێعری ئەمڕۆی ئەفغانستان دەنگێکە کە لە ماوەی چەندین دەیە ململانێ لە ناو و دەرەوەی ئەم وڵاتەدا بیچمی گرتووە.

شکڵگرتنی جیهاد و خۆڕاگری بوو بە هۆی ئەوە کە ئەدەبیاتی خۆڕاگری بۆ ماوەیەکی زۆر لە کۆڕە ئەدەبییەکان قسەی یەکەم بکات و زۆربەی بەرهەمە چاپکراوەکان لەم وڵاتە هەر سەبارەت بەمە بێت، بەرهەم گەلێک کە جاری وابوو لە ڕەوتی مانەوەی هێزی بێگانە و **هەندێک** جاریش پشتیوانی لە ڕۆشنبیری چەپی ئەفغانی دەکرد کە سەردێڕی سەرەکی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کابوڵ، پیشاوەر و تاران بوو.

ئەمڕۆ لە کابوڵ و و شارەکانی تری ئەم وڵاتە بەرەیەک هەر لەم خاکەوە سەری هەڵداوە کە بەرپرسایەتی ئەدەبیاتی ئەم وڵاتەی لە ئەستۆیە، بەرەیەک کە زیاتر لە جاران لەگەڵ زمانەکانی نوێ و دەنگی تازە ئاشنایە، لە کۆڕە ئەدەبییەکانی کابوڵ هەتا نمایشی فیلم لە پاریس و پێشانگای کتێبی تاران لە دەست نادا و بە هۆگرایەتییەکی زۆرەوە کۆڕە تایبەتییەکانی خۆی دەپارێزێ.

گشت ئەم دەنگانە ناسێنەری ئەدەبیات و شێعری ئەم وڵات و نیشتمانەن و ئامانجیش گەیاندنی ئەم ڕوانینە جیاوازەیە بە بەردەنگە پرۆفشنالّەکانی لە هەر شوێنێک و ناشوێنێک. پێشەکی محەممەد واعزی - دەبیری بەشی شێعری ئەفغانستان بۆ مالّپەری ئەدەبیاتی پێشڕەوی ئێران - وەرگێڕان هەرمان

مورتەزا سەمەدی

مورتەزا سەمەدی لەدایکبووی ساڵی ۱۹۹۵ ز لە ویلایەتی هەرات شاری غوریان، ئەندامی ئەنجومەنی ئەدەبی هەرات (یەکەمین ئەنجومەنی ئەدەبی ئەفغانستان کە ساڵی ۱۹۳۰ دامەزراوە)، کە لە تەمەنی ۱۳ ساڵییەوە دەستی بە نووسین کردووە و وەک

شاعیرێکی لاو و سەرکەوتوو کە شێعرەکانی ماوەیەکە سرنجی گەورە شاعیرانی ئەم دەڤەرەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. خۆی دەڵێ دڵگەرمی ئەندامانی ئەنجومەنی ئەدەبی هەرات کە هەموو چوارشەممۆیان کۆڕی هەیە، بوو بە هۆی ئەوە کە لە نووسینی شێعردا بەردەوام بم، هەرچەند برا گەورەکەم کە خۆی شاعیرە و بەردەوام دەیگووت تۆ لە شێعردا سەرناکەوی! بەڵام بە وتەی دەوروبەرییەکانم زۆر زوو قۆناغەکانم بڕی. گەورەترین ئاواتی ئەوەیە کە هیچ کات، هیچ کەس لە هیچ ڕێگەیەک کە پێی تێدەنێ و دەڕوات ناهۆمێد نەبێت و بەختەوەر بێت.



١
کلیلەکە قووت ئەدا
ئەو پۆلیسەی دەستی لە دەستی تۆ کەلەبچە کردووە.
٢
هێندە شارەزام
کە بە چاو چووقاندن تۆم بیر دێتەوە
خوا بکا ئەم جارەیان
لە قوولکەی قوولی بیرم نەکەوی
٣
هێندێ جار مێشکم تێکدەچێ
جنێو ئەدەم بە باوکم
لە دایکم ئەدەم
وە خوا لە ئایەتێکدا سەرزەنشتم دەکا
٤
چرکە دەژمێرم و
سات لە دوای سات ئاخ هەڵدەکێشم
بۆ ئەو پیاوە هەژارەی لە زستاندا
خۆری دەوێ بە گەرمی تۆ
خۆزگە من وەربگرێ وەک منالّی خۆی پیاوی هەژار
تاکوو ئیتر باوەشی گەرمی تۆم لە یاد نەچێ.
٥
لە جەنگەڵی سەوزی سوورپێستان
ڕەش پۆشان
نێچیرێکی باشیان ئەبێت
بە ئالای ئەفغانستانەوە
یاسایەکی چەندە سەیرە
یاسای جەنگەڵ.

٦
دەستم لە دەستتدا
هەڵگڵۆفابوو
لە خەو هەستام
بە خۆم گوت: ئەم خەوە خەوێکی خراپە
لەوانەیە بە زۆری حەزم لە هەڵگڵۆفین بێ و
بەجێم بێڵی.

ئاماری سالّانە

رۆژی ٥ی پووشپەڕی ١٣٩٢ بەپێی ڕەسمی سالّانە، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد دەستی پێکرد، لە نێوان پێنج ئەندامی پالّێوراو بۆ بەشی بەڕێوەبەرایەتی **هەرمان وەتمانی** و **شەویار گولابی‌ئازەر** دەنگی یەکەم و دووهەمیان وەدەست هێنا. بەمجۆرە خولێکی نوێی تری ئەنجومەن لە ژێر بەڕێوەبەرایەتی ئەم دوو کەسە و بۆ ماوەی یەک سالّ بە فەرمی دەستی بە کارەکانی خۆی کرد کە ئاکامی یەک سالّەی کار و چالاکی ئەم خولە بەم چەشنە بووە کە لە ژێرەوە هاتووە.

ئەو بابەتانەی لە ٤٣ کۆڕی ئاسایی حەفتانەدا خوێندراونەتەوە، بریتین لە:

١	شێعر	٢٦٧
٢	چیرۆک	٤٣
٣	وتار	١١
٤	وەرگێڕان	٨


کۆڕی ڕێزگرتن لە بەرپرسانی پێشووی ئەنجومەن ـ ١٢ی پووشپەڕی ١٣٩٢




بەشداری چالاکانەی ئەندامانی بنکە لە خاوێنکردنەوەی سرووشت ـ ٢١ی پووشپەڕ ٩٢



دەرکردنی ژمارە ٥ و ٦ و ٧ی گۆڤاری بەرهەم





بەشداری و هاوکاری تاقمێک لە ئەندامان لە پێکهێنانی بەرنامەی گوڵستان





کۆکردنەوەی واژۆ بە مەبەستی بەشداری نوێنەری ئەنجومەن لە هەر چەشنە بڕیاردانێک لە گۆڕستانی شاعیران

هەڵبژاردنی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بەرهەم بەپێی هەڵبژاردنی فەرمی لە بنکە، ٣ی ڕەزبەری ١٣٩٢

١. هەرمان وەتمانی
٢. شەویار گولابی‌ئازەر
٣. مریەم قازی

وەرگرتنی زیاتر لە سەد ئەندامی نوێ و چاپکردنی کارتی ئەندامیەتی بۆ ئەندامانی بنکە.

وەرگرتنی هەندێک ئیمکانات وەک کورسی و کتێبخانە و بڕی یارمەتی بۆ بنکە.

سازکردنی سیستەمی ناردنی کورتە پەیام و حەوڵدان و وەدواکەوتن بۆ چاککردنەوەی شوفاژەکانی ژووری بنکە و سالۆنی ئامفی تەئاتر.

بەشداری تاقمێک لە ئەندامان و دەستەی بەڕێوەبەرایەتی لە کۆڕەکانی کۆمیسیونی فەرهەنگی شووڕای شار و...

هەوالنامەی کتێب

ماڵی مامۆستا هێمن بوو بە فەرهەنگسەرا



ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد بە بۆنەی ئەم هەنگاوە مەزنە، ڕێزی لە شارەدار گرت.

ڕۆژی یەکشەممۆ ڕێکەوتی ۱۰ی خەرمانای ۱۳۹۲ی هەتاوی لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا بە بەشداری دەیان شاعیر و نووسەر و لایەنگرانی مامۆستا هێمن و هەروەها شووڕاکانی چەند دەوری شووڕای ئیسلامی مەهاباد و شارەداری مەهاباد و بەڕێوەبەرانودەستەی نووسەرانی گۆڤاری مەهاباد و هتد، ماڵی مامۆستا هێمن وەک مۆزەخانە بەرەوڕووی هۆگرانی ئەم مەزنە پیاوە کرایەوە.

سەرەتای کۆڕەکە پێشکەشکاری بەرنامە بەڕێز؛ سەلاح پایانیانی وێڕای بەخێرهێنانی گشت میوانەکان بەتایبەتی بنەماڵەی بەڕێزان؛ مامۆستا هێمن، مامۆستا محەممەدی ماملێ، مامۆستا هەژار و مامۆستا ئەحمەدیان سپاس و پێزانینی خۆی دەربڕی لەهەمبەر دڵسۆزی و ئەمەگناسی پێکهێنەرانی ئەم کۆڕە. پاشان مەلا قادر سۆهرابی پێشنوێژی شاری مەهاباد لە چەند وتەیەکدا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی لەمەڕ ئەم هەنگاوە پیرۆزە و مامۆستا هێمنی وەک کەسایەتییەکی کورد و نیشتمانپەروەر وەسف کرد و ئاماژەشی بە ئەوە کرد کە لەم چەند ساڵەی دواییدا کۆمەڵێک کاری وەها بەنرخ کراوە کە ئەوەش لە سایەی تێکۆشانی ماندوونەناسانەی شارەدار و شووڕای ئیسلامی شار بووە. لە درێژەی کۆڕەکەدا مامۆستا ئەحمەدی قازی سرنجی بەشداربووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و ئاماژەی بەوە کرد: "کەسایەتی مامۆستا هێمن زۆر بەرزە، دیارە ئەم کۆڕەش هەڵگری ئەوە نییە کەسایەتی بەرز و شێعرەکانی ئەوی تێدا لێک دەینەوە، دیارە هەموومان هەر یەکەی بە شێوەیەک لە شێعری مامۆستا هێمن چێژمان وەرگرتووە و لە هەر چوار پارچەش لایەنگری هەیە و خۆشەویستە". هەروەها لە بەشێکی دیکە لە وتەکانیدا جەختی کردە سەر ئەوە کە بەرپرسانی شار بەتایبەتی شووڕا و شارەدار زیاتر حەول بدەن بۆ کار و چالاکی فەرهەنگی بۆ وێنە یەک گۆڤارمان هەیە کە ئەگەر یارمەتی تاکە کەسی نەبێ ئەوا لە مێژە لە کار دەکەوێت و ئەوە جێی داخ و کەسەرە. پاشان شارەداری مەهاباد موهەندیس ئیبڕاهیم کەریمی باسی کارنامەی شەش ساڵ و چوار مانگەی خۆیانیان کرد و دانی بە ئەوەدا هێنا کە بەشی فەرهەنگی شووڕا و شارەداری لەم ماوەیەدا کارێکی بەرچاوی نەکردووە و ئەمەشی گەڕاندەوە بۆ کەمتەرخەمی فەرهەنگدۆستانی شار کە یارمەتی شووڕا و شارەدارییان نەداوە، پاشان شاعیری ناسکخەیاڵ ناسر ئاغابرا بە خوێندنەوەی شێعرێک ڕازێنەرەوەی کۆڕەکە بوو. کاک ئەحمەد بەحری هەر ئەو کەسەی کە لە ئاوەدانکردنەوە و کرپینەوەی ماڵی مامۆستا هێمن بۆ مۆزەخانە دەوری سەرەکی هەبوو و ئەم کارە بە پێشنیاری بەڕێزییان بوو، لە چەند وتەیەکدا خۆشحاڵی خۆی بۆ وەدیهاتنی ئەم ئاواتە پیرۆزە دەربڕی. لەم کۆڕەدا شووڕا و شارەداری مەهاباد ڕێزیان لە دوو بنەماڵەی مامۆستا ماملێ و مامۆستا هێمن گرت. پاشان هەرمان وەتمانی بەرپرسی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد ڕێزنامەی ئەنجومەنی ئەدەبی لەمەڕ کرپینەوە و کرانەوەی ماڵی مامۆستا هێمن وەک مۆزەخانە و هەروەها کرانەوەی دوو خانەی فەرهەنگ لە شاری مەهاباد پێشکەشی شارەداری مەهاباد کرد.

لە دوا بەشی کۆڕەکەدا لە لایەن دایە ئامین ماملێ پەردە لە سەر پەیکەرەی مامۆستا هێمن هەڵدرایەوە و بەشداربووان دیتنی بەشێک لە کتێب و کەلوپەل و جلوبەرگی مامۆستا هێمن و مامۆستا ماملێ کرد و وێنەی یادگارییان بەیەکەوە گرت.

ڕۆڵی هەیەجان لە ئەدەبیاتی منداڵاندا

ئاراستە کردن لە لایەن: یاقووب خزری خوێندکاری کارناسی باڵای ڕەوانناسی



یەکەمین کۆبەندی مانگانەی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد ڕۆژی ۱۳ی خەرمانان ۱۳۹۲ لە سالۆنی ئامفیتەئاتر بەڕێوە چوو. بەپێی بڕیاری بەڕێوەبەرایەتی ئەنجومەن لە دوای کۆڕە ئاسایییەکانی خۆی، بڕیار درا مانگێ جارێک کۆڕی کۆبەندی لە کارەکانی هەر یەک لە ئەندامان یان نووسەرانی داخوازی خۆی لە سالۆنی ئامفی تەئاتر بەڕێوە ببات کە لە یەکەم کۆڕی دیاریکراودا بە دەستپێشخەری ئەندامی کارامە و چالاکی ئەنجومەن بەڕێز یاقووب خزری؛ نووسەر، لێکۆلەر و ڕەخنەگری ڕەوانناس بە بەشداری تاقمێک لە ئەندامان و لایەنگرانی ئەدەبی کوردی لە ڕێکەوتی ناوبراودا بەڕێوەچوو. سەرەتای کۆڕەکە شێعری بارگەی یاران لە شاعیری نەمر هێمن خوێندرایەوە و دواتر پێشکەشکاری بەرنامە شەویار گولابیئازەر دوای بەخێرهاتنکردنی بەشداربووان، بە سووکەڵەئاوڕێک لە کارەکانی بەڕێوابەرایەتی نوێی ئەنجومەن ڕەوت و چالاکییەکانی چەند مانگەی ئەم ناوەندەی هێنا بەرباس و شرۆڤە و دواتر بە ناوی ئەنجومەن، ئەندامان، نووسەران و لایەنگرانی وێژە و هۆنەری شار پیرۆزبایی پێشکەشی شارەدار و دڵسۆزانی فەرهەنگ و هۆنەر کرد بە بۆنەی پەردە لادان لە سەر ماڵی مامۆستا هێمن و تەرخانکردنی وەک موزەی هۆنەرسەرای هێمن لەو شارەدا و بە هەنگاوێکی پیرۆزی هێنایە ئەژماردن. لە درێژەی باسەکەدا شەویار ئاماژەی بە کورتەباسێک لە ژیان و چالاکییەکانی بەڕێز یاقووب خزری کرد و کۆڕەکەی ئەسپاردە دەستی ناوبراو هەتاکوو لە ماوەی دیاریکراودا بتوانێ لە شیکاری و شرۆڤەی بابەتەکانی خۆی بلوێ و ئامانجی کۆنفڕانسەکە بپێکێ. بەڕێزیان ڕۆڵی هەیەجان (هەڵچوون و داچوون)ی لە چیرۆکی منداڵاندا خستە بەرباس و لێکۆڵینەوە و بە هێنانەوەی چەن وێنەیەک لە چیرۆکە ناسراوەکان، ڕەخنە و بۆچوونە گرینگەکانی ڕەوانناسی کردە بەربڕێری نووسراوەکەی خۆی و لە کۆتاییدا ئامانجی خۆی لە ئاراستەکردنی بابەتی ئەم کۆنفڕانسە دەربڕی و درێژەی کۆڕەکە تەرخان کرا بە پرسیار و ڕاوبۆچوونی بەشداربووان. پاشان تا ئامادەکردنی پرسیارەکان، شەویار کۆپلەیەکی لە شێعری ڕۆژ هەڵەبجەیی و هەروەها شێعری "هێندێک کات بۆ هێندێک ڕەوایەت" لە پێنووسی یاقووب خزری خوێندەوە و دواتر تریبوون ئەسپێردرا بە بەڕێزان؛ خاتوو مریەم قازی نووسەر و ڕەخنەگر، سەحەر مێهرەبانی چیرۆکنووس لە بواری منداڵاندا، هەتاکوو سرنج و ڕاو پێشنیارەکانی خۆیان لەم بارەوە ئاراستە بکەن و پرسیارەکان بەڕەوڕووی ئاراستەگەری کۆنفڕانس بکەنەوە و گوێبیستی وڵام لە یاقووب خزری ببنەوە کە بەڕێزیان بە زانستی هەرچی زیاترەوە وڵامی تاقمێک لە پرسیارەکانی داوە و پاشان لە لایەن ئەنجومەن ئەدەبییەوە ڕێزنامەیەک بە دەستی بەڕێزان؛ سەید سمایل بەرزەنجی، مریەم قازی و مەنسوور حامیدی پێشکەشی ناوبراو کرا کە پێزانینێک بوو لە هەمبەر هەوڵ و تێکۆشانی بێوچان و دڵسۆزانەی چەن ساڵەی خزری لە پێناو گەشاندنی ئەنجومەن ئەدەبیدا.

هەوارنامەی کێبڕکێ

کۆنفڕانسی "خوێندنەوەیەک بۆ نماد لە شایی و هەڵپەڕکێی کوردیدا"



بەپێـــی ڕاگەیانـــدراوی پێشـــووی ئەنجومـــەنی ئـــەدەبیی مـــەهاباد ڕۆژی چوارشـەممۆ ڕێکـەوتی ١٧ی ڕەزبـەر کـاتژمێر ٤ی ئێـوارە لە شـوێنی سـاڵۆنی شـانۆی ئیـــدارەی فەرهـــەنگ و ئیرشـادی ئیسـلامی شـاری مەهاباد کۆنفڕانسێک لە ژێر ناوی "خوێندنەوەیەک بۆ نماد لە شایی و هەڵپەڕکێی کوردیدا" بـە ئامـادەبوونی کۆمـەڵێکی بـەرچاو لـە شـاعیران، نووسـەران و لێکۆڵەرانی بواری فەرهەنگ و کلتووری کوردی لە لایەن ئەندامی ئەنجومەن "قاسم تاباک" بەڕێوە چوو.

سەرەتای کۆڕەکە پێشکەشکاری بەرنامە بەڕێز ڕەسوڵ ئامادەپوور بـە نـاوی ئەنجومـەن و لێژنـەی بەڕێوەبەرایـەتی بـەخێرهاتنی هەموو میوانانی کۆڕەکەی کرد و هیوای ئەوەی خواست کە ئـەم هەنگاوانـە هـەوڵێک بـن بـۆ بـە زانسـتیتر کردنـی کۆڕەکانمـان و هەروەها ڕێزگرتن لە دابـونەریت و کەسایەتییەکانمان تا ئەو کاتـەی کـە لـە ژیـاندا هەن و زیـندوون. پاشـان باسـێکی کـورتی لـە ژیان و بەرهەمەکانی قاسم تاباک هێنایە گۆڕ و ئەم جار کۆڕەکەی بە بەڕێزیان ئەسپارد.

قاسـم تابـاک هاتـە پشـت میـزی کـۆنفڕانس و وتـەکانی لـە ٥٠ خولـەکدا ئاڕاسـتە کـرد کـە لـەم کۆنفڕانسـەدا خوێندنەوەیـەکی وردبینانەی هەبوو لە سەر **هەندێک** لە نمادەکان وەک خەنەبەندان، تارای بووک، ئاڵقـەی دەسـتگیرانـی، پشتێندبەسـتنی بـووک، سێو هەڵهاویشتن، ئاوینە، شەوشەمدانی، ڕەنگی جـل و بـەرگ و هتـد. پاشـان بـەڕێزان محەممـەد ئەسـەدی، ئەحمـەد بـەحری، سـەییدعەبدوڵڵا سـەمەدی، عەبـدولقادر نیـازی، هاجـەر پـەرویزنیا، هیـوا قارەمـانی، غـەفوور پیـرزادە، ڕەحـیم سـوڵتانی، خالـەق جەلیل نیژاد و... پرسیارەکانی خۆیان ئاڕاستەی کاک قاسم تاباک کرد و ڕاوبۆچوونی خۆیان لەمەڕ کۆنفڕاسـەکە و وتـەکانی ئـەو بەڕێزە دەربڕی و لە درێژەدا ئەویش بە نۆرە وڵامی هەر کام لە پرسیارەکانی بە تێروتەسەلی داوە.

لە دوا بەشی کۆڕەکەدا بە بۆنەی تێکۆشانی چەند سـاڵەی کـاک قاسـم تابـاک لـە ئەنجومـەن و هـەروەها هـەوڵی بێوچانیـان بـۆ نووسینەوە و بە تۆمارگەیاندنی **هەندێک** لایەنی کلتووری و خوێنـدنەوە لەسـەر ئۆسـتوورەلە وێـژەدا و هەروەهـا چەنـد کـۆنفڕانس لە ماوەی ئەم ساڵانی دوایـدا، ڕێزنامەی ئەو ناوەندە لە لایـەن بـەڕێزان؛ عـەزیز وەلیـانی ئەنـدامی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری مەهاباد، ڕەحیم سوڵتانی بەرپرسی ناوەندی فێرکاری سۆما، سەیید عەبدوڵڵا سـەمەدی نووسـەر و لێکۆڵـەری بـواری فەرهـەنگ و کلتوور، حوسێن حەیدەرپوور شاعیر، سەییدسمایل شاهۆیی شاعیر و خاتوو فەوزییە یاهوو نووسەر، پێشکەشی ناوبراو کرا.

پایزە شێعری مەهاباد



ڕۆژی چوارشەممۆ ڕێکەوتی ۱ی خەزەڵوەری ساڵی ۹۲ ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد لە ساڵۆنی ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی ئەم شارە ئێوارە کۆڕێکی لە ژێر ناوی "پایزە شێعر" بۆ شاعیرانی هاوچەرخی مەهابادی پێکهێنا.

سەرەتای کۆڕەکە پێشکەشکاری بەتوانا "پێژمان ئیسماعیلنیژاد" لە لایەن خۆی و دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەنجومەن، بەخێرهاتنی هەموو بەشداربووانی کۆڕەکەی کرد بەتایبەت شووڕای شار، نوێنەرایەتی شارەدار، دەبیری کۆمیسیونی فەرهەنگی شووڕا و سەرجەم شاعیران و هۆگرانی وێژە و ئەدەبیی کورد. پاشان داوای لە ئەندامی بەڕێزی ئەنجومەن "هیوا قارەمانی" کرد بۆ ئاڕاستەکردنی پەیامی ئەم ناوەندە.

گرووپی هاژەی موکریان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان:

ئەرسەلان قانعزادە بە ئامێری تونبەک/ ئەمیر ڕەحمەتی بە ئامێری عوود/ ڕامین ڕەبیعی بە ئامێری سەنتوور/ بابەک کەدخودا بە ئامێری ویولۆن/ بەهمەن مەولوودی بە ئامێری شمشاڵ/ سابیر قەلەندەری گۆرانی بێژ

لە سەرەتای کۆڕەکەدا بۆ ماوەی ۲۰ خولەک چەند ئاهەنگێکیان پێشکەشی ئامادەبووان کرد. پاشان پێشکەشکاری سەرەکی کۆڕەکە ڕایگەیاند کە کۆڕی پایزەشێعر لە چوار پاڕ پێکهاتووە و وەک پاڕی یەکەم بۆ خوێندنەوەی شێعر ناوی ئەو بەڕێزانەی ڕاگەیاند، هەروەها دەورگێڕی ئەم پاڕە هەرمان وەتمانی بوو، بەڕێزان ڕەحمان پەناهەندە بە ئامێری فلووت، جەلال هەیبەتی بە ئامێری هارمۆنیکا و عەلی شەریفی بە ئامێری گیتار، هاوڕێیەتی شاعیرانیان کرد:

عەزیز فازلی/ گەلاوێژ بەیگ نیا/ زانکۆ خەلیفە/ ئەبووبەکر عەزیزان/ مەحموود محەممەدیان/ سالار ڕاهەوی/ کەریم خزری/ جەلال ئەحمەدی.

لە پاڕی دووەمدا بە دەورگێڕی شەویار گولابیئازەر و هاوڕێیەتی ژەنیاری پیانۆ؛ دیاکۆ وەتمانی ئەم بەڕێزانە شێعریان **ئاڕاستە** کرد:

قاسم موئەییەزادە/ ڕەسوولّ کەریمی/ سەییدسمایل شاهۆیی/ حوسێن حەیدەرپوور/ قاسم تاباک/ هەژار ئیوەر/ هاجەر پەرویزنیا/ جەلال پوورحەسەن

لە بەشی سێهەمدا بە دەورگێڕی هەرمان وەتمانی و هاوڕێیەتی ژەنیاری باغڵەمە؛ سۆران پوورعەلی موکری ئەم شاعیرانە شێعریان خوێندەوە:

ناسر ئاغابرا/ عەبدوڵڵا گولابی/ ڕەسووڵ ئامادەپوور/ محەممەد فەهیمی/ رویا ئاسیابان/ سولەیمان پیرۆتی/ ڕەسووڵ ڕەشئەحمەدی/ ڕەحیم سوڵتانی

لە دوای پاژی سێیەم چەند خولەکێک پشوودان ڕاگەیاندرا. پاشان پێژمان ئیسماعیلنیژاد هاتەوە سەر تریبوون و ناوی بەشداربووانی پاژی چوارەمی بە دەورگێڕی شەویار گولابیئازەر و ژەنیاری پیانۆ دیاکۆ وەتمانی ڕاگەیاند:

سەیید سمایل بەرزەنجی/ سامان ئەحمەدزادە/ مامۆستا مەلا عەلی قادرپوور/ فەرهاد سالّحی فەڕ/ ناسر مینا/ قادر نیازی/ حوسێن ڕەحیمی/ محەممەد ئەسەدی



لە دوابەشی بەرنامەکەدا بەڕێزان کامران یەزادانفەڕ ئەندامی شووڕای شار، سەلاح پایانیانی دەبیری کۆمیسیونی فەرهەنگی شووڕا، سولەیمان محەممەدیانی نوێنەرایەتی ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشاد، حاجی جەلال وەتمانی بەرپرسی مەجمەعی ئوموورى سێنفی مەهاباد، مامۆستا مەلا عەلی قادرپوور، ئاغای مەولوودپوور، عومەر ڕەسووڵی، عەلی ڕێبوار و نوێنەرایەتی کتێبخانەی ڕووناکی موکریان هاتنە سەر سێن و ڕێزنامەی شاعیران و هونەرمەندان و ئیسپانسێر و یارمەتیدەرانی بەرنامەیان پێشکەش کرد و بەم جۆرە کۆڕەکە لە کەشوهەوایەکی شاعیرانەدا کۆتایی پێهات.

دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد پڕ بە دڵ سوپاس و پێزانینی خۆی ئاڕاستەی سەرجەم ئەو بەڕێزانە دەکات کە هەر کام بە جۆرێک لە پێکهێنانی ئەم کۆڕەدا دەوریان هەبووە بەتایبەت بەڕێزان؛ سامان ئیرەمی کە ئەرکی دیکۆڕ و نووری بەرنامەی لە ئەستۆ بوو، کاک هیوا قارەمانی کە نووسینی پەیامی ئەنجومەنی وەئەستۆ گرت، کاک غەفوور پیرزادە کە ماندووبی نەدەناسی و بە گیان و دڵ تێکۆشی، کاک سەلاح پایانیانی کە پشتیوانمان بوو، شارەداری خۆشەویست موهەندیس کوردستانی و بەرپرسی مەجمەعی ئوموورى سێنفی حاجی جەلال وەتمانی، خاتوو سەحەر مێهرەبانی، کاک سەلاح خزری، فەوزییە یاهوو، شۆڕش مەحموودی، سالار ڕاهەوی، پێژمان ئیسماعیلنیژاد، ئومید خاکپوور، ئیبڕاهیم ئیبڕاهیمی و سەرجەم ئەندامانی خۆشەویستی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد.

وەرگرتنی مۆڵەتی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد



ئەندامانی بەڕێزی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد، لایەنگرانی هونەر و وێژەی کوردی

بە کەیفخۆشییەوە ڕادەگەیەنین کە دوای ماوەیەکی دوور و درێژ و تێکۆشانێکی یەکجار زۆر، توانیمان ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد بە نێوی ((موسسەی فرهنگی و هنری، ادبی مکـــریان مهاباد)) واتە ((بنکەی فەرهەنگی و هونەری، ئەدەبی موکریانی مەهاباد)) بە ژمارەی تۆماری ۹۰ و ناسنامەی نەتەوەیی (شناسەی ملی): ۱٤۰۰۳۷۵۹۸۱۸ لە ڕێکەوتی ۱۳۹۲/۸/۱۳ ی هەتاوی‌دا لە یەکـــەی تۆماری شەریکەکان و بنکە نابازەرگانییەکان، ئیدارەی سەبتی ئەسنادی مەهاباد، بە ناوی بەڕێزان؛ جەلال پوورحەسەن و غەفوور پیرزادە تۆمار بکەین. هەر بەو بۆنەوە پیرۆزبایی‌یەکی گەرمووگوڕ لە هەموو لایەک دەکەین و هیوادارین بنکە لە درێژەی چالاکییەکانی‌دا سەرکەوتووتر بێت و لە پێناو خزمەت بە چاند و وێژەی گەلەکەمان‌دا هەموو هەوڵی خۆی بدات.

هەروەها بەو بۆنەوە سپاس و پێزانینی خۆمان ئاڕاستەی بەڕێزانی ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی مەهاباد و بەتایبەت ئاغای سولەیمان محەممەدیانی، بەڕێزانی ئیدارەی ئیرشادی ورمێ و بەتایبەت خانمی شاهوسێن‌زادە، بەڕێزانی ئیدارەی سەبتی ئەسنادی مەهاباد و بەتایبەت ئاغای عەزیمی و دەستـــــەی بەڕێوەبەری هەنووکەیی ئەم ناوەندە و بەتایبەت هەرمان وەتمانی دەکەین، کە لە پێناو بە ئەنجامگەیاندنی ئەو کارەدا بە هەموو شێوازێک یارمەتیدەرمان بوون.

بە سپاسەوە

دەستەی دامەزرێنەری بنکەی فەرهەنگی و هونەری، ئەدەبی موکریانی مەهاباد

بەشداری تاقمێک لە ئەندامانی بنکە لە خاوێن کردنەوەی سرووشتی بەندەوی مەهاباد ـ ۲۳ی ڕەشەممەی ۹۲



ڕێوڕەسمی کرانەوەی فەرمی بنکەی موکریانی مەهاباد



ڕۆژی چوارشەممۆ ڕێکەوتی ٢٠ی سەرماوەرز سیوچوارەمین کۆڕی حەفتانە و یەکەم کۆڕ لە ژێر ناوی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد لە ساڵی ٩٢ ی هەتاوی‌دا لە لایەن بەڕێوەبەرانی ئەم ناوەندە؛ هەرمان وەتمانی و شەویار گولابی‌ئازەر دەستی پێکرد. بەپێی ڕاگەیاندراوی پێشوو، ئەم کۆڕە تەرخان کرابوو بە "ڕێوڕەسمی کرانەوەی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد" هەر بۆیە لە سەرەتادا بەڕێزان؛ قاسم موئەییەدزادە و ڕەسوڵ ڕەش ئەحمەدی بە نوێنەرایەتی لە لایەن ئەندامانەوە بە هەڵپاچینی ڕووبانی سوور دەرگای بنکەکەیان کردەوە. پاشان شەویار گولابی‌ئازەر بە خوێندنەوەی شێعرێکی خاتوو مریەم قازی کوڕەکەی دەست پێکرد. هەرمان وەتمانی وەک بەرپرسی ئەنجومەن، بەخێرهاتنی هەموو میوانان و ئەندامانی بنکەی کرد و خۆشحاڵی خۆی لەهەمبەر ئەم ڕۆژە پیرۆزە دەربڕی. لەم کوڕەدا چەند کەس لە سەر ڕەوتی پێشووی ئەنجومەنی ئەدەبی و ڕێگەی داهاتووی بنکەی موکریانی مەهاباد دوان کە سەرەتا سوڵەیمان محەممەدیانی نوێنەری ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی مەهاباد بە شیکردنەوەی چوارچێوەی دەسەڵات و چالاکییەکانی ئەم بنکەیە بەڵێنی ئەوەی دا کە لە پێناوی خزمەت بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی ئەوەی لە دەستیان بێت کەمتەرخەمی نەنوێنن. پاشان ئەحمەد بەحری سەردەبیری گوڤاری مەهاباد لە چەند خولەکێکدا وتەکانی ئاڕاستەی بەشداربووان کرد و لە بەشێک لە وتەکانی‌دا داوای لێک تێگەیشتنی دوو بەرەی پێشوو و ئێستای هێنایە بەرباس و هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ ئەم ناوەندە خواست. بەڕێزان عەزیز وەلیانی ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری مەهاباد و دکتور خالەق جەلیل‌نیژادیش هەر کام بە نۆرە لە سەر هەوڵ و تێکۆشانی بەرەی نوێ دوان و زمانی نەتەوەیی و ئاماژە بە کارنامەی زێڕینی تێکۆشەرانی ئەم ناوەندە لە وتەکانیان‌دا جێی تێڕامان بوون. پاشان ئەندامانی دامەزرێنەری بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد جەلال پوورحەسەن و غەفوور پیرزادە هەر کام بە نۆرە سوپاس و پێزانینی خۆیان دەربڕی بەرامبەر ئەو کەسانەی کە لە پرۆسەی بە تۆمارگەیاندنی بنکەدا هەوڵ و تێکۆشانیان هەبووە و هەروەها داوایان لە بەرەی ڕابردوو و بەسالاچوو کرد کە جارێکی تر لە کۆڕی حەفتانەی ئەم ناوەندەدا بەشداری چالاکانەیان هەبێت و ببنە مایەی دڵگەرمی بەرەی نوێ بۆ خزمەتی هەرچی زیاتر بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی وڵاتەکەمان. دواتر چەند خولەکێک پشوودان ڕاگەیاندرا و میوانداری لە بەشداربووانی کۆڕەکە کرا. بەڕێزان قاسم موئەییەدزادە و عەبدوڵڵا گولابی هەر کام بە خوێندنەوەی دوو شێعر کۆڕەکەیان زیاتر ڕازاندەوە و سرنجی ئامادەبووانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا. پاشان کۆڕەکە بە گرتنی وێنەی یادگاری و لە کەشوهەوایەکی دۆستانەدا کۆتایی پێهات.

کۆڕێک بۆ حەیران لە مەهاباد



بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد (ئەنجومەنی ئەدەبی) بە هاوکاری ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی مەهاباد ڕۆژی چوارشەممۆ ڕێکەوتی ١٦ی ڕێبەندان، کۆڕێکی تایبەتی بۆ حەیران ڕێکخست. ئەم کۆڕە کە بە بەشداری هونەرمەندان، ئەدیبان، ئەندامانی شووڕا، شارەداری و ئیدارە پەیوەندیدارەکان پێک هاتبوو هەر کام لەم هونەرمەندانە بە نۆرە بەرنامەیان پێشکەش کرد: بەهمەن مەولوودی و ئەبووبەکر غەریب نەواز (تەک نەوازی شمشاڵ و زەرب)، عەلی گڵێنانی (حەیران ــ گۆرانی) ، ئەحمەد حەیران (حەیران ـ گۆرانی) و سەلاح خزری (حەیران ـ گۆرانی) جێگای ئاماژەیە بەڕێزان هەمزە شەریفی بە ئامێری نایە و ئەبووبەکر غەریب نەواز بە ئامێری زەرب و بەهمەن مەولوودی بە ئامێری شمشاڵ هاوڕییەتی حەیرانبێژیان کرد. هەروەها لە بەشێک لە بەرنامەدا بەشداربووان شاهیدی هەڵپەڕکێ جوانەکان گرووپی هەڵپەڕکێی سابڵاغ بوون. جێگای ئاماژەیە لەم کۆڕەدا پەیامی بنکە لە لایەن شەویار گولابی ئازەر خوێندرایەوە و بەشی کۆتایی بەرنامە تەرخان کرابوو بە پێشکەشکردنی خەڵات و ڕێزنامەی هۆنەرمەندان. دەستەی بەڕێوەبەرایەتی بنکەی موکریانی مەهاباد پڕ بە دڵ سوپاس و پێزانینی ئاڕاستەی گشت ئەندامانی و هەموو ئەو کەسانەی کە بۆ وەڕێخستنی ئەم کۆڕە لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک دەریخیان نەکردووە بەتایبەتی: کاک سولەیمان محەممەدیانی، سامان ئیرەمی (نوور و دێگۆڕ)، پێژمان ئیسماعیل نیژاد (پێشکەشکار)، کەیوان مەولوودزادە، غەفوور پیرزادە، عەتا ڕۆشەنزادە، ئیبڕاهیم ئیبڕاهیمی، ئومید خاکپوور، پۆڵا ئاغاز، جەلال ئەحمەدی، سۆران پوورعەلی موکری، شاهین شاولە، شیرکۆ ئاسیابان، ڕێبین بەرزەنجی، سەلاح خزری، سەحەر مێهرەبانی، سەیران چووپان، زێنەب بابایی، ساهی و...

نەوالێنامەی کتێب

دیداری بەڕێز عوسمان ئەحمەدی نوێنەری خەڵکی شاری مەهاباد لەگەڵ ئەندامانی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد



ئێوارەی ڕۆژی سێشەممۆ ڕێکەوتی ۲۹ی ڕێبەندان بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد بە بەشداری تاقمێک لە ئەندامان، شاعیران، نووسەران و ئەدەبیانی شار و هەروەها نوێنەری گروپی شانۆی ئەهوورا و نوێنەری چالاکانی بواری سینەما و فیلم لە سالۆنی ئامفی تەئاتری ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشاد، میواندار ی لە نوێنەری شار لە پارلەمانی ئێراندا؛ بەڕێز ئاغای عوسمان ئەحمەدی کرد.

سەرەتای کۆڕەکە بە خوێندنەوەی شێعرێک لە لایەن پێشکەشکاری بەرنامە قاسم تاباک دەستی پێکرد، دواتر لە لایەن هەرمان وەتمانی بەرپرسی بنکەی موکریانی مەهاباد بە ناوی ئەم ناوەندە بەخێرهاتنی میوانان و بەشداربووان کرا و لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچان و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی بنکەی موکریانی مەهاباد کرد و هەروەها لە سەر ڕوانگە و بیر و باوەڕەکانی ئەم ناوەندە لە هەمبەر هەوڵدان بۆ گەشەی زمان و فەرهەنگ و وێژە و کلتوور دوا و بە ناوی ئەم ناوەندەشەوە پێداگری کرد لەسەر پتەوکردن و گرێدانی پردی پەیوەندی نێوان ئەم بنکەیە و ئیدارە و ناوەندە پەیوەندیدارەکانی ناو شار، بەتایبەت نوێنەری شار و هیوای خواست لەمەوبەدوا نە تەنیا دەبێ ئەم نەریتە باوە بشکێت بەڵکوو لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەمبەر بنکەی فەرهەنگی و هونەری و ئەدەبییەکانیدا وەک سەردان و گوێڕایەڵکردن بە کێشە و گرفت و لەمپەرەکانی سەر ڕێگایان و هەروەها ئەم دیدارانە ببێت بە پردێکی نەپسانەهاتوو و درێژەدەر...

پاشان شەویار گولابیئازەر بە نوێنەرایەتی لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەری بنکەی موکریانی مەهاباد ڕاوبۆچوون و ڕەخنە و پێشنیارەکانی ئەم ناوەندەی لە چەند خاڵی دیاریکراودا پێشکەشی بەشداربووان و نوێنەری شار بەتایبەتی و شاندی یاوری کرد؛ سەرەتای وتەکانی بە هێنانە بەرباسی چەرخەی داڕمانی گەلان لە کاتی لە دەستدانی پێوەندی فەرهەنگی، ئینسانی، ئەشقدەرنەبڕین و خۆشەویستی و دڵسۆز نەبوون و هەروەها بایەخنەدان بە پرسە پێویست و گرینکەکانی ژیان و کلتووری خۆیان و ناڕێکی ناپەیوەندییەکانیدا کرد و دواتر بابەتێکی ورووژاند لەسەر تێگەیشتن، پێگەیشتنی لە پشتە. لە پێگەیشتندا دەستکەوت و ئامانجەکان چۆن دەدرەوشێنەوە، خرایە بەرباس و شڕۆڤەکردن. پاشان لە بەشێکی تری باسەکەیدا ئاماژەی کرد بە مێژووی پاراو و ڕەسەنی وێژە و کلتوور و فولکلۆر و زمانی ناوچەی موکریان و هاوکات لەگەڵ بەرزنرخاندنی مێژووی پاراستنی لایەنە جوانەکانی گەشەی فەرهەنگی و کلتووری ئەم ناوچەیە، گلەیی و گازەندەیی سەبارەت بە هەڵوێستەنەگرتنی قانوونمەندانەی نوێنەری بەڕێزی شار لەهەمبەر فەرهەنگستانی زمانی فارسیدا دەربڕی و ئاماژەی بە دەوڵەتی تەدبیر و ئومێد کرد کە ئومێد بگاتە چڵەپۆپەی درەوشانەوە و دەستکەوتی باشی فەرهەنگی لێبکەوێتەوە.

بەڕێز دوکتـۆر ناسـر جەلیـلـنیژاد بە نـوێنەرایەتی لە لایەن ئەنـدامانی بـنکەی موکریـانی مەهابـاد چەند بـابەتێکی بەنرخـی هێنـا بەرباس و لێکۆڵینەوە و دواتر ئاماژەی بە چوار لووتکەی شوێندانەری نووسـەرانی چەرخەی گەردوون لە چـوار قۆناغی جیـاوازی جیهانیدا کرد کە چەندە شوێندانەر و پۆلّی گرینگیـان هەبـووە لە ئـاڵوگۆڕ پێکـهێنـان و داڕێژەری قـانوون و یاسـای وڵاتەکـانی خۆیاندا و لە درێژەی باسەکەیدا بابەتی زمانی ورووژاند و ئامـاژەی بە پۆلّـی گرینگـی یاسـایی و جێگەوپـێگەی بەڕێزی نـوێنەر کرد لە هەمبەر دەستئاوالّایی و هەڵوێستی یاسایی سەبارەت بەم پرسە گرینگەدا.

پاشان هەر یەکە لە بەڕێزان ئومید خاکپوور و جەمالّ تەئید سەبارەت بە کیشە و گرفتەکانی سـەر ڕێگـای شـانۆ و سـینەما دوان و پەردەیان لە سەر لەمپەرەکانی سەر ڕێگایان هەڵدواە و سەرەڕای ئەم هەمووە هێزە کـارایە و دەسـتەبەرکردنی چەنـدین پـلە لـە فستیوالّەکانی پارێزگا و وڵات و نێودەوڵەتی شانۆیی‌دا، هەمیسان گرینگی‌نەدان بە پرسی شانۆ و سـینەما لەم نـاوچەدا یەکـێ لە گرفتەکـانی سـەرەکی ئەم دوو بەشـەیە. پاشـان تریبـون تەرخـان کـرا بە بیسـتنی وتەکـانی بەڕێـز ئاغـای ئەحـمەدی؛ بەڕێزیـان هاوکات دەگەڵ دەربڕینی خۆشحالّی خۆی سەبارەت بە دانووستان و دیـالۆگ دەگەڵ شـاعیران، نووسـەران، ئەدیبـان و هەروەهـا بنکەی موکریانی مەهاباد، ئاماژەی بە هەوڵ و تێکۆشـانی خـۆی لە پارلـەمان‌دا کـرد و نەشـی شـاردەوە کە سـەبارەت بە پرسـی فەرهەنگ و وێژە و هونەر تاکوو ئێستا کەمتەرخەمی کراوە و بەڵێنی دا ئاوڕی باشتر و شیاوتر لەم بوارەدا بداتەوە.

دواتـر دەورگێڕانـی کـۆڕ؛ قاسـم تابـاک و شـەویار گوڵاب‌ئـازەر میوانـداری بەڕێزیـان کـرد بـۆ بەڕەوڕووکـردنەوەی پرسـیارەکانی بەشـداربووان کە لە ڕێگـای نووسـراوەوە ئاڕاسـتەی نـاوبراو کرابـوو، بەڕێزیـان زیـاتر لە کاتژمێرێـک بە ڕوویەکـی گەش و ئـاوالّا و سەبر و حەوسەلەوەوە وڵامی پرسیار و ڕاو بۆچوونەکانی بەشداربووانی داوە و دواتـر لە ڕێگـای تریبوونەوەشـە ڕێگـا درا بە چەن بەڕێزێک لە بەشداربووان وەک بەڕێزان؛ ناسر ئاغابرا، ئەرشەد هەنارە بەڕپرسـی ئیـدارەی فەرهەنـگ و ئیرشـادی مەهابـاد، خـاتوو مریەم قـازی، غەفـوور پیـرزادە، سـامان ئێرەمـی، سـەحەر مێهرەبـانی، گەلاوێـژ بەیگـنیـا، ئەبـووبەکر عەزیـزان، ئومیـد خـاکپوور، محەممـەد فـەهیمی و غـەفوور پیـرزادە ڕا و پێشـنیارەکانی خۆیـان ڕاشـکاوانە دەربـبـڕن و لە لایەن بەڕێزیشـیان وڵامـی تـایبەت درایەوە. هەروەها لەم کۆڕەدا خەڵاتێکی سێ میلیۆنی بۆ بنکەی موکریان و خەڵاتێکی دوو میلیۆنی بـۆ گرووپـی شـانۆی ئەهـوورا ڕەچـاو گیـرا و دواتـر بەڕێزیـان ژووری تـایبەتی دانیشـتنەکانی هەر دوو ناوەنـدی بەسـەر کـردەوە و لە نـزیکەوە ئاگـاداری کەموکوورییەکان کرایەوە و بەڵێنی دابینکردنی کتێبخـانەیەکی گەورەتـر و زیـادکردنی پەنجاە سـەندەڵی تـری دا کە بـۆوە هـۆی ڕەزامەندی و دڵخۆشی بەشداربووان و ئەندامانی ئەم دوو ناوەندە. کەشوهەوایەکـی دۆسـتانە و گەرمگـوور بـوو بە کۆتایی‌هـاتنی ئەم کۆڕە.

[پێویست بە ئاماژەیە بە ناوی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد سپاس و پێزانینمـان هەبـێ بـۆ هەمـوو ئەو کەسـانەی کە لە ڕێکخسـتنی ئەم کـۆڕەدا هـاوڕێ و هاوکارمـان بـوون بەتـایبەت بەڕێـز پـۆلا ئاغـاز (کە ئەرکـی ڕێکخسـتنی دیدارەکەی لە ئەستۆ بوو) ، سپاس بۆ کاک سەید کەمالّ ئاغاز (کە هاوکـار و ڕێکـخەری پێوەنـدیـیەکانمـان بـوو) و هەروەهـا سـپاس بـۆ ئیـدارەی فەرهەنـگ و ئیرشـاد و سـپاس بـۆ ئەنـدامانی بنکەکەمـان کە بەردەوام ماندوویی‌نەناسـانە هاوڕێیەتیمـان دەکەن].

کۆڕی ئێوارە چیرۆک لە مەهاباد بەڕێوە چوو



ڕۆژی چوارشەممۆ ڕێکەوتی ١٤ ی ڕەشەمە، بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد (ئەنجومەنی ئەدەبی) کۆڕێکی لە ژێر ناوی ئێوارە چیرۆکی مەهاباد بۆ چیرۆکنووسانی ئەم شارە پێکهێنا.

کاتژمێر ٤ ی ئێوارە دەرگای سالۆنی ئامفیتەئاتر بە ڕووی میوانان و هۆگران ئاوەڵا کراوە، سەرەتای کۆڕەکە بە دەستپێکی کورتە دراماییەک لە دەرهێنان و ئەکتەری ناسراو؛ سامان ئێرەمی کە ئاوێتەی موسیقی و گۆڕانییەک بە دەنگی عەلی مەردان کرابوو بێدەنگی سالۆنی لە ئاپۆرای چەپڵەڕێزان و خۆشحاڵیدەربڕینی گشتی سەبارەت بە نومایشکرانی کورتە دراماکە بزاوت و پێشکەشکاری بەرنامە بەڕێز "پۆڵا ئاغاز" ی ڕاکێشا پشتی تریبوون هەتاکوو بە ناوی بنکەی موکریانی مەهاباد بەخێرهاتنی میوانان و لایەنە جۆراوجۆرەکانی بەشداربوو بکات، دواتر شەویار گوڵابیئازەر بە نوێنەرایەتی لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتی، چەن وتەیەکی لەسەر شێوازی پۆلێنبەندییەکانی چیرۆک و لە بەرچاوگرتنی پێناسە و قەوارەکانی کورتەچیرۆک و کورتیلەچیرۆک هێنا بەرباس و چۆنیەتی ڕەچاوگرتنیان و پاشان سەبارەت بە ئەرکەکانی بنکە لە ڕاستای چیرۆک و چۆنییەتی هەوڵەکانی هەمەلایەنە بۆ بە زانستیبوون و بە هونەریگەیاندن و گەشاندنەوەی ئەم ژانرە ئەدەبییە لە ناو بنکە و چیرۆکنووسانەدا و دواتر لە لایەن پێشکەشکارەوە هەر جارەی تریبوون تەرخان دەکرا بۆ چیرۆکنووسانی بەشداربوو هەتاکوو چیرۆکەکانی خۆیان ئاڕاستە بکەن وەک بەڕێزان؛ سەدیق ڕەسوولّی، مریەم قازی، گەلاوێژ بەیگنیا، زێنەب بابایی، قاسم موئیەدزادە. پاشان بۆ زاخاوی مێشک،ساتێک پشوودان ڕاگەیاندرا و دوابەدوای ئەو، هونەرمەندانی گرووپی موسیقای "سیتاوک" لە شاری ورمێ کە بریتی بوون لە بەڕێزان ئێحسان ئایینفەر، فەرهاد مەجدیفەر، نەجات هەنارە، فریا مستەفانیژاد بە هونەری گورانی و پەنجە زێڕینەکانیان، کۆڕەکەیان ڕۆتر ڕازاندەوە. لە درێژەی بەرنامەکەدا، چیرۆکنووسانی هێژا بەڕێزان؛ شیرین ئەمینی، غەفوور پیرزادە، لەیلا نووڕانی، کوردستان گوڵابیئازەر، چرۆ پەرویزنیا و خاتوو سەروەتی سەفا بەرهەمە چیرۆکەکانیان ئاڕاستەی بەشداربووان و هۆگران کرد. پاشان پۆڵا ئاغاز ناوی چەن کەسایەتێکی وەک بەڕێزان؛ سولەیمان محەممەدیانی (بەرپرسی بەشی فەرهەنگی ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشاد) ناسر ئاقابرا (شاعیر)، ڕەحیم سولّتانی (بەرپرسی فێرگەی سۆما)، دکتور جەلیلنیژاد (مامۆستای زانکۆ)، خاتوو مریەم قازی (چیرۆکنووس و لێکۆڵەر)، هەرمان وەتمانی (بەرپرسی بنکەی موکریانی مەهاباد) بە نوێنەرایەتی لە ناو بەشداربووانی سالۆنەوە، بانگهێشتی سەر سێن کرد بۆ پێشکەشکردنی خەڵاتی ڕێزلێنان لە چیرۆکنووسان و هونەرمەندانی بەشداربوو.

ڕێوڕەسمی کرانەوەی پێشانگای خۆشنووسی



ڕۆژی دووشەممۆ ١٩ی ڕەشەمەی ساڵی ٩٢ ی هەتاوی لە نیگارخانەی تالاری وەحدەتی شاری مەهاباد، پێشانگای خۆشنووسی لە ژێر ناوی "بوی باران" واتا بۆنی باران بە سەرپەرشتی هونەرمەندی بەڕێز کاک ئازاد مەحموودی بە بۆنەی پێشوازی لە وەرزی بەهار و نەورۆز کرایەوە. لەم پێشانگایەدا پتر لە ٥٠ تابلۆ لە تازەترین کارەکانی ئەو بەڕێزە و ٣٢ بەرهەم لە ١٤ خۆشنووسی بەتوانای مەهابادی کە لە ژێر چاوەدێری بەڕێز ئازاد مەحموودی قۆناغەکانی خۆشنووسیان تێپەڕ کردووە بە نمایش دەرهات کە لەودا چەند تابلۆیەکیش لە شێعری شاعیرانی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد لە لایەن هونەرمەندانی خۆشنووسەوە، هاتبووە سەر تابلۆ و بە نمایش داندرابوون. هونەرمەندانی خۆشنووسی بەشداربوو بریتی بوون لە: عەلی عەبدالّی، دلّشاد ئوسلووب، لەیلا نادری، سارا فەخری پاد، ئیسماعیل عیززەت خا، یۆسف بەهرامی، تاهیر دەرۆێش زادە، شەبنەم عەبدولّلا، ئەسعەد گولابی ئازەر، ڕەحمان بەیگی پوور، سارا ئاقایی، حەسەن قەرەنی و جەمالّ عەبدولّلاهی.

ئەم پێشانگایە لە ڕێوڕەسمێکدا بە بەشداری کۆمەلّێک لە هۆگران و ئەدیبان و شاعیران و هونەرمەندان و بەرپرسانی ئیدارەی شاری مەهاباد و شارەکانی دەوروبەر و هەروەها ئەندامان و بەڕێوەبەرانی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد، بە خستنە ڕووی ڕاپۆرتێک لە لایەن عەلی عەبدالّی دەبیری بەڕێوەبەری پێشآنگا و خوێندنەوەی شێعر و چەند وتەیەک لە لایەن بەڕێز ئازاد مەحموودی و دیکلەمەی شێعری نەورۆز لە لایەن هونەرمەندی کەم تەمەن موژگان ئوسلووب و ئیجڕای موسیقی لە لایەن بەڕێزان؛ ڕامین ڕەبیعی و ئەرسەلان قانع زادە و بەخشینی خەلاتی هونەرمەندان، کرایەوە.

جێگای ئاماژەیە ئەم پێشانگایە کە بە هاوکاری شارەداری، شووڕای شآر، بنکەی موکریانی مەهاباد (ئەنجومەنی ئەدەبی) و ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشاد پێک هاتووە تا ٢٥ی ڕەشەمە لە تالاری وەحدەتی شارەداری مەهاباد بەردەوام ڕووی هۆگران کراوەیە.

بۆ یەکەم جار لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتیدا لە شاری مەهاباد پەردە لە سەر کتێبێک هەڵدرایەوە.



ڕۆژی هەینی بەرامبەر لەگەڵ یەکی نەورۆزی ۱۳۹۳ی هەتاوی کاتژمێر ۱۱:۳۰ی بەیانی لە سالۆنی وەحدەت بۆ یەکەم جار لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتیدا لە شاری مەهاباد پەردە لە سەر کتێبێک هەڵدرایەوە. ئەم کۆڕە کە بە هاوکاری بنکەی موکریانی مەهاباد (ئەنجومەنی ئەدەبی مەهاباد) و بنەماڵەی بەڕێزی سۆفیزادە پێک هاتبوو، تەرخان کرابوو بۆ پەردەلادان لەسەر کتێبە شێعری "دیوانی ئەهلی دڵ" (دەساتیر) لە پێنووسی بەڕێز ساکار سۆفیزادە ناسراو بە موحیبی مەهابادی، لەم کۆڕەدا کۆمەڵێکی بەرچاو لە شاعیران، نووسەران، ئەدیبان و کاربەدەستانی شار وەکوو (فەرماندار، شارەدار، ئەندامانی شووڕای شار، نوێنەری شار لە پارلەمان، بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی و...) ئامادە بوون. سەرەتای کۆڕەکە پێشکەشکاری لاو "پێژمان ئیسماعیل نیژاد" وێڕای بە خێرهاتنکردنی گشت میوانەکان و پیرۆزبایی جێژنی نەتەوەیی نەورۆز داوای لە بەڕێز قاسم موئەییەدزادە ناسراو بە هەڵۆ کرد بۆ ئاڕاستەکردنی وتارێک کە وەک پێشەکی بۆ ئەم کتێبە نووسیویانە. پاشان پەیامی بنکەی موکریانی مەهاباد لە لایەن ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی، شەویار گولابی ئازەر خوێندرایەوە و لە بەشێک لە پەیامەکەدا وێڕای پیرۆزبایی ئەم هەنگاوە پیرۆزە هیوای ئەوەشی خواست کە ئەم ڕەوتە بەردەوام درێژەی هەبێت و بێگومان بنکەی موکریانی مەهاباد دەرگای ئاوەڵایە بۆ پشتیوانی و هاوکاری لەگەڵ هەموو نووسەران و ئەدیبانی شآر بەگشتی. هەر لەم کۆڕەدا بەڕێز کەریم سۆفی مەولوودی وتارێکی فارسی لە سەر شێعرەکانی نووسەری کتێب پێشکەشی ئامادەبووان کرد. دوا بەشی بەرنامە تەرخان کرابوو بە هەڵپاچینی ڕووبانی سووری پێشانگا و پەردەلادان لە سەر کتێبی "دیوانی ئەهلی دڵ" لە پێنووسی بەڕێز ساکار سۆفیزادە ناسراو بە موحیبی مەهابادی. جێگای ئاماژەیە پێشانگای تابلۆ شێعر و فرۆشی کتێبی "دیوانی ئەهلێ دڵ" ۱ تا ٦ی خاکەلێوە لە نیگارخانەی تالاری وەحدەتی مەهاباد بەردەوام بوو.

دیوانی ئەهلی دڵ کە خاوەن ۷۱۵ شێعرە لە خۆگری کۆی غەزەل و قەسیدەکانی شاعیر ساکار سۆفیزادە ـ یە کە لە نێوان ساڵەکانی ۷۷ تا ۹۱ی هەتاوی هۆنیویەتەوە و بە پێشەکی بەڕێز قاسم موئەییەدزادە لە کۆتایی ساڵی ۹۲دا لە چاپ دراوە.

شەوە شێعری مەهاباد بە بەشداری شاعیرانی هاوچەرخ



بـنکەی فەرهەنگـی و هـونەری ئەدەبـی موکریـانی مەهابـاد (ئەنجومـەنی ئـەدەبی مـەهاباد) مـاوەی چەن مانگێـک لە هەوڵـی وەڕێخسـتنی شەوەشـێعرێکدا بـوو کە سـەرئەنجام دوای هەوڵ و تێکۆشـانی بەرپرسـان و بەڕێـوەبەرانی ئەم ناوەنـدە (هـەرمان وەتمـانی و شـەویار گولابیئـازەر) لە ژێـر نـاوی شەوەشـێعری مەهابـاد بە بەشداری شاعیرانی هـاوچەرخ لە شـارەکانی بـانە، بیجـار، سـنە، دیوانـدەرە، سـەقز، بۆکـان، مەهابـاد، نەغەدە، پیرانشـار و سەردەشت شەوی سێشەممۆ ڕێکەوتی ۲۰ ی جۆزەردانی ۱۳۹۳ی هەتاوی لە سالۆنی وەحدتی مەهاباد لە نێـو ئـاپۆرای زیـاتر لە هەزار کەس بەڕێوەچوو.

لەم کۆڕەدا کە بە هاوکاری شووڕای ئیسلامی شاری مەهاباد و ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشـادی ئیسـلامی ئـەم شـارە بـەڕێوە چـوو سـەرەتای کـۆڕ بە ماڕشـی سـرودی میللـی و خوێنـدنەوەی چەن ئایەتێـک لە قورئـانی پیـرۆز دەسـتی پێکـرد. پاشـان پژمـان ئیسماعیلنیژاد پێشکەشکاری بەرنامە بە نـاوی خـۆی و بـنکەی فەرهەنگـی و هـونەری ئەدەبـی موکریـانی مەهابـاد بەخێرهـاتنی میوانان و بەشداربووانی کرد و سپاس و پێزانینی ئەم ناوەندەی ئاراستەی هەمـوو لایەنە پێوەندیدارەکانی ئیـداری و ئۆرگانەکـان کرد پاشان داوای لە بەڕێز سەید ڕەسـوولّ نەبەوی بەرپرسـی کۆمسـیۆنی فەرهەنگـی شـووڕای ئیسـلامی شـار کـرد کـورتەیەک لە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان سەبارەت بە بواری فەرهەنگ و ئەدەبی شـار بهێنێـتە بەرباس و لێـدوان. بە دوای ئەم کـورتە باسـەدا تریبـون تەرخـان کـرا بـۆ وتەبێـژی بـنکەی فەرهەنگـی و هـونەری ئەدەبـی موکریـانی مەهابـاد بەڕێـز دکتـور خـالەق جەلیـلنیژاد هەتـاکوو پەیـامی ئەم ناوەنـدە پێشکەشـی ئامـادەبووان بکـات. دواتـر بە خوێنـدنەوەی نـاوی شـاعیرانی پـاژی یەک، سـرنجی بەشداربووان بۆ لای شێعر و سەمای وشە و دنیـای سـێحراوی ئەوین و خۆشەویسـتی ڕاکێشـرا کە شـاعیرانی بەشـداربوو بریتـی بوون لە:

حوسـێن حەیـدەرپوور، ڕەسـوولّ ڕەشئەحـمەدی، قاسـم موئـەییەدزادە"هەڵـۆ"، ژیـلا سـەفایی، فەرهـاد سـاڵحی فەر، گەلاوێـژ بەیگنیا، عەبدوڵڵا گولابی"هونەر"، جەلال پوورحەسەن، مەحموود محەممەیان، عەلیڕەزا قاسمی فەڕ.

لەم پاژەدا هونەرمەندانی پەنجەڕەنگین بەڕێزان؛ دیاکۆ وەتمـانی بە ئـامێری پیـانۆ، ڕامـین ڕەبیعـی بە ئـامێری سـەنتوور، سـۆران پوورعەلیموکری بە ئامێری باغڵەمە هاوڕێیەتی شێعری شاعیرانیان کرد.

دوابەدوای ئەم پاژە ڕیزی شاعیرانی پاژی دوو خوێندرایەوە کە لە خۆگری ئەم شاعیرە بەڕێزانە بوو: ناسر ئاغابرا، عوبێد سورخابی، جەلال ئیبڕاهیمی، عەزیز فازلی، هاجەر پەرویزنیا"ساهی"، سوبحی سەلیمی، جەلال ئەحمەدی، عەبدولقادر نیازی، سامڕەند ئەحمەدزادە، نێعمەتە ئاسیابان "ڕۆیا". لەم پاژەشدا هونەرمەندانی بەشی موسیقی بریتی بوون لە دیاکۆ وەتمانی بە ئامێری پیانۆ، ڕەحمانپەناهەندە بە ئامێری فلووت، عەلی شەریفی بە ئامێری گیتار.

دواتر بیست خولەکێک تەرخان کرا بۆ گوێ ئەسپاردن بە زایەڵەی موسیقی هونەرمەندی ناسراو و ڕێبەری ئۆرکێستڕای فلارمۆنیکی مەهاباد بەڕێز کاوە فەقێزادە کە بە هونەری پەنجە زێڕینەکەی واتە ژەنینی سەنتوور و هاوڕێیەتی هونەرمەندی هێژا؛ کاک ڕەحمەت ئیبڕاهیمیان بە ژەنینی ئامێری زەرب، ئەم بەشەیان لە بەرنامەکە ڕازاندەوە.

پاشان پاژی سێ دیاری کرا بۆ شێعری ئەو شاعیرە بەڕێزانە؛ ئەمین گردیگلانی، ڕەسوڵ ئامادەپوور"هێما"، سولەیمان پیرۆتی، شەویار گولابی ئازەر، مادی ئەرجومەندی، زانکۆ خەلیفە، قاسم تاباک، هەژار ئیوەر، شادی ئاڕامیدە، سالار ڕاهەوی، هاوڕێیانی بەشی موسیقی ئەم پاژەش بریتی بوون لە بەڕێزان؛ دیاکۆ وەتمانی بە ئامێری پیانۆ، هەژیر کۆکەیی بە ئامێری قانوون، سامان وەتمانی بە ئامێری سەنتوور.

دوا بەشی بەرنامە تەرخان کرا بۆ خەڵات و ڕێزلێنان لە شاعیران و هونەمەندانی بەشداربوو کە بە هاوڕێیەتی شارداری شار بەڕێز ئاغای کوردستانی، ئەندامانی شووڕای ئیسلامی شار، بەڕێز ئاغای ئەڕشەد هەنارە بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشاد، بەڕێز عەزیز وەلیانی بە نوێنەرایەتی لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری مەهاباد، نووسەر و ڕەخنەگر بەڕێز خاتوو مریەم قازی، بەڕێز هەرمان وەتمانی بەرپرسی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد، خەڵات بە سەر شاعیران و هونەرمەندانی بەشداربوودا، دابەش کرا.

لە کۆتاییدا بە ناوی بنکەی فەرهەنگی و هونەری ئەدەبی موکریانی مەهاباد سپاس و پێزانینمان پێشکەشی هەموو ئەم لایەنە پێوەندیدارانە دەکرێ کە بە دڵێکی ئاوالا و بەرفراوان بۆ ڕێکخستنی ئەم شەوەشێعرە هاوڕێ و هاوکارمان بوون بە تایبەت: ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی شاری مەهاباد، شووڕای ئیسلامی شار بەتایبەت سەید ڕەسوڵ نەبەوی، فەرماندداری مەهاباد، ڕەوابێت عمووومی شووڕا و شارەداری، گشت خەڵکی ئەدەبدۆستی شاری مەهاباد و هەروەها خۆشەویستان؛ سامان ئێرەمی دێکۆر و نوور، بەڕێز ئاغای سەیدی دەنگ، چاوەدێران و میواندارانی کە بریتی بوون لە بەڕێزان غەفوور پیرزادە، مەنسوور محەممەدئەمینی، فەرهاد عەڕەبی،کەیوان مەولوودزادە،کامڕان جولفا، کیان تالبپوور، عەلی عەبدالّی، جەمال تایید، گرووپی شانۆی ئەهوورا، پۆلا ئاغاز، دوکتوور جەلیل نیژاد، یاقوب خزری، قاسم تاباک، سامڕەند ئەحمەدزادە، جەلال ئەحمەدی، محەممەد عەبدولّلاهی، ڕەزا ئاغاز، یاسر مینا، فەڕشاد جەلالی، ڕەزا کاڕەشی، یوونس سەلمانی، بێهرووز ترشی، کامیار پازەند، پەیمان سەید ئەحمەدی، هیوا قارەمانی، سامان نەوزەری و بێهرووز جولفایئازەر و گشت ئەندامانی دڵسۆز و بە ئەمەگی بنکەی موکریانی مەهاباد.

دیدار لەگەڵ فەرمانداری نوێی شار بەڕێز جەعفەر کەتانی و نوێنەری شار بەڕێز عوسمان ئەحمەدی



ڕۆژی پێنجشەممۆ ٨ی جۆزەردان شاندێکی بنکەی موکریانی مەهاباد (ئەنجومەنی ئەدەبی) کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان کارگێڕی گشتی و ئەندامی دامەزرێنەری بنکە؛ غەفوور پیرزادە، بەرپرسی بنکە؛ هەرمان وەتمانی، دکتور خالەق جەلیل نیژاد و کاک قاسم تاباک لە کۆڕێکی تایبەتدا بە پێشکەشکردنی چەپکە گوڵی پیرۆزبایی سەردانی فەرمانداری مەهابادیان کرد.

لەم کۆڕەدا وێڕای پیرۆزبایی لە فەرماندارێ نوێ، بەڕێز جەعفەر کەتانی و ڕاگەیاندنی پەیامی خۆشحاڵی ئەندامانی بنکە بە بۆنەی ئەم هەڵبژاردنە، چەند خولەکێک باس لە کار و چالاکی و ئەرکەکانی بنکە کرا و فەرماندارێ نوێش، هیوای ئەوەی خواست کە بە هاوکاری و هاوفکری بنکەی موکریانی مەهاباد ئاستی پۆشنبیری و خزمەت بە لایەنە فەرهەنگی و کلتوورییەکان پەرەی زیاتری پێ بدرێ. هەر لەم کۆڕەدا کە نوێنەری بەڕێزی شار (بەڕێز عوسمان ئەحمەدی) ئامادە بوو وێڕای دەربڕینی پشتیوانی هەمە لایەنەی خۆی لە بنکە، جارێکی تر دووپاتی کردەوە کە ئامادەی هەر چەشنە هاوکارییەک و هاوفکرییەکە لەگەڵ شاعیران و نووسەران و ئەدیبانی شار و لە سەرەوەی هەموان بنکەی موکریانی مەهاباد.

ناردنی بروسکەی پیرۆزبایی و سەرەخۆشی بە بۆنەکانی جیاواز


ـ بروسکەی پیرۆزبایی ساڵی نوێ ـ ١١٦مین ساڵوەگەڕی ڕۆژنامەگەری کوردی بۆ گۆڤاری مەهاباد و...

ـ ناردنی پەیامی سەرەخۆشی بنکە بە بۆنەی کۆچی دوایی بەڕێزان: فەلەکەدین کاکەیی، مامۆستا شێرکۆ بێکەس، عەبباس کەمەندی، سمایل شەرافەتی، وەجدی حاتەم، هەروەها سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ئەندامانی بنکە وەک هەژار ئیوەر، عەبدوڵڵا گولابی، دکتور خالەق جەلیل نیژاد، هەژیر خالەندی و ئەمیر حەسەن پوور.

ـ به سەرکردنەوەی خاتوو مریەم قازی لە نەخۆشخانەی مەهاباد لە ڕێکەوتی ٢٤ی خەزەڵوەر لە لایەن بەڕێوەبەران و ئەندامانی بنکەوە.

ـ **تاقمێک** لە ئەندامان و بەرپرسانی بنکە بە هۆی نەخۆشی مامۆستا سەیید نەجمەدین ئەنیسی سەردانی بەڕێزیان لە ماڵەکەیدا کرد.





زنجیرە دانیشتنەکانی کافە کتێب ۲ی ڕەشەمە بە بەشداری سێ شاعیری مەهابادی بەڕێوە چوو



ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ۲ی ڕەشەمەی ۱۳۹۲ ی هەتاوی، کۆڕی کافە کتێب کاتژمێر چواری دوانیوەڕۆ بە بەشداری و خوێندنەوەی شێعرەکانی شاعیرانی مەهابادی، قادر نیازی، غەفوور پیرزاد، هەرمان وەتمانی، دەستی پێکرد.

لە پاژی یەکەمدا بۆ ماوەی بیست خولەک بەڕێز قادر نیازی بەشێک لە شێعرەکانی خۆی خوێندەوە و دواتر بۆ ماوەی سی خولەک لە لایەن بەشداربووانەوە باسێکی تێر و تەسەلی لە سەر کرا و خاڵی لاواز و بەهێزی شێعرەکانییان خستە ڕوو.

لە پاژی دووەمدا بەڕێز هەرمان وەتمانی بەشێک لە شێعرەکانی خۆی خوێندەوە و دواتر بۆ ماوەی سی خولەک لە لایەن بەشداربووانەوە شرۆڤەی لە سەر کرا و بەپێی دەرفەت ڕەخنە و پێشنیارەکان ڕووبەڕووی ئەو بەڕێزانە کراوە.

لە پاژی سێهەمدا بەڕێز غەفوور پیرزادە لە ماوەی بیست خولەکدا بەشێک لە شێعرەکانی خۆی خوێندەوە و دواتر لە لایەن بەشداربووانەوە ڕەخنە و پێشنیارەکان ئاڕاستەی کاک غەفوور کرا و بەو شیوەیە کۆڕەکە کاتژمێر حەوتونیو کۆتایی پێهات.

جێی ئاماژەیە کە ئەو نووسەرە خۆشەویستانەی کە لەو کۆڕەدا بەشداریان کرد و ڕەخنە و وتەکانییان پێشکەشی شاعیران کرد بریتی بوون لە بەڕێزان: کاک فەتاح ئەمیر، کاک ناسر وەحیدی، کاک یوونس ڕەزایی، مامۆستا شێرزاد، کاک سەدیق ڕەسوولّی، کاک ئازاد محەممەدیان، ئەرسەلان چەڵەبی، مەحموود محەممەدیان، جەلال نەججاپی، سولەیمان سۆفی سالّحی، کاک ئاوات نووڕانی، کاک کەمالّ کەریمی، کاک سۆران ئەولازادە، کاک محەممەد ڕەسوولّی و زۆر بەڕێزی دیکە کە وەکوو هۆگری شێعر و ئەدەبیاتی کوردی لەو کۆڕەدا بەشداریان کرد و بە شێوەیەکی زۆر گەرم و شاعیرانە کۆتایی پێهات.

سەرچاوە: فەیسبووکی ئەرسەلان چەڵەبی

هەواڵنامەی کتێب

دواییین کۆڕی بەڕێوەبەرانی (هەرمان وەتمانی و شەویار گولابی ئازەر) ٢٨ی جۆزەردان





به سیحری پەنجە چەم ڕامـــا لە مەشکیە

لە شەش دانگی هەبوون ڕازیم بە کەشکیە

لە گوڵخانەی ئەویـــن گوڵ دەم هەنارم

دڵـــــــــم ئاوێنەیە وریا بە نەشکیە

قادر لوتفیانی "ئازار"

هەوالنامەی کتێب